

# کوردایەتی
# بیری زیندووە

- کوردایەتی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا
- پڕۆژەیەک بۆ گفتوگۆ

ئامادەکردنی : فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

٢٧٠٦ کوردی

# کوردایەتی

# بیری زیندووە

## پرۆژەیەك

## بۆ گفتوگۆ

**بەشدارانی پرۆژە**

*کامیل ژیر

*محەمەد مەلا کریم

*د.جەمال نەبەز

*فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

لەزنجیرە بڵاوکراوەکانی بزافی رۆشنبیری سلێمانی
ژمارە( ١٠ )

**ناوی کتێب:** کوردایەتی بیری زیندووە...
**ئامادەکردن و نووسینی:** فوئاد محەمەد ئەمین سەراج
**تیراژ:** (1000)دانە
**ژمارەی سپاردن:** (٥٠٠) ی ساڵی ٢٠٠٦پێدراوە.
**پیت چنین و نەخشەسازی:** نزار عزت * زانا علی رشید
**نەخشەسازی بەرگ:** زانا علی رشید
**نۆبەکی چاپ:** یەکەم
**ساڵی چاپ:** ٢٧٠٦ ك - ٢٠٠٦ز
**چاپ و چاپخانەی بزافی رۆشنبیری سلێمانی**
**ئۆفسێت:** زانیار سەردار فەتاحی

****************************************

# پێشکەشە بە



❖ شەهیدانی نەتەوەکەم

❖ سەربەخۆخوازانی کورد

نووسەر
فوئاد محەمەد ئەمین سەراج
٢٧٠٦ک- ٢٠٠٦ز



## "کوردایەتی.. لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا"

نووسینی: فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج

(١)

بەسەرکردنەوەیەکی گشتگیرییە لە مێژووی بیری نەتەوەیی و نەیارانیدا، پرسە لەبەردەم حەقیقەتێکی پێشبینی کراوو غەفڵەتی ناعەقلانیەتی دید و بۆچونی ناحەزانیدا. درەوشانەوەی هەزری خۆری نەتەوەییە لە بزاڤی کوردایەتی و داهێنانا. داننان و سەلماندنی بیرمەندی و بیردۆزی هاوبیرانە بۆ دەستخستنەسەر فەنابوونی ( حەتمیەتی مێژوو بۆ [illegible] دەولبتاریا ) لە فەلسەفەی مادیەتیی مارکسینیزم، هەڵکردنی چرای دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ و پاراستنی بەهاو ئازادیەکانی ژیاری مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی زانست و زانیاری و سەرکەوتنی گشت گەل و نەتەوەکانی سەر زەمینە.

بیری نەتەوەیی خەسڵەتی تایبەتمەندی گەلانە .. بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکانیان، کە ئامانجی نزیك و دووریانە، ژیلەمۆی هەست و نەستی دەرونی ڕێبوارانی ڕێگای سەرفرازی و کاروانی خەبات و سەربەخۆیی و یەکسانی و ئازادیی هەموانە، بۆ پێکەوە ژیان لەژێر سایەی دروشمی تەبایی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی نەوەکانیانە، دەنگ و ڕەنگی گشت تاکێکی مرۆڤی وشیار و بوێرە، بەرامبەر خەیاڵاتی دوور لە واقیعی سەردەمە، وەزیفەی خودی ئەو دەرکەوتنانەیە.. بۆ توانەوەی پەشمەکی دێوجامەی دروشم و بۆچونە ناڕاستیەکانی سەردەم لە دووتوێیی ئەندێشەی بێبنەما زانستیەکان و هەقیقەتە مێژووییەکان.. لە نێو زهنی هەڵخەڵەتێنراوی ڕەشەبای فەریکە چەپ و ئایدۆلۆژیەکانی نێو کتێب و هزرە سەپێنراوەکانی لەدەرەوە هێنراو، لێدانی زەنگی بێداری و ڕاپەڕینی گەلانی نێو قەلای ئەفسوناوی بۆ ڕاچەنین و بەرخودان و سەربەخۆبوون، کۆتا بوونی دەسەڵاتە فریودارەکانی جەماوەر و گەلە

ستەمدیدەکانی سەردەمی نوێن، لە کەژی گۆڕانکاریەکان و هاتنی بای شەماڵی جیهانگیریدا، رووخاندنی دیواری بەرلین و نەمانی فەلسەفەی میکیاژکراو و ئارایشتکراوی ئەو کتێبولکانەی کە بووبوونە (تلیاکی گەلان) لەکاتێکدا (یەکێتی سۆڤیەت)- (رووگەی گەلان) لەبەردەم ڕاستیەکاندا پەرت پەرت بوو، دەیەها نەتەوە بەدەوڵەت بوون و بە شنەبای ئازادیی و سەربەخۆیی گەیشتن وەك دەوڵەتانی (بەلتیق) و ئوکرانیا ، جۆرجیا هتد ...

هەر لەم گۆڕانکاریەشدا ئەڵمانیای ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا بوونەوە بە یەك و یەکگرتنەوەیان بوو بە ڕاستیەکی مێژوویی و سەردەم.

کوردایەتیش بۆ ئێمە کە فەلسەفەی ژیان و هزری زیندوومانە، هەر لە دوای گۆڕانکاریەکانەوە نەخشی بزاڤی لەڕاپەڕین و بزوتنەوەکەیدا ڕۆحی دینامیکی و هەڵێسانی لێکەوتەوە، بەمە ئەو گۆڕانکاریەش بەدوای شکستی ڕژێمە فاشستەکانی ناوچەکەو لەیەك ترازاندانی هەموو هاوپەیمانیەکان و بەرژەوەندی داگیرکەران کەوتنە لێواری نەمانەوە، ڕوخاندنی دەسەلاّتە توندڕەو تاکڕەو و دیکتاتۆریەکان سیمای نەمانیان بۆ بڕایەوە وەك ڕژێمی فاشستی بەغا کە لەناو چوو، بەمەش چووە ناو زەلکاوی مێژووەوە. واتە کوردایەتی لە قۆناغێکەوە و لە ئەرکێکی مێژوویی وەك ئەمڕۆدا کە دووجەمسەری ئەما داگیرکەرانی کوردستانیش چیتر ناتوانن لەنێو خیتابی کوێرانەی خۆیاندا کوردایەتی و کورد لە بەرداشی خۆیاندا بهاڕن، ئەوا ئەمڕۆ لە دوێنێ جودایە و خۆری ئازادی لە کوردستان هەڵدێ و ئالاّی کوردستان هەڵکرا و سا لێردوە بۆمان دەرکەوت. کە ئەوانەی کوردایەتیان کردە فەلسەفەی مێژوو بۆ کورد باوەڕیان بەو هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنە هەبووە کە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا ڕوو دەدات، بۆیە هەمیشە دەیانوت با کەمیش بێ گرنگ نیە ئێمە دەزانین ڕووی ڕاستی بە بێژەنگی کون کون کراوی لەدەرەوە هێنراو نەگیراوە، ئەوانەی کە زانیان هیواو ئاواتی (سەربەخۆبوون) (مەحاڵ) نییە، (نەتەوەیی بوونیش تاوان نییە) ڕزگار بوونی کوردستانیش (خەون نییە)، بۆیە دەکرێت بەو بەناو (تەقەدومیانە) بڵێین سەرخەوی

خەواڵویان بشکێنن و گۆڕ بۆ ئەو ناهەقی و ناڕاستیانە هەڵکەنن , بەو دیدو بۆچونە دەمارگیری و ئەقڵیەتی دیکتاتۆرانەی بیر ئەزۆکانە ئەڕۆن بەڕێوە, کە کوردایەتییان بە گاڵتەجاڕی و بە قۆناغی نادیاری و ناسرووشتی زەمینەی بوون دەزانی.

ئەوەتانێ بۆ خۆیان بوونە تابووتو لەبەردەم سەدەی نوێدا چۆکیان دادا و بەرەو کۆتایی چوون ئەوەشی خاوەنی فەلسەفە و بیری داڕێژراوی کوردایەتی و هزری وشیاری بوون و ڕابەری ئەو ڕێبازە بوون لە کاروانی خەبات و تێکۆشانا قوربانی دوێنێ و ئەمڕۆ بوو بە گیانی پێشمەرگە و شەهیدانی کوردستاندا کە مژدەی سەرفرازی لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەخۆدا زایەڵەی زەنگی لێئەدا و لەژێر ئاڵای شەکاوەی پیرۆزی کوردستاندا ئەمری بۆ شەهیدان و سەرکەوتن بۆ ڕێبوارانی دەدا. ئەوا دەڵێت:

" کـــــردەم جێی داخ نییە
کوردایەتیم قۆناغ نییە "

هەر بژین بۆ کورد
١/٥/٢٠٠٦ز - ٢٧٠٦ك

## پرۆژەیەك بۆ گفتوگۆ

(٢)

+ لەساڵەکانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لەنێو کایەی باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەدا هەندێ ڕاستی هاتە پێش کە بەلای چەندانێکەوە بەخەویش نەدەبینرا، دوای شۆڕشی (١٤ ی گەلاوێژ ی ساڵ ١٩٥٨ز) کەژی چەپایەتی شاڵاوو هاڵاوی لێهەڵدەستا، هەرگیز بیر لەو بنەما و یاسا نەتەوەییانە نەدەکرایەوە کە بەرژەوەندی نەتەوەیی لەخۆ دەگرت بەڵکو وڵات لە نێو سیاسەتێکی دوور لە واقیع دەبرا بەڕێوە. بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیش بەر ڕەشەبای ئەو هزرە باوە کەوتبوو، بۆیە دوو جۆر بۆچوون سەری هەڵدابوو، ئەوانەی لەنێو گۆمی چەپایەتیدا مەلەیان دەکرد، هەموو بەرژەوەندیەکی نەتەوەیان بە کۆنەپەرست و بە دەسکرد و دواکەوتوویی دەدایە قەڵەم، بەوپەڕی هێز و دەسەڵاتەوە دژی دەوەستان. مەبەستیان بوو پەیامی کوردایەتی لەنێو گۆڕ بخەن. بەرەی دووهەمیش کە بەگیانی نەتەوەخوازیەوە سەری هەڵدا و هزری کوردایەتیان کردە چرای نەوەکانی و مەشخەڵی ڕێگا پشاندەری ئەو ڕاستیانەی کە دەبێت کوردیش ئازاد و سەربەخۆ بژی و خاکی لە دەستی داگیرکەران و نۆکەران پاك ببێتەوە. نوقڵانەی ئەو بیرە دیاردەی ئەوە بوو بەرژەوەندی نەتەوەیی بخرێتە سەرو هەموو بەرژەوەندیەکانەوە. جا بەهەر هۆ و مەبەستێکی دیار و نادیارەوە کە کوردستان بەسەر چەند دەوڵەتییێکی جودا جودادا دابەش کراوە بە هاوپەیمانی و بڕیاردانی دەوڵەتە زلهێزەکانەوە. دەبێت کوردستان لە دەستی ئەو داگیرکەرانە دەربهێنرێت. هاوبیرانی نەتەوەیی لەو ڕاستیانە گەیشتبوون کە هەڵگرتنی بیرێك، دەبێ بۆ سەربەخۆیی و ئازادی بێ ڕێگای خەباتی بۆ بگرێتە بەر، کورد لە پەراگەندەیی و هەڵوەشاندنەوەی جەستەی نەتەوە و نەتەوایەتی و کەلتور و زمان و باری ئابوری بگەڕێنێتەوە ناو ئامێزی کورد و خاکی کوردستانەکەی. هەرچەندە لەو سەردەمەدا بیرمەندانی کورد کەم بوون بەلام بیرفراوانی بیرەکەیان لەئاست ڕاستی بێژ بوون، کەچی بەداخەوە بەر لەوەی داگیرکەرانی کوردستان بێنە دەنگ و بەرەنگاری ئەم

بانگەوازە ببنەوە بەرەیەك بەناو مرۆڤدۆستی و پێشكەوتووخواز كەوتنە پەلار هاویشتن و پڕوپاگەندەی ناشیرین و ناماقوڵ و زامدار كردنی گیان و هەست نەستی كوردایەتی..

ئەو تاقمانەی سەردەمانێ كوردیان بە كەم و هیچ دەزانی گاڵتەیان بە بزاڤی نەتەوەكەیان دەكرد و دەیانووت (كورد كورتە,(كورد نابێت بە هیچ) (كورد و تاید و بەس) یان لە نێو كۆڕ و گروپەكاندا تەنز ئامێزانە هاواریان دەكرد

- بابە كوردستان بە ئێمە ڕزگار ناكرێت , كوردستان چوار پارچەیە ئێمە یەك پارچەمان بۆ ڕزگار ناكرێت ئینجا (چوار).

بەلام هەر ئەوانەش دەهۆڵژەن و زوڕنا ژەن بوون بۆ (حە تمیەتی – مێژوو – بەرەو (نانەتەوەیی – ئوممەیەت سووشیالیزم) ی مادی لێنەداو. ئەو خەیاڵانەیان بە ڕاست دەزانی كە هەموو جیهان لەنێو بۆتەیەكدا كۆبكەنەوە و بیتوێننەوە و بیكەن بەیەك, ئەمە بەپێی ئەو فەلسەفەیەی كە خۆیان باوەڕیان پێی بوو واتە لە (مانفیستی كۆمۆنیستیدا) لەسەر دەستی بیرمەند (كارل ماركس) و هاوڕێكەی بەرجەستە كرابوو بۆیە پێیان ئەستەم بوو. ئەگەر یەكێك بیوتایە (كوردستان موڵكی كوردە) كورد دەبێت لە خاكی خۆیدا ئازاد و بەختیار بێت لەسایەی ئاشتی و دیموكراتیەت و یەكسانیدا بژین, ئەوانە هەر زوو دەكەوتنە خۆ و شەقامەكانیان گڕ ئەدا و قەڵەم ڕاگەیاندنەكانیان وەكو پاچ و داس و چەكوش بە مقەست و دەرزی ئاژنی جەستەی كوردایەتییان دەكرد و هەڵدەچوون و تووڕە دەبوون هەر بەو هۆیەوە عەگالیان لەسەر دەنا و بەتە پلو فیكە لێدانەوە هاواریان لێ بەرز دەبووە وە.

كۆمەڵێ پەیا بووە لە كەوش و كڵاش
سەلامی (خوایان) كردووە بە شەوباش
پـــــــــــاشـــــەوپـــــاش
تاكـــە كـــڵاش عـــــــەنتەڕنـــاش

ئەم دروشمە هێنی ئەو کۆمەڵە (تەقەدومیانە) بوون کە هەرگیز بڕوایان بە (خوا)ش نەبووە بەڵام لەبەر خاتری ئەوەی جنێوێك بە (کورد و کوردایەتی و هاوبیرانی ئەو ڕێبازە بدەن) ئەم جنێونامەیەیان پێخۆش بووە تا دژایەتی خۆیان دەرببڕن. هاوبیرانی نەتەوەیی خاوەن پەیامی پیرۆزی کوردایەتی هەر زوو زانیویانە بەر لە بڵاوکردنەوەی بیر و فەلسەفەی (کوردایەتی) کێ لە دژیان ڕادەوەستێ و "کێ ی پێ سەغڵەت و تەنگەتیلە دەبێت" بۆیە هەمیشە سڵیان لەو دژایەتیە و لەو بەرەنگاربوونەوەیە نەکردۆتەوە. گەرچی لەو سەردەمەدا کە نەتەوەی کورد بەدەست دواکەوتوویی و ستەمی داگیرکەران و فەزای ڕەشەبای ئەم چەپەتیەوە وە سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە کە سیاسەتی دژواری و بێویژدانی و بێ مافی بەدەست دەوڵەتە زلهێزەکانەوە نەیان ناڵاندو. وە بەچاوێکی هەقپەرستانە ڕەچاوی مافەکانی لێنەدەکرا. ئەو وشیاری و وریایی و ئامادەیەش نەبوو کەوا هەروا بە ئاسانی ئەم هزرە قبوڵ بکرێت. کوردایەتی بکاتە سونبولی خەبات و تێکۆشان بۆ خۆی هەر بیرمەندانی کورد لەوباوەڕەدابوون کەلەو ڕۆژگارەدا ئەبێ هەنگاوی خێرا و بەپەلەی بۆ بنرێت چونکە سەرکەوتن بۆ ئەم فەلسەفە و بیرە کەرێگایەك بێت بۆ مرۆڤی دانا و ژیر بێت خاوەنی خۆی دەبێت و ئاوات و ئامانجی ڕۆڵەکانی بێنێتە دی.. پێشبینی نەتەوەییەکان ئەوەی سەلماند کە چەند نەتەوەکەیان لەدەستی ئەم و ئەودا بێت. لە گۆڕەپانی هەردوو دەوڵەتی جەمسەردا بێت. بە نەفسانەی تەلیسمی برایەتی و پێکەوەژیانی کورد و داگیرکەرەوە پێکەوە لکابێ ئەوان بە ناڕەوایان دەزانی بۆیە بردنی سەرووەت و سامانی کورد و بەکارهێنانی لەلایەن دەستە باڵاکانی ئەو ڕژێمانەوە بە ناهەقی و ماف خواردنی سامانی نەتەوەیمانەوە بەستنەوەنمان بە ئاین و کەلتوری ئەو نەتەوە داگیرکەرانە بۆ خۆی پێشێلکردنی هەموو مافەکانی مرۆڤ و ئەنجامدانی سیاسەتی شۆڤێنی و کۆنەپەرستی و چەوساندنەوەی گەلەکەمانە.

ململانێ ی نەتەوەییەکان و ئانەتەوەییەکان ڕەنگدانەوەیەکی لەمێژووی بزاڤی نەتەوەیمانا خوڵقاند. بگرە دەتوانین بڵێین شێوەیەکی ئەدەبیاتی سیاسی نوێی ی

هێنایه گۆڕێ هەر لەوێوە نیگای خستەسەر دایلۆگ کردن و پەخشنامەکەیی بیرۆکەیی وبیردۆزی و خولیای رۆشنبیران و سیاسەتمەداران و رووناکبیران, گەڕانەوەمان بۆ هەڵدانەوەیی ئەو بابەتانەی کە لەو سەردەمەدا لەدەرگای ئەقڵ و وشیاری و هزری ئێمەیدا تیشکێك بوو, بۆ پرۆژەکە لەسەر فەلسەفەی کوردایەتی و هزری نەتەوایەتی لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا, کە لەنامیلکەی (کوردایەتی) مامۆستا (کامیل ژیر)ە و بە پێشەکی بیرمەندی کورد (د. جەمال نەبەز)ە دەستپێدەکات. خوێندنەوەیی ئەو نامیلکەیە کە لە دووتوێی دەربڕینی پەیڤ و ناوەڕۆکی هۆنراوەکاندا نەخشی کوردایەتی لە ڕستە و ووشە و مەبەستەکاندا ڕەنگی داوەتەوە, (د. جەمال نەبەز) یش بە وردی و بە هوشیاری و بەبڕشتەوە شیکردنەوەیەکی فەلسەفی بۆ کوردایەتیەکەی (کامیل ژیر) و ناوەڕۆکەکەی بۆ خوێنەر و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ڕوونکردۆتەوە هەر لەوێدا دەڵێ (خاوەنی ئەم بیرە و هاوبیرانی ئەم ڕێبازە ڕەنگ بێ لەمڕۆدا کەم بن و ناحەز و دوژمن زۆر بن بەس, من دەڵێم مەسەلەی بیر و باوەڕ بەکەم و زۆری نیە, ئەم بیرەی ئێمە بیری هەموو کوردێکی بەشەرەف و تێکۆشەر و نەتەوەیی و خەباتگێڕو ڕووناکبیرە بیری پێشمەرگە و هاوبیرانی شەهیدی ئەم بیرو باوەڕەیە.. چونکە بیری ئێمە نە قۆناغە و نە لەبەرژەوەندی توێژاڵێك.. و چینێك.. و.. گرووپێکدایە, بەڵکو هینی نەتەوەیەکی بەشبەشکراوی زوڵم لێکراوە, کەواتە هیوا و ئامانجێکی دوورە دیارە بڕواشمان بە سەرکەوتنی خۆمان و ئەم بیرەش هەیە, بۆ خزمەتی نەتەوەکەشمان و سەرجەمی مرۆڤایەتی, لە وڵاتێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکسانیدا لەژێر ئاڵای کوردستان و ئاشتی و پێکەوەژیانی ڕۆڵەکانی وە ئەوانەشی لەگەڵمانا دەژین.

هەر بەدوای دەرچوونی ئەم کتێبەدا بەڕێز مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) لە کتێبێکی شانزە لاپەڕەیدا لەژێر ناوی: (کوردایەتی) ی (کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاّ کردنەوەدا) نوسینێکی توندی نووسیوە و هاوبیرانی بەوە تاوانبار کردووە کە

چێژ له هزر و فەلسەفەی( عروبە )وەردەگرن, نیگاش دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەو نووسین و شیعرانە هینی ئەوە نین ئەمڕۆ ڕوناکی ببینن.!!

بەڕاستی من نامەوێت لە ناوەڕۆکی سەرجەمی ئەو نامیلکەیە بدوێم بەڵام تەنیا داخ بۆ ئەوە دەخۆم. لە دامێنی لاپەڕە سیانزەدا لە دێڕی پێش کۆتاییدا کە زاراوەی (ساویلکەکانی نەتەوەکەم ) بەکاردەهێنێت کە لەمکاتەدا بۆخۆی لەنێوان پێشبینی هاوبیران و کاك کامیل و جەمال نەبەز کە دەڵێت (مەگەر ساویلکەکانی لای خۆمان ئەمە بڕوایان بێت )

یاشە : مامۆستا ( بەداوای لێبوردنەوە ) کێ ساویلکە بوو؟ کێ ساویلکە دەرچووە!؟ یاشە.. چۆن مرۆڤی خاوەن بیر و فەلسەفەی ئەم مەقولەیە کە دەڵێ ( مرۆڤ گەورەترین سەرمایەیە ) بەرامبەر کەسانی بیرمەند و ڕۆشنبیر و خەمخواری کورد و ئاسۆی سەربەخۆیی ئاوا قەڵەم بخاتە سەر کاغەز.. تۆ بڵێیت ئەوانە ساویلکە بن..؟ یان سەرمایەی گەل و میللەتن.؟

هەروەها بەدوای ئەو نامیلکەیە د.جەمال نەبەز لەکتێبی (کوردایەتی.. بزوتنەوە و بڕوا و ڕژێمە ) لەژێر ناوی (نووسینی زەردەشت ) وەڵامی (ئەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتییدا ) بەچاپ گەیاند, کە ئەو دەمە دەنگدانەوەیەك و هەژانێکی گەورەی لەناو گۆڕەپانەکەدا دروستکرد, کە کۆمەڵێ دیدوبۆچوونی نوێی فەلسەفەی کوردایەتی پرشنگداری تیا خستەڕوو, و لەسەر بنەمایەکی فەلسەفەی نەتەوەیی بە زانستانە وەڵامی سەرجەم دیدوبۆچون و ئاڕاکانی دراوەتەوە, گەرچی هەندێ جاریش ((د. جەمال نەبەزیش ) تەنز نامێزانەش پەلاری خۆی هاویشتووە )

بیری کوردایەتی کە لە ( پەیامی کاژیکنامەدا ) واتە (کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتی کورد ) تەواوی نەخشەی نەتەوەییەکانی لە ئامێز گرتووە و بانگەوازی هزر و فەلسەفەی کوردایەتی تیا دراوە, پەیامی کوردایەتی بەئاشکرا وەك خیتابێکی

ئەتەوەیی ڕوون هەموو بنەماکانی بۆ مامۆستا ( محەمەدی مەلا کەریم ) و هاوڕێکانی شیکردۆتەوە.


ئەوەی لە کاژێکنامەدا هاتووە زۆر لە پێشبینیەکانی هاتنە دی. کەچی ناحەزانی ئەو بیرە بە هەموو هەنگاوێکی ئەوان هەڵدەچوون.. ئەگەر ئەوان داوای خوێندن و ڕۆشنبیری و خوێندەواریان بکردایە بیان کردایە بەیاداشتێ بۆدەسەڵاتدارانی ئەو کاتە, خێرا ئەوانە دەماریان ڕەق و ئاوساوو توند دەبوو دەنگیان لێ بەرز دەبووە وە دەیانگوت ( مەعاریفی کوردستانی ) چی, بڵێن ( مەعاریفی قلیاسان ) ئێوە وەرن بڕوانن ئەوانە کۆمەڵێ داوای ڕەوای بواری پێشکەوتن و ڕووناکبیری و زانستی بوون کەچی بەداخەوە لەلای کۆمەڵێك و چەند کەسێکی لەخشتەبراویش ئاوا پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا وەك لەو سەردەمە و لەم سەردەمەی دواییشدا کە گوێمان بەو کەڕەنایە شل بووە کە هەندێ هاوبیری خۆشمان هەندێ قسەی بزڕکاندبوو, کە ئەوانە هیچ نەبوون تەنیا کۆمەڵێ ڕۆشنبیر بوون, ئەی باشە برا ڕۆشنبیرنەبن ڕووناکبیر نەبن, ئەی دز و جەردە و پیاوکوژ بن, خۆ هەر لەسەرەتایی شەستەکانەوە بوو لەلای چەند دەنگێکی کەوە بەوە تاوانبار دەکران کە گوایە ئەوانە "کوردکوژەن". چاکە خۆ بەدرێژایی ئەم ٣٠ – ٤٥ ساڵەی ڕابردوو بینیمان تێگەشتین کە کێ کوردکوژەوماڵوێرانکەری کورد و هاوپەیمانی نێو بەرەکانی ڕژێمەکانی عیراق و دەوڵەتانی تر بوونە !! داوا ڕەواکانی هاوبیران هیچیان ئەوەندەی تۆزقاڵێ زەرەری بۆ مەبەستە پیرۆزەکە نەبووە, جگە لەوەی گەڕان و هەوڵدان بۆ ئاسودەیی و سەربەخۆیی و ئازادی وڵات نەبێت, کە کوردیش هەقی خۆیەتی بە مافە سروشتیەکانی خۆی بگات. ئیتر گوناهە تۆش وەك کوردێك و ڕۆشنبیرێك دژایەتی بکەیت و خۆشحاڵی خۆت دەرببڕی بەرانبەر هاوپەیمانێتی نێوان ( عێراق و – یەکێتی سۆڤیەت )ی ئەو دەمە کە لە سونگەی ستراتیژیەتی بەرژەوەندیەکانەوە یەکدەگرن بۆ لێدانی کێشەکەی تۆ, جارێکی کە بەداخەوە کە بەڕێز مامۆستا ( محەمەدی مەلاکەریم ) لە ساڵی ١٩٧٢ دا لە ڕۆژنامەی ( هاوکاری )دا لە وتارێکی درێژ و بەجۆشەوە پیرۆزبایی لەو هاوپەیمانێتیە دەکات

خێراش لە ناوەڕۆکی وتارەکەدا هێرشێکی نارەوا دەکاتەوە سەر نەتەوەییەکان و دەڵێت (هەندێ کەس وەك کەڵەشێری سەر بارەدار وان کە جاروبار قوقەقوقیان دێ با لەمەودوا قڕوقەپ کەن) جا نازانم مامۆستا ئەمەی لەیادە یان نا باشە بۆ دەوڵەتێکی زلهێزی ئەو کاتەو ڕژێمێکی (بەعسی فاشی گۆڕبەگۆڕ) ئەو خۆشییە بۆ بداتە دەست (مامۆستا محەمەد) و شایی و لۆغانی بۆ بکا، کەوا لەسەدا سەد ئەو پەیمانە ستراتیژیە بە زیانی کورد و خودی خۆی گەڕایەوە، یان ئەگەر بەرەیەك بەناوی (بەرەی نیشتمانی عیراقی) یەوە دروست بووبێ بە پێ ی تاکتیکی ڕژێمی ڕووخاو ئەو کاتە هەر (نانەتەوەیی — تقد می) بوو خێرا دەستی بەچەپڵە و پیرۆزبایی بەنەمانی کۆنە پەرستی و بە پێشکەوتنخوازی دەدایە قەڵەم نێمە هەموو ئەو ئەزمونە تالانەمان چێشت بۆ یە حەزدەکەم بۆ ڕۆشنبیران و ڕووناکبیران دەرگایەك والا کەم لە ڕوانگەی مێژوویی بزاڤی نەتەوەیی و ئەرکی نەتەوییەکان وە پێشبینیەکانیان بەڕووناکی بخەمە بەر دیدەیان بۆیە ئەم پڕۆژەیەم هەڵبژارد بەمەبەستم زانیوە کە جێبەجێ و بکەم کە داواش لە هەر سێ بەڕێزان (مامۆستا کامیل ژیر، د. جەمال نەبەز، مامۆستا حەمەی مەلا کەریم) بکەم کە بەدەنگمەوە، بێن و ڕێگام پێبدەن بۆ سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ئەم سێ کتێبە و لەگەڵ دید و بۆچوون و هەڵوێست و بیروڕای نوێیان، کە ئەم کتێبەدا بڵاریان بکەمەوە سەبارەت بەو گۆڕانکاریانەش کە لە جیهان و ناوچەکەدا بەدیهاتوون و دێن وە فەلسەفەی بیری کوردایەتی بوو بە هەوێن و پەیام و بەرنامە جیهانیش بووە گوندێکی گەورە جیهانگیریش بووە فەزایەکی سەردەم. ئەوا ئەمڕۆ لەژێر سایەی ئاشتی و تەبایی و دڵسۆزانی ناوەندی ڕۆشنبیری بزاڤی ڕۆشنبیری (چاپخانەی بزاڤ) ئەم پڕۆژەیە بە چاپ دەگەیەنم، بۆ بەرفراوانکردنی ئەم پڕۆژەیە لەلایەن نێوەی دڵسۆز و بیرمەند و خاوەن قەڵەمی بەپێز بە بەشداری گەنجان و لاوانمان گەشاوەتر بکەین و ئەوانیش بۆ ئەمڕۆ شتی نوێ بدرکێنن، و لەگەڵ دوێنێدا بکەونە دایلۆگ کردن و بۆ ئەمڕۆ خەرمانەیەك لە گفتوگۆ بڕێژێننە دەریای ڕۆشنبیریی، و خیتابی سیاسیمانەوە، تا خزمەت بە بزاڤی نەتەوەیی گەلەکەمان

بکات و بەرەو دەوڵەت بوونی کورد و گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادیی کوردستانەوە هەرکەسێك بیەوێت بەشداری ئەم پرۆژەیە بکات, ئێمە بەهەند وەری دەگرین و رێز بۆ قەڵەم و دیدو بۆچوونەکانی دادەنێین و دەگرین و لە پرۆژەی داهاتوومانداا بڵاوی دەکەینەوە. چاوەڕوانی بەرهەمیانین.

هەر بژین بۆ کورد

**فوئاد محەمەد ئەمین سەراج**



١٩٦٠

# کوردایەتی

## کوردایەتی بیر و باوەڕمانە
## ئامانجی نزیك و دوورمانە

١٩٦٠ز ٢٥٧٢ ك

# کوردایەتی بزووتنەوەو بڕواو ڕژێمە

نووسینی: زەردەشت

نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری
فەلسەفەی کوردایەتیدا

۱۹٦۰ز ۲٥۷۲ك

# کوردایەتی

نەبزووتنەوەی پەروەرشی

نووسینی [illegible] دەشت

نەخشەرەنگوەرگەی حەمەی مەلا کەریم لەسەر زنجیری

فەلسەفەی کوردایەتی دا



**نووسینی: کامیل ژیر**

کوردایەتی :بیرو باوەڕەو بەرزترین بیر و باوەڕمانە.کوردایەتی: ئامانجەو ئامانجی نزیك و دوورمانە.کوردایەتی: رژێمەو رژێمی گونجاوی پاشەڕۆژمانەکوردایەتی یەکسانی یەو هەموو کوردێك لەسایەیدا چوون یەك ئەژین.کوردایەتی مرۆڤایەتییەو بەیەك چاو ئەڕوانێتە هەموو نەتەوەکانی سەر زەمین. کوردایەتی :ڕاستییەو ڕاستییەکی چەسپیوی هەمیشەیی نەمری بێ هاوتایە. کوردایەتی : بزوتنەوەیە و بزوتنەوەیەکی بێ ووچانی ڕێك و پێکی ئازادی خوازانەی هەتا هەتایە.کوردایەتی خودا پەرستی و بێزیانی و ئاشتیخوازی و دۆستایەتی دۆستپەروەرانە. کوردایەتی : چالاکی و جەربەزەیەتی و لەخۆ بوردن و فیداکاری و بەرپەرچ دانەوەی زۆردار و داگیر کەرو هێرش هێنەرانە.کوردایەتی : سەربەستی و سەربەخۆیی و خۆشەویستی و رەوشت پاکی و بەختیاری ژیانە..ئەم دیوانە پێشکەشە بە شاگردانی ئەم بیر و باوەڕە پیرۆز و جوانە.

**کامیل ژیر**

## بەناوی خوای گەورەو مەزنەوە

## چەند وشەیەك

جەمال نەبەز

ئەم كۆمەڵە هۆنراوەیەی ژێر، بەلای منەوە نموونەی هۆنراوەی دوارۆژمانە. جا كەئەڵێم نموونەی هۆنراوەی دوارۆژمانە، وەنەبێ بتوانم بڵێم هۆنراوەكانی لەهەموو ڕوویەكەوە لەچ پایەیەكی هونەردان. یان زات بكەم ڕای خۆم دەربڕم بەرامبەر ڕادەی بەرزی و نزمی ئەم هۆنراوانە، لەباری ووردەكاری بیر و خەیاڵەوە. یان ڕێكی و ناڕێكی كێش و لەنگەرەوە ( * ). تا بەپێ ی ئەوە، نەخشەیەكی سنووردیار بۆ دوارۆژی هۆنراوەكانی ژێر لەم لاینەوە بكێشم. چونكە ئەوەی ڕاستی بێ من بەش بەحاڵی خۆم شاعیر نیم و بەهرەی هۆنراوە ڕێكخستنیشم نییە. لەبەرئەوە هەر لەئێستاوە ئەم لایەنەی هەڵبەستەكانی ئەسپێرم بەو شۆڕەسوارانەی ئەسپی خۆیان لەم مەیدانەدا تاو ئەدەن. با ئەوان هەست و ویژدانی خۆیان بخەنە كار بەچاوێكی بێ كینەو لانەگیرەوە لێی بكۆڵنەوە و فەرمانی بەسەردا بدەن.

### ئەی جابۆچی ئەبێ ئەم هۆنراوانە لەچاوی مندا نموونەی هۆنراوەی دوارۆژ بن......؟

ئەوەی من بیزانم، لەبارەی هۆنراوەو نوسینەوە، ئەوەیە هیچ شاعیرێكی ڕاستەقینە، بگرە هیچ نوسەرێكی تەواو، نەلەبەرڕبوورە و نەلەژێر باری زۆرەملێدا هۆنراوەی بۆ ڕێك ئەخرێ، یان بەرهەمی نوسینی باشی نەبێ. بەڵكو ئەبێ هۆیەك هەر هەبێ كار بكاتە سەر هەست و هۆشی ئەو شاعیرەو كوورەی دەروونی جۆش بدات. ئەو حەلە هاڵاوی ئەو گرەی لەدەروونیدا پۆندی خواردوەتەوە، لەشێوەی چەند ساز و ئاوازێكی ڕێكوپێكی ڕستكراوی خۆشا خۆی ڕانە پسكێنێتە دەرەوە، كەئێمە بەو ئاوازە خۆشە ئەشنە بەخشانە ئەڵێین هۆنراوە. جا لەبەرئەوەی شاعیریش یەكێكە لەم خەڵكە و خەڵكیش هەموو یەك بیر و یەك گیان و یەك دڵ نین، بەڵكو جۆرجۆرو دەستەدەستە و چین چینن و هەر دەستەیەش سەر بە بیروباوەڕێكی تایبەتی و شەیدای خەیاڵ و كەڵكەڵەیەكی جیان، دیارە

---

* كێش و لەنگەرم لەجیاتی (وزن) و (قافیە) بەكار هێناوە.

هۆنراوەیەکی هەر شاعیرێکیش بگریت تەنیا کار ئەکەنە سەر ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە بەهەمان تیری ئەو شاعیرە گرفتارن، یان کەمەندکێشی ئەو باوەڕەن کە شاعیرەکە لەسەریەتی. چونکە ئەوانیش هەر مەبەستیان دەربڕینی ئەو هەستەیە کە شاعیرەکە دەری بڕیوە. ئەگەرچی ئەوەشیان لەباردا نەبێ کەبەو شێوە ڕەنگینە دڵگیرە دەربڕن. ئا لەبەر ئەوە هەر شاعیرە بە پێی لێکدانەوەو باری سەرنجی خۆی بەرامبەر ژیان، شیعرەکانی بۆ تاقمێك خەڵکی ئەڵێ و هەر ئەو تاقمەش بەزۆری تام و چێژ لە هەڵبەستەکانی ئەبینن و بەخوێندنەوەی تینوێتیان ئەشکێ.کەواتە ئەو شاعیرانەی هۆنراوەکانیان لەناخی دەرونێکی سوورەوەبووی جۆش خواردووەوە نەهاتبێتەدەرەوەو خزمەتی بیروباوەڕێکی تایبەتی، یان باری سەرنجێکی ئاشکرای سنوور بۆدانراو نەکات. ئەوەندە ناویان لەناوانا نیە. شیعرەکانیشیان هەر تەنیا بایەکی سەر زەمینیان لێ بدا، جوانەمەرگیان دەکات.

جا کەئێستە ئەمەیان سروشتی بنچینەی هۆنراوە بێ و ئەوەشیان سروشتی شاعیری ڕاستەقینە بێ، با بزانین ژیر لە چ پلەیەکدا لەم ڕووەوە و هۆنراوەکانیشی خزمەتی کام بیروباوەڕو ڕێگە ئەکەن ؟

...ئێمەی کورد، وەنەبێ شاعیری نیشتمان پەروەرمان کەم بێ. نەخێر، لەچاو خۆماندا، نامەخوا، شاعیرمان زۆرە، بەڕادەیەك ئەتوانم بڵێم شاعیری وامان بووەو هەیە جێ ی سەربەرزی و مایەی شانازی نەتەوەکەمانن. وەك " خانی و کۆیی و بێکەس و....هتد ". بەلاّم ئەوەی بەچاوێکی بێلایەنەوە بڕوانێتە سامانی هۆنراوەمان، ئەبینێ بەزۆری ئەو هۆنراوە نیشتمانیانەی وتراون، تەنیا لە تەلی ( عاتیفە ) ی رووتیان داوە، بێەودی کاریان کردبێتە سەر هەستی ڕاستەقینەو بەناخی بیرو هۆشدا چووبنە خوارەوە. واتا تەنیا دەردەکانی کوردەوارییان بەشێوەیەکی بەسۆز دەرخستووە. ئیتر بەدەگمەن نەبێ، بۆ دەرمان نەگەڕاون، پیشانی نەتەوەکەمانی بدەن. ڕاستیەکەی کوردایەتی گەلێك لەوە قوڵترە کە تەنیا زمانێك بێ و چەند ملوێنێك پێی بدوێین. یان تەنیا میراتێکی رەگەزایەتی بێ و پشتاوپشت بۆمان بەجێ مابێ، یان کەف و کوڵێکی وەختی

بێ و لە پلەیەکی تایبەتیدا هەڵبچێ و هەر لەخۆشیەوە بنیشێتەوە و دابمرکێتەوە. نەخێر، کوردایەتی راستییەکی مێژووییە کەخۆی لەشێوەی بیر و باوەڕ و ڕێگەو ڕژێمدا ئەنوێنێ.نەك تەنیا جۆش و خرۆش هەاو هەوەس و بنەچەو رەچەڵەك.کوردایەتی بزوتنەوەیەکی مرۆڤایەتی خواناسی سەرومڕی بێ وچانی پێشکەوتوی هەتاهەتای نەمرە. نەك پلەیەکی مێژوویی و قۆناغەڕێیەکی تەسك و تروسکی بێ ئامانج بێ و بە زوییەکی زوو ببڕێتەوە و بەجێ بهێڵرێ و بچێتە ڕیزی نەبوان.بێگومان ئەم بیرە بەرزە وەنەبێ هەروا زوو چلوورە ببەستێ لەمێشکی هەموو خاوەن هۆشێکداو بەئاسانی جێی ببێتەوە. بەڵکو ماوەیەکی زۆری ئەوێ، ماوەیەکی لە تاقیکردنەوەو بەهەڵەچوون و رێ هەڵە کردن و لادان، هەتا ڕێی راست دەرئەکەوێ بۆ هەموان.دە هونەری ژیری شاعیر لەوەدایە کە هەر لە ئێستاوە هەتا ڕادەیەکی زۆر هەستی بەم ڕاستییە کردووە.

بۆیە کوڵی دڵی تێکەڵ بە شەپۆلی بیری کردووەو لەشێوەی بیر و باوەڕێکی پۆڵاینی پتەودا یەکی گرتووە. هەر لەبەر ئەوەشە کە خەڵکی بانگ ئەکات بۆ ئەم ڕێگە پیرۆزە، شێوەی هاوار و لاواندنەوە و ئاخوئۆف ناگرێتەبەر، بەڵکو وەك هەموو خاوەن بیرو باوەڕێکی بەزات، زۆر بێباکانە و پڕ بڕوایانە بەجۆشێکی پڕ لەهۆشەوە بانگیان ئەکاو پێیان ئەڵێ : مەترسن، هەرگیز مەترسن، ئێوە بۆ شتێکی وەختی هەوڵ نادەن، بۆ شتێکی نەمر و بەرز و پیرۆز هەوڵ ئەدەن. بەرەو ئامانجێك ئەڕۆن کە تیشکی مەشخەڵە بەتینەکەی هەمیشە سەرەوژوورە، هەتاهەتا لەکوژاندنەوە بەدوورە.وەك ئەڵێ :-

ئەڵێ کردەم جێی داخ نیە
کوردایەتیم ( قۆناغ ) نیە
ئـــامانجێکە ئەمر, پیرۆز
مەشــخەڵێکە بۆ گەل و هۆز
فەلســـــەفە و باوەڕ و بیرە
ڕێــگــەی پیاوی دانا و ژیرە

بێگومان بیروباوەڕێك کەلەسەر ڕاستییەکی مێژوویی وا بنج بەست و پتەو دامەزرابێ و شتێکی لە ڕووخان نەهاتووی لەنەمان بەدووری ئەمر بێ, دیارە ئەو بیر و باوەڕە زۆر بەرز و پیرۆزە. هەر کردەو کۆشەیەکیش بکەیت لە پێناویدا هێشتا هەر کەمەو نابێ دەربەست بی, بەڵکوهەمو جۆرە فیداکارییەك لەو ڕێگایەدا هەرزانە. جا بۆیە ژێر مان و ئەمانی خۆی ئەبەستێ بەو ئامانجەوە و ئەمری خۆی لەو خەباتەدا ئەبینێ کەبۆ ئەو ئامانجە ئەمرە ئەیکات. هەروەها پاشەڕۆژو ژیانی خۆشی ئەبەستێ بە پاشەڕۆژی ئەو ئامانجەوە. چونکە ئەوەیە ژیانی ڕاستەقینە, ئەوەیە مانەوەی ئەبەدی. هەر لەبەر ئەوەشە ئەیەوێ بمرێ لە پێناوی ئەو ئامانجەدا. بۆئەوەی گیانی هەرگیز نەمرێ. جا بەدەنگێکی زوڵاڵەوە ئەڵێ :-

بـــبین بەتـــۆزی خـــۆڵەمێش
چـــاوی دوژمن بێنێتە ئـــێش
تـــا کوردســـتانی بەرینمان
ئـەکەین بەبەهەشتی ژینمان
ئـــــەچێژین تـامی خۆشی خەو
مل کەچ ئەکەین بۆ ئەم و ئەو
بۆ ئەم خواستە هەڵسین بچین
تــــەنها بۆ ئەو بچین بمرین
چـــەند خۆشە وەك مەشخەڵێ

پیاو بســــووتیٚ بۆ ڕێی گەلیٚ
چەنـد شــادییە بـاوەڕ کردن
بــــەژیـــــانی بـۆ ژین مردن

ژیر ئەو ڕێیەی گرتویەتی بەهیچ کلۆجێك بەری نادات. بەڵکو ئەیەویٚ هەموو هەڵسوکەوتی خۆی و کۆمەڵ و مرۆڤایەتی و سەراپا ژیان, بەپێی توانستی خۆی لەگۆشەی باری سەرنجی ئەو ڕێگەیەوە تەماشا بکات و لەئاوێنەی ئەو بیرو باوەرشەدا ببینیٚ. چونکە پاکترین و بێگەرد ترین ئاوێنەیەکە بۆ دیتنی هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێك, چ تایبەتی چ گشتی. لەبەر ئەوە هەندیٚ سروشتەکانی ئەو بیر و باوەڕە پیشان ئەدات وەك بێزیانی و دەست نەوەشاندن و پەلامارنەدانی نارەوا و ڕێز گرتنی گشت گەلان و دۆستایەتیکردن لەگەڵ دۆستەکانیان.بۆ وێنە : کەدێتە سەر باسی ئاشتی, بەهەموو دڵێکەوە ئاوات بۆ ئەو ڕۆژە ئەخوازی کە فریشتەی ئاشتی باڵ بەسەر هەموو جیهاندا ئەکێشیٚ و ئەڵیٚ :-

ئێمـــەی کورد, ئێمـــەی گورد
گـــــــــەلێـــکین بیٚ زیان
دۆســــــــتی گشـــت میللەتان
بۆ ئاشـــــــــتی و ئاســــایش
گـــــــــۆرانی و ســــــتایش
ئـــەبێژین هەمـــــــوومــــان

بەڵام ئایا ژیری هەڵگری ئەم بیر و باوەڕە, ئاشتی بە هەمو نرخێك ئەویٚ ؟ ئایا پێی وایە ئەگەر شەپازللەیەکیان سرەواندە لای ڕاستی, خێرا لەخۆیەوە لای چەپی ڕائەگریٚ بۆ شەپازللەیەکی تر ؟

نەخێر, ژیر ئاشتی بەسەربەرزییەوە ئەویٚ. ئاشتی بۆیەك ئەوی تام و چێژ لە ژیان وەرگریٚ. ژیانیش هەر ئەوە نییە بخواو بنویٚ و ڕۆژی لیٚ هەڵبیٚ و لیٚ ئاوا بیٚ. ژیان

ئەوەیە پیاو ئازاد و سەربەخۆو خاوەنی خۆی بێ, نەك دیل و ژێردەستەو نۆکەر بێ. دەدیارە ئاشتی ناوێ هەتا بەئاوات ئەگاو هەست بە ئابڕومەندی خۆی ئەکات. بۆیە ئەڵێ :-

ئــــاشتی لای ئێمە ژێــر دەستـــی نیە
ژیـــانی دیـــلی, ســـەربەستی نی یـــە
کـــاتێ کـــــوردستان گەیشت بە هیوا
بەســەربەرزی تیـــــا, هەڵـــکرا ئاڵا
ئەوســاکـــــــە ئاشتی پێمان ڕەوایـــە
بۆ کوردایەتی کـــاڵای بـاڵایـــــــــــە

بەکورتی ژیری خاوەن بیر و باوەڕ, ئاشتی لەترسانا ناوێ.ئاشتی لەلای ئەو سەرشۆڕی و سەلامەتی نیە. بەڵکو هەستی مرۆڤایەتی وای لێ کردووە کە هەمو دەم ئاشتی خوازێکی ڕاستەقینە بێ. ئەگینا بۆ خۆ بەخت کردن و فیداکاری ئامادەیەو کۆڵ نادات. هەتا هەموو لایەکی وڵاتەکەی بەمافی خۆی ئەگات :-

ئیمە ڕۆڵەی بیری تازەی ڕابەڕین
ئێمە کوردی جەربەزەی‌تێکۆشەرین
بۆ وڵات و سەربەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەڕێژین
لەش ئەنێژین
ئەفسەرین
بۆ کوشتار.. بۆ کوشتار
ئێمە ڕۆڵەی پێشڕەوین
پەیڕەوی ڕێگەمان
خەباتە و تێکۆشان
ئابەزین ئەجەنگین

## تاكو ماف ئەسەنین
## بۆ هەموو كوردستان

كەواتە ژێر ئەم ئاشتییەی بۆیەك ئەویٚ كە مرۆڤایەتی و نەتەوەی كورد ( كەئەویش بەشێكە لەمرۆڤایەتی ) تام و چێژ لەژیان وەرگرن و لەولاَتی خۆیاندا سەربەرز ڕابوێرن وەك كوڕی باوكی خۆیان. ئەگینا مردنی پیٚ باشترە لەژیانی ژێرچەپۆكی :-

ئاشتی پەروەرین
دوژمنی شـــەڕین
بۆ كـــــوردایەتی
گونجاوە ئاشتی
ئاشتیمان ئەویٚ
كە كورد بسرەویٚ

ڕاستییەكەی ئاشتی لە پیرۆزترین و بەرز ترین ئاواتەكانی هەموو كوردێكی بەشەرەفە كە خاوەنی بیر و باوەڕی كوردایەتی ڕاستەقینە بیٚ. بەلاَم بەسەربەرزییەوە, نەك بەسەرشۆڕی. چونكە هیچ كاتێك نەبووە مەڕ و گورگ لەیەك كانی پێكەوە ئاو بخۆنەوە, یان زۆردار و زۆر لێكراو قۆلٚ بكەن بە قۆلی یەكدا. هیچ كاتێكش پیاوی بەشەرەف ئاشتی ناویٚ بەدیلی, ئاشتیش بەرپا نابێت هەتا هەموو گەلانی جیهان, وردو درشتیان, پێشكەوتوو پاشكەوتوویان بەتەواوی ئازاد و سەربەخۆ نەبن و بۆ ئامانجی بەرز و پیرۆزیان هەولٚ نەدەن دوور لە چەوساندنەوە و مادە پەرستی. بۆیە پێویستە لووتی زۆرداران بشكێنریٚ و سەریان پیٚ دابنەوێنریٚ. .دیارە ئەوەش بەخۆبەهێزكردن و چاك بەلاداكردن و دەسەلاَتپەیدا كردن و شوێنكەوتنی بیروباوەڕی ڕاست و بێخەوش ئەبیٚ. بیر و باوەڕێك كە بۆ بەرزی و گەشەپێدان و پێشخستنی نەتەوە هەولٚ بدات بێنەوەی بەقەد موویەك لەسنوری مرۆڤایەتی دەربچیٚ. بیرو باوەڕیك كە گیانی یەكسانی و دادپەروەری بلاَو ئەكاتەوە

بێ دروست کردنی دووبەرەکی و ناکۆکی. بیرو باوەڕێك کە ئەوەندە ئەمربێ، هەتا پاڵ بە خەڵکەوە بنێ و بۆ پێشەوە بیباو ئەیەڵێ مۆتەکەی نائومێدی سواری کۆڵەی سنگی بێ و پشتی سارد بکاتەوە. بیرو باوەڕێك کە تەنیا لەسەر بنچینەی مادده پەرستی، یان لەسەر خەیاڵخوازی ڕووت دانەمەزرابێ. بەڵکو چاکەو باشەی هەردوو لای لەیەك بوتەدا تواندبێتەوە و کردبیەتی بە بناغەی خۆی. جا دیارە بیرو باوەڕی وا بەرز، دوژمنانی مرۆڤایەتی ئەهروژێنێ و ڕاستیان ئەکاتەوە لەخۆی، بۆیە ژیر پەنا ئەباتە بەر هێز، چونکە پێی وایە بەمافی خۆی ناگات بەزوویەکی زوو تا گۆشتخۆرە دوو پێکان دەرز دانەدرێن و چاوترسێن نەکرێن. ئامانجی لەم هێزەش تەنیا ماف وەرگرتن و پاراستنیەتی، ئەگینا هیچ نیازێکی پیسی پێی نیە :-

ئەبێ بەهێز بین بۆئەوەی ئاشتی
ببـــێ بە کـــالا بۆ کـــوردایەتی
ئـــەبێ تەقەلای بێوچان بدەین
ئـاشتی خەلاتی کوردستان بکەین
کـــاتێ میللەتان ئەژین وەك برا
هـــەر یەك بەهیواو ئامانجی بگا

ژیر وردەوردە دەست ئەخاتە سەر هەندێ لق و پۆپی ئەم بیرە بەرزە و دەری ئەخا کەچۆن پیاو ئەبێ لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی خۆیا تێکۆشێ، بێ پشت ساردبونەوە و هیوا بڕان و نائومێد بوون، کەئەمیش یەکێکە لە سروشتە بەرزەکانی ئەو ڕێگەیە. بۆیە هەرگیز پشتی ساردنابێتەوە و بەچاوی بەدبینانەوە ناڕوانێتە جیهان، سەرەڕای پەشۆکاوی ئێستای ئەتەوەکەی. بەڵکو هەمووکاتێك پێیوایە مەبەستەکەی وا لەدەستیایەتی. وەك ئەڵێ :-

زەنگی ئەمجارە زوڵاڵە
ئەئاخە و ئە ئای
چریکە و بانگە و هەڵاڵە

بەسۆزە هەوای

.................................

ئەلی دارژاوین پڕین
بەبیری نوێ
چالاك و نەبەرد و دڕین
بیگرنە گوێ

.................................

گەلێ بانگەوازی بلێ
ئەبێ بژین
ئەبێ بۆبۆنی هەر گوڵێ
خوێن بڕێژین
ئەبێ تێزی جەنگ و شۆڕش
قوربانی بێ
سوپای ڕاپەڕین و هێرش
یەکسانی بێ
گەلێ ئەمانە و ئەبەزین
پێڕەوی بێ
کام ڕێگر و دێوی زەمین
لەوێزەی دێ ؟
ئەو گەلە ئەبێ کاروانی
لەگەڵ ئاوات
بگاتە مەنزڵ، سامانی
بۆخۆی ببات
ئەبێ بژی و کامەران بێ

هێمن و مەنگ

دوور لە دیلی و لە زیان بێ

وانەڵێ زەنگ

ئەوی راستی بێ ئەم هەستە بەجۆشەی ژیر کە بەبیرو باوەڕی نەتەوایەتی گۆش کراوە، تێکڕا لە هەموو هەڵبەستەکانیدا، ئاشکرا دەر ئەکەوێ. بۆ وێنە :کاتێ ئەیەوێ لا پەڕەیەکی رۆشن لە خەباتی ڕابردووی نەتەوەکەی بخاتە پێش چاو، هیچ ناکەوێتە گریان و ئاخ و ئۆف و سکالاّ بۆ بەرنەگرتنی یەکجاری خەباتی ڕابووردووی، بەڵکو پەیمان ئەدا کە ڕێگەی کوردایەتی بەر ئەدا و بەڵێن ئەدا کە هەتا دوا دڵۆپی خوێنی لەو پێناوەدا برژێنێ، تائەگاتە ئەنجام. بۆیە لەیادی عەولەسیسەی قارەمانی شەشی ئەیلولدا ئەڵێ :-

ئێمە کوردیـــن بۆ کورد ئەژین

کوردســـــتانی جوانی بەرین

هـــی خۆمـــــانە بۆ خۆمانە

بـــەدەربێ نـــیرووی بیگانە

..............................

ئەی شارەکەی عەولە سیســە

بــەڵێن بێ......................

بـــۆ تۆڵـــەی خوێنـــی ڕژاوت

کوردســـــتانی زەوت کـــراوت

پشتێنـــــــی تـــۆڵە ببەستین

ئەیکـــەینەوە و ڕانەوەستیـــن

تا تێکڕا ئـــــــەم خاکە پاکە

خـــاکی ئـــــەم کوردە چالاکە

ئەخەین بەدیار، یەك تەن و پۆ

بـــــــەدەوڵەتێکـــی سەربەخۆ

هەروەها لە هەڵبەستی (کوردستانی من ) دا ئەڵێ :

چەندە خۆشە بۆ قەوم و خوێش
بم بە ئـــاگر, بە خۆڵەمێش
پەیمـــــانە دوا تنۆکی خوێن
لێرە بێ, یاخود لەهەر شوێن
بـــــەقوربانی ئەوی ئەکەم
بۆ ئەو ئەژیم, ســـامانەکەم
لەگەڵ گۆشت و ئێسکـی لەشم
بـۆ ئەومو خۆم لێـــی بێبەشم

لەهەڵبەستی ( ئامانجی من ) دا ئەڵێ :-

من کەدیم لەرەی شنەی شەپۆلی
ئاڵای کوردستان
تێکـــەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی
ئەستێرەی بەیان
ئەوکـاتە هیواو ئامانجی دوورم
هەردوو پێکەوە
ئەبن بە پرشنگ, گوڵاڵەی سوورەم
ئەگەشێتەوە

لەهەڵبەستی (کاروان و نەورۆز ) دا ئەڵێ :-

کەخۆری گەش لەئاسۆی سر
گزنگی دا
شـــۆڕشێکـــی وا گەرم و گوڕ
بەرپا ئەکا

کوردســــتانەکەی بەش کراو

فەرامۆش

وەك ئـــــاگر و ئاوی کوڵاو

دینێتە جۆش

لەهەڵبەستی ( تۆ ئازادیت ئەی برای کورد ) بە زمان داگیرکەرانەوە ئەڵێ :-

من تۆم ئەوێ، تۆی خۆشەویست

بەمەرجــێ هەرچیم لەتۆ ویست

ملکـــــەچ و کوڕنوش بەرم بی

هەتـــا هەتـــا نۆکەرم بی

.....................................

کـــاتێکیش دنیـــا خۆشیبوو

بەرگی ئاشتیمــــــان پۆشیبوو

بــۆم هــــەڵپەڕە لەسەر شانۆ

خـــواستم چیبوو پێم مەڵێ بۆ

.....................................

ئیتـــر من و تۆ هــــەر یەکین

ئەمڕۆش ئەبێ، ســبەی ئەبین

بەیەك لەش و بــەیــەك زمان !

بـــرا ئـــا ئــــەمەیە ژیـــان !!

هەروەها لەهەڵبەستی ( چەپکی گوڵ ) دا ئەڵێ :-

ئـــەمڕۆ ئەبینم نیشتمان

وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان

کـــوڵمی سور و چـاوی گەشە

تــــومەز بــیرێکی بێ خشە

## تیا بلاوەو ئەڵی دەی زوو
## بۆکوردستانی یەکگرتوو

لام وایە ئەم لێکۆڵینەوە سەرپێییە, ڕێبازی هۆنراوەکانی ژێری بۆ دەرخستین, لەهەمان کاتدا – تاڕادەیەك – سەنگ و سوکی ئەو بیرو باوەڕەشی پیشان داین کە بۆتە تەرازوو بۆ ئەم هۆنراوانە. دە بەلای منەوە, ئەم بیروباوەڕە ئەوەندە بەرز و بەکێش و نەمرە, هەر ئەبێ ڕۆژێ لەرۆژان جێی خۆی بکاتەوە لە دڵ و دەروونی ملیۆنەها کوردی خاوەن هەست و هۆشی بەشەرەفدا و لەخەوی کەساسی و کوێرەوەری ڕایان چڵەکێنێ. ئەم بیر و باوەڕەش نە ڕووخانی بۆ هەیە و نەنەمان, نەبەزین و نە کۆڵدان, بەرامبە بە گشت دووژمنان. چونکە لەسەر بناغەیەکی دارێژاوی جۆش خواردوو دامەزراوە,ئەگەر چی بەرواڵەتیش سەرو فەساڵی زۆرجوان نەبێ و نەچێتە دڵی هەموو کەسێکی نەمرۆوە. بەلام دڵنیام هەموو بیر و باوەڕێکی تری پڕ لەمادده پەرستی و بێگانەویستن وخەیاڵی خاو, هەرچەندە بەرگەکەی جوان و دوورکوژو هەڵخەڵەتێنەر بێ, هەرچەندە سەر بە بەرەیەکی بەهێزی بەدەسەلاتی بەسام بێ, بەلای منەوە وەك تەنافی جاڵجاڵۆکەیە وایە کە چەند ساڵێك جاڵجاڵۆکەی بەسەزمان هەوڵی لەگەڵ ئەدات تانو پۆی ئەتەنێ, کەچی پیرێژنێك بەسەرە گەسکێك ڕای ئەماڵێ و فڕێی ئەداتە ڕیزی نەبوانەوە.

دە کە ژێر شاعیرێ بێ هۆنراوەکانی لەچوارچێوەی بیروباوەڕی بەرزی کوردایەتیدا ئاوێزە کرابن, بێگومان هەتابێ, ڕۆژ لەدوای ڕۆژ, هۆنراوەکانی بەتام تر و لەبار تر و بەدڵی ژمارەیەکی زیاترلە خەڵکی ئەبن. واتە ئەبنە نموونەی هۆنراوەی پاشەڕۆژمان.

ئنجا ئیتر ناهەقمە بڵێم هۆنراوەکانی ژێر نموونەی هۆنراوەی پاشەڕۆژمانن ؟

بێگومان وا من بەبیری خۆم ئەم چەند ووشەیەم نووسی جا رەنگە ئێستە ژمارەیەکی زۆر کەم دڵیان بیگرێ و ژماریەکی زۆریش پێی پەست بن, لەگەڵ ئەوەشدا من هیچ دڵم لەخۆم نامێنێ. چونکە پێم وایە راستی و دروستی بەزۆر و کەمی نییە. بیری ڕاستیش

هەر جێی خۆی ئەکاتەوە لەناوانا. ئەگەر چی چەند کەسێکی کەمیش لە دەورو پشتی بن بیری چەوت و چەوێلیش ئەڕوخێ. ئەگەر چی هەموو جیهانیش پشتی بگرن.. جا لێرەدا قسەی ئەو زانایەم دێتەوە بیر. کە بۆ یەکەم جار وتبووی : ئەرز خڕە و لەسەر ئەو بردیان بیخنکێنن. لەکاتی خنکاندندا وتی : باشە ئێوە من بخنکێنن. قەیناکا بابمرم. بەلاَم ئەوە نازانن کەبەخنکاندنی من ئەرز لە خڕێتی خۆی ناکەوێ ؟ ڕاستییەکەی ئەو زانایە نەیتوانی بەلگەی بنج بڕ پیشانی خەلکی ئەو دەمە بدات بۆ خڕێتی ئەرز چونکە خەلکەکە پێشەکی بڕیاریان دابوو باوەڕی پێ نەکەن. لەبەر ئەوە ئەوی پیشەکی بڕیاری داوە کە ئەم چەند دێڕەو ئەم دیوانە ئەبێ خراپ بدرێتە قەلەم. من هیچ بەلگەیەکی لەمە زیاتر بۆ ناهێنمەوە و تەنیا ڕەوانەی پاشەڕۆژی ئەکەم. چونکە پاشەڕۆژ بەلگەی چاك چاكی ئەداتە دەست و...

هەرچیش بژی ئەبینێ.

ئیتر هەر ئەمەندە و پشت بە خواو ئەتەوەی کوردی قارەمان.

جەمال ئەبەز

بەغداد – پێنج شەممە – ١٩٦٠/٤/٧

دیاریدانی ڕزگار بوونی نەتەوەیەکی دیل، بە پلەی هیواو ڕادەی ئامادەیی ئەو نەتەوەیە ئە پێوریَ ئەگونجیَ چواردەوری نەتەوەیەك بە ئاگر و ئاسن تەنرابیَ هی نەتەوەیەکی تر بە گولّ و ڕیحانە، بەلاّم ئەگەر یەکەم هیوای ڕزگار بوونی لە دووەم زیاترو ئامادەتر بیَ ئەوەندەی ئەو زیادەیە نەتەوەی یەکەم لەدووەم لە پێشترەوەیە بۆ بۆ ڕزگاربوون.

زایەڵەی زەنگی کاروان
کاروانی گەل
دێتە گوێم بەرز و ڕەوان
لە ئاسۆ و کەل
***
زەنگی نە مجارە زولاڵە [1]
نە ئاخە و نە ئای
چریکە و بانگە و هەلاڵە [2]
بەسۆزە هەوای [3]
***
چریکەی کوردی دلێرە
بۆ کوردوستان
لەکۆڕایە، نەڕەی نێرە
ئەڵێ ژیان
ئەڵێ دارژاوین، پڕین
بەبیری نویَ

---

[1] - زولالّ : ساف.
[2] -هەلاڵە : هەرا.
[3] - هەوا : ئاواز ، لحن.

چالاك و نەبەرد و درِین
بیگرنە گوێ
***
نەزانین و دامان ناوە
قۆناغی رِێ
ئەگەر چی رِێگە تەنراوە
بەلاّم لەکێ
***
لەگەلی چاوی خەوالّووی
هەلّهێنابێ
پەلاّسی کۆنی ئاوەژووی
فرِێ دابێ
***
گەلێ بانگەوازی بلێ
ئەبێ بژین
ئەبێ بۆ بۆنی هەر گولێ
خوێن برِێژین
ئەبێ تێزی جەنگ و شۆرِش
قوربانی بێ
سوپای رِا پەرِین و هێرش
یەکسانی بێ
***
گەلێ ئەمانەو نەبەزین
پێرِەوی بێ

کام ڕێگر و دێوی زەمین
لەوێزەی دێ!!
***
ئەو گەلە ئەبێ کاروانی
لەگەڵ ئاوات
بگاتە مەنزڵ. سامانی
بۆ خۆی ببات
ئەبێ بژی و کامەران بێ
هێمن و مەنگ
دوور لە دیلی و لە زیان بێ
وانەڵێ زەنگ!

سەربەستی نە ئەدرێ، نە ئەسەندرێ. سەربەستی هیوایە. بەهیوا گەیشتن. نە وەرگرتنە نە سەندنە، بەڵکو تەقەلایە. هەرکاتێك هیوای سەربەستی لەدڵێکدا گەرم بوو، تەقەلای بۆ ئەدات. گەرمتر بوو، رائەپەڕێت. جۆشی سەند، شۆرشی بۆ بەرپا ئەکات. هیچ گەلێك سەربەست نابێ تا پلەی گەرمیی هیوای نەگاتە تینی شۆڕش. سەربەستی بێ شۆڕش، وەك پارچە بەفرێکە زۆر ناخایەنێ ئەتوێتەوە.ئەو گەلەی گیانی شۆڕشی تێدا نەبێ بۆ سەربەستی، گەلێکی نووستوو بێکارەیە و پاشەرۆژی تواندنەوەیە.

کاروانەکەی کوردی دلێر
ئەوەی کاوە
بە بیری سەربەخۆیی تێر
بەهیواوە
بەرەو مەشخەڵی روناکی
ئامانجی گەل
کەوتۆتە رێ بە چالاکی
هۆگری هەل
ئەروا دڵنیایە کە ئەو
بەتوانایە
را پەڕیوە لە پەستی و خەو
بە بڕوایە
کە خۆری گەش لە ئاسۆی سڕ
گزنگی دا
شۆڕشێکی وا گەرم و گوڕ
بەرپا ئەکا
کوردستانەکەی بەشکراو

فەرامۆش
وەك ئاگر و ئاوی کوڵاو
دێنێتە جۆش
ئەوەی وتی نەورۆزی کورد
نەبێ نەبێ
مۆخ و مێشکی نەهاڕێ ورد
چەن گەورە بێ
نیشتمانی بەرینی جوان
ئازاد نەبێ
پەیکەری کاوەی قارەمان
لەشار و دێ
ئەبێ بە بارەگای نەورۆز
چریکەی دەنگ
بە سروود و بەستەی بەسۆز
کۆڕی ئاهەنگ
وەها گەرم و بەجۆش ئەکا
هێندە بەتین
کوردستان بێ لەو ڕۆژەدا
بەهەشتی ژین

## لەجەژنا

لـــــــەجـەژنـا شادی و گرەی دەرونـــم
تـــــێکەڵاو نەبێو، پەیـــــامی ڕوونم [٤]
ئـەنیـــێرم بـۆ تۆ و، بــــــۆ کوردستانـــم
بــــــۆ تۆ بزەی لێو، بۆئەویش گیانـــم

# نەورۆزی کورد

ئەو گەلەی کەلەپوری نەتەوایەتی خۆی نەپارێزێ و ونی نەکات، مەرجی نەتەوایەتی تێدا نامێنێ و بەرەو تواندنەوە نەچێ. نەورۆزی ئێمەش بەشێکە لە کەلەپوری نەتەوایەتیمان، بۆیە لەپاراستنیدا پاراستنی نەتەوەکەمان نەبینین.

ئەمڕۆ نەورۆزە، جەژنە هەرایە
سەر پڕ لە سۆزی شایی و ئاهەنگە
کوردستان بەرگی ئاڵ و واڵایە
بووکی ڕازاوەو فریشتەی شەنگە

* * *

گزنگی زەردی خۆری زێڕ دیمەن
ئەدا لە لوتکەی چیای سپی پۆش
لە گەڵاڵەی سوور، سەوزەگیای چیمەن
بەهەشتی ژینەکوردستانی خۆش

* * *

ئەمڕۆ لەلای من خەنەبەنانە
ئاڵای ڕەنگم لا هەڵکراوە
سوور گوڵ و، سپی بەفری کێوانە
سەوزی چیمەن و زەردی هەتاوە

* * *

سروشتیش ئەڵێ کوردی قارەمان
ئەبێ سەربەخۆ هەڵکا ئالاکەی
یەك بگرێتەوە کوردستانی جوان
دیلی و ژێردەستی ئیتر هەتاکەی

* * *

مژدەم ئەداتێ نـەورۆزی ئەمســـــاڵ.

بـــــاوەڕێ هەیە, تـــــازەیـــە و ورد

پـیرۆز و بەرز و ڕۆشـــن و ســامـــاڵ.

تــاکە ڕێبــازی نــەتــەوەی کـــــورد

* * *

بەڵێن بێ ئێمەی کوردی کورد پەروەر.

مــژدەو بـــــاوەڕی تـازە لەبەر کەین

کــــوردایەتی بـــــێ ڕێمان هەتا سەر

بەم بـــڕوایەوە دوژمن بــەدەرکـــــەین

* * *

یـــــەبـــــاوەڕی نوێ ئەم کوردستانە

نـــەبێ ڕازاوەو ئـــــاوا و پـــــیرۆز بـــێ

بــبێ بـە رووگەی رووی ئەم جیهـانە [٥]

هــەمیشە بــەرگی وەکــو نـــەورۆز بێ

---

- ڕووگە - قیبلە.

# گۆرانیی جەژن

_ _ _ _ _

جەژنە جەژنە جەژنی گەلە
گەل ئامادەی ڕۆژی هەلە

* * *

ئەمڕۆ ژیان شادییە
نیشانەی ئازادییە
ئەمڕۆ کۆستی دوژمنە
جەژنە جەژنی تۆو منە

* * *

ئێمە هەموو سەربازین
یەك ئاوات و یەك نیازین
بۆ سەربەرزی کوردستان
بەختەکەین سامان و گیان

* * *

ئێمە ئاشتی پەروەرین
دوژمنی بەرەی شەڕین
ئاشتیمان بۆیە ئەوێ
نەتەوەی کورد بسرەوێ

* * *

بۆ بەرگریی ولاتمان
وەکو کاوەی قارەمان

ئـــەڕە کوردین جەنـــگاوەر
شەڕکەرین بەڵام شەڕ کەر !!

* * *

جـــەژنـــە و ئێمە جەژنەکەین
دەس لەناو دەس یەك ئەکەین
سەیرەکەین, سەیر و سەیران
خـــۆشبێ جەژنـــــی کوردستان

..........................

# ئاسۆی هیوا

— — —

بیری تازەی کوردایەتی
ڕێبازمانە
ئێمە کوردین، مەردایەتی
ئاوازمانە
کوردایەتی بۆ ئێمەی کورد
چەکی دەستە
فەلسەفەیە و باوەڕی ورد
هۆش و هەستە
ئەی وڵاتی کوردی ئازا
خۆری بەیان
ئەبێ هەرلەم ئاسۆیەدا
هەڵبێ لێمان

# کوردستانی من

خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتی، تەنیا عاتیفەی ڕووت نییە، بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕان و پێویستی ژیانی کوردەواریشە. کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە چونکە نیشتمانیەتی و سەرچاوەی ژیانیەتی، کوردایەتیش بۆ پاراستنی نیشتمانە و خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی. جا کوردێکی خاوەن بیر و باوەڕی کوردایەتی کە ئامادەبێ گیانی خۆی لەم پێناوەدا بەخت بکات، واتا هۆگری هەموو کونجێکی کوردستانە و دڵسۆزی هەموو ئەندامێکی کوردە ، بۆیە لای وایە هەموو کوردێك چوونیەك مافی ژیانی هەیە و نابێ کوردێك کوردێکی تر بچەوسێنێتەوە.

ژیـــــان ئــــەمرۆ بزەی تەڕە
بــزەی لێـــــوی تێکۆشەرە [٦]

***

بـــەتـێکــۆشان کــــوردستام
ئــازاد ئەکـەم سەر و گیــــانم
ئــەکەم بە پێخۆری خەبـــــات
خەبـــــات بـۆ کورد و بـۆ وڵات
چەندە خۆشە بۆ قـەوم و خـوێش
پـــم بە ئـــــاگر بـە خۆڵەمێش

***

کـوردستـــــانم فـــــــــراوانە
بـووکی ڕازاوەی جیهـــــــــانە

***

پەیـــــــمانە دوا تـنۆکی خوێن

---

[٦]- بزە : زەردەخەنە.

لێره بـــێ یاخود لـەهەر شوێن
بــــــەقوربانی ئـەوی ئەکەم
بۆ ئەو ئەژیم، ســــــامانەکەم
لەگەڵ گۆشت و نێسکی لـەشم (٧)
بــــۆ ئەوە و خـۆم لێی ببێبەشم
بـــــرای کـوردی خاوەنی هـۆش
تۆ گـــوێ بگــره له مژدەی خـۆش
ئەمرۆ ئەبینم نیشــــــتمــان
وەك گـــولاڵەی بەهـــاری جوان
کـولمی ســوورو چاوی گـــەشه
تـــــومەز بـیرێکی بـێ خشه
تـیــــا بلاوەو ئەڵـی دەی زوو
بۆکوردســـــتانی یـــەکگرتوو

## ئامانجی من

7 –نێسك : نۆسقان.

گوڵی گەش بەبای شەماڵی بەهار
ئەشنێتەوە
قاسپەی کەوی کەژ بەرامبەر نزار
بەرز ئەبێتەوە
من کەدیم لەرەی شەپۆلی شنەی
ئاڵای کوردستان
تێکەڵاو ئەبێ لەگەڵ جریوەی
ئەستێرەی بەیان
ئەوکاتە هیوا و ئامانجی دوورم
هەردوو پێکەوە
ئەبن بە پرشنگ گوڵاڵەی سوورم
ئەگەشێتەوە

## کوردایەتی

هەندێك ئەڵێن کوردایەتی قۆناغێکە پێیدا تێپەڕ ئەبین بۆ جیهانی مرۆڤایەتی ! لای ئەوانە ئەگەر ئەم قۆناغەش پەڕێندرا چاکتر ! چونکە بڕینی ئەم قۆناغە بەڕێگە ئەزانن بۆ مەبەستێکی تر.لەڕاستیدا کوردایەتی قۆناغ نییە, بەڵکو ڕاستییەکی مێژووییە خۆی لەشێوەی بیروباوەڕێکی نەمری پێشکەوتوودا پیشان ئەدا. بیرو باوەڕی بەرز و پاك و نەمر کەهۆیەك بێ بۆ پاراستنی نیشتیمان و بەختیاری گەل, کوردایەتیش هۆیەکە بۆ پاراستنی کوردستان و بەختیاری کورد و کورد خستنە سەر ڕێی ڕاست. کوردستان و کوردیش بەشێکن لە جیهان و مرۆڤایەتی. کەواتە کوردایەتی وەك لە مرۆڤایەتی جیانابێتەوە, قۆناغیش نییە بەڵکو هەمیشە بووەو هەیە و هەر ئەمێنێ و کوردایەتی شانبەشانی مرۆڤایەتی ئەڕوا بەڕێوە بێ کەمو زیاد.

کـــاکی بـــرا هۆ خوشکـــی کـــورد
لـەهەرکوێ هەی شەنی یا گرد (٨)
وەرە تـــۆزێ گـــوێ ی پیـــاوەتی
شـــلکـــە بـــۆ لای کوردایەتـــی
بـــزانـــــە سـۆزی ئەم ســـازە
بـــۆ کام شـــوێنە و کام ڕێبازە
بـــزانە کـــوردی کـــورد پـــەروەر
بـــــەرەی تۆیە , یـــا بەرەی شەڕ
بـــــزانە نـــاوی کـــوردســــــتان
دڵســـۆزی یـــــە , یاخود تـــاوان
کوردســــــتانی بـــەش بەش کـــراو
چـــنـگ لـــە گـــۆشتو خوێنی نـراو
ئـــــازادبـــوون و یـــەکـــخســـتنی

[8]- شەن : بلاو – گرد : کۆ

دوژمن لەناو دەرکردنی
ئەمە لاقرتی و هەلاتە
یا تین و جۆشی خەباتە !؟.
کاکی برا, هۆ خوشکی کورد
لەهەرکوێ هەی شەنی یا گرد
من پێت بلێم ڕاست و پەتی
بیری پوختی کوردایەتی
بیرێکە پاك و بێگەردە
هەڵگری ئالأی: نەبەردە
کوردایەتی, واتا, ژیان
واتا خەبات و تێکۆشان
کوردایەتی شانازییە
بۆ خۆشبەختی و ئازادییە
بۆ ڕۆژێکە کە کوردستان
سەربەخۆ بێ و گەلی یەکسان
***
نۆتەی سرودی ئەم سازە
هەواو سۆزی ئەم ئاوازە
هەتا بلێ ی دڵگیرە, خۆش
دەماری لەش دێنێتە جۆش
ئەڵێ کردەم جێی داخ نیە
کوردایەتیم " قۆناغ" نییە
ئامانجێکە نەمر, پیرۆز
مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز

فەلسەفە و باوەڕ و بیرە
ڕێگەی پیاوی دانا و ژیرە
کوردستانم خەیاڵ نیە
گروگاڵی منداڵ نییە
ئەگەر کوردستانی بەرین
نەبێ، ئەی کورد لەکوێ بژین ؟
چۆن ژیاون تاکو ئێستا ؟
دڵ و خوێنیان بۆ نەوەستا ؟
یاخود بڵێین کوردی دێرین [9]
ئەگەر نەبێ ئەی ئێمە چین ؟

***

کاکی برا هۆ خوشکی کورد
لەهەرکوێ هەی، شەنی یا گرد
وەرە بۆ ئەم بیر و ڕێ یە
بۆ ئەم گەل و خاك و جێیە
ببین بە تۆزی خۆڵەمێش
چاوی دوژمن بێنێتە ئێش
تاکوردستانی بەرینمان [10]
نەکەین بەبەهەشتی ژینمان
نەچێژین تامی خۆشی خەو
مل کەچ نەکەین بۆ ئەم و ئەو

---

[9] - دێرین : پێشین ، قدیم.
[10] - بەرین : فراوان ، واسع.

بۆ ئەم خـــواستە هەڵسین، بچین
تـەنهـــــا بـۆ ئەو بژین، بمرین
چـەنـدە خـــۆشە وەك مەشخەڵێ
پیـــاو بســـــووتێ بۆ ڕێی گەلێ
چـەنـد شــادییە باوەڕ کــردن
بـــەژیـــانی بۆ ژیـــن مـــــردن

# سروودی لاوان

کوردایەتی لە مرۆڤایەتی جیا نابێتەوە, کوردایەتی واتا بیرو باوەڕی نەتەوایەتی کورد, هەر نەتەوەیەك سەربەستی و بەرژەوەندی خۆی پاراست, واتا سەربەستی و بەرژەوەندی بەشێکی لەمرۆڤایەتی پاراستووە. کاتێك هەموو نەتەوەکان ڕزگاریان بوو, یانی هەموو مرۆڤایەتی ڕزگاری بوو. کەواتە بۆ ئێمەی کورد, کوردایەتی پیرۆزترین و بەکەڵکترین بیرو باوەڕ و ڕێگەیە بۆ سوودی خۆمان و مرۆڤایەتیش.

ئیمە رۆڵەی بیـــــری تازەی ڕابەڕین
ئێمەی کوردی جەربەزەی تێکۆشەرین [11]
بـــۆ وڵات و ســەربەخۆیی و ژینی شـــاد
خوێن ئەڕێژین
لەش ئەنـێژین
نەفســـەریـن

***

کوردستان.. کوردستان
ئێمە بۆ تــۆ سوپەرین

***

تــەقەلای بــێ وچان
سامان و سەر و گیـــان
بۆ تۆیە و بــۆ ژیـــان
ژیانیش بەمەرجـــێ
بەرهەمی دەسبەجـــێ

[11] - جەربەزە : ئازار, جەسوور.

تۆی پێ بێ ئـــاوەدان

***

ئێمە رۆڵەی بیری تازەی رابەریـــن
ئێمـە کوردی جەزرەبەی تێکۆشەرین
بۆ ولآت و سـەربەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەرێژین
لەش ئەنـێژین
نـەفســـەریـن

***

ئاشتیخواز .. ئاشتیخواز
ئێمە دوژمنی شەڕین
ئێمەی کورد، ئێمەی کورد
گەلێکین بێزیـان
دۆستی گشت میللەتـان
بۆئـاشتیو ئـاسایش
گۆرانیو ستـایش
ئەبێژین هەموومان

***

ئێمە رۆڵەی بیری تازەی رابەریـــن
ئێمـە کوردی جەزرەبەی تێکۆشەرین
بۆ ولآت و سـەربەخۆیی و ژینی شاد
خوێن ئەرێژین
لەش ئەنـێژین
نـەفســـەریـن

***

بــۆ کوشتــار بۆ کوشتار

ئێمه ڕۆڵەی پێشڕەوین

***

پــەیــڕەوی ڕێگـــەمان

خەبــاتە و تێکۆشـــان

نەبەزین، کۆڵنـــەدان

نـابەزین، نەجـــەنگین

تــاکو ماف نەســەنیـن

بـۆ هەموو کوردســـتـان

# عەولەسیسەی قارەمان

گیانی قوربانیدان لە پێناوی بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا، پتر لەهەموو پێناوێکی تر. چونکە بیروباوەڕی نەتەوایەتی لەسەرووی هەموو بیروباوەڕێکی ترەوەیە. هەر لەبەر ئەمەشە ئەوانەی ئەبنە قۆچی قوربانی لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانەکەیاندا، هەرگیزا وهەرگیز نامرن و لە دڵی ئەو نەتەوەیەدا ئەژین.

بڕوانە شاری خرۆشاو !
دیمەنی دایکی کوڕ کوژراو !
بڕوانە کوشتاری بێ هۆ
سۆزی زریکەی "کاکە ڕۆ"!
بڕوانە قوڵپی خوێنی گەش !
دیمەنی سووری جەستە و لەش !
گوێ شلکە بۆ زایەڵەی زەنگ
شریخە و جەزرەبەزەی تفەنگ !
گوێ شلکە بۆ نەڕەی لاوان
بۆداوای مافی کوردستان
هەر هێرشە و شەپۆل ئەدا
بەرەو باخی دەرکی سەرا [12]
نەڕەی بەرزی هێرشبەران
ئەگاتە لای هەوری ئاسمان
ئەڵێن ئێمەی کوردی بێکەس
ئامانەوێ پەیمان ودەس [13]
ئامانەوێ هەڵبژاردن

---

12- سەرای شاری سلێمانی.
13- مەبەست لە پەیمانی ١٩٣٠ یە

پەڕلەمانی ملکەچ کردن (١٤)
ئێمە کوردین، بۆ کورد ئەژین
کوردستانی جوانی بەرین
هی خۆمانە و بۆ خۆمانە
بەدەربێ ئیروی بێگانە (١٥)
***

ئای لەم دیمەنە سامناکە !!
لەم کوردە نازا و بێباکە !!
لوولەی شەست تیر و مەترەلۆز
کەوتە دروێنەی بەری هۆز !
هەر کەللەیەو گوللە ئەیبا!
هەر لاشەیەو دێ بەلادا !
لەناو خەڵتانی خویناوا
تەپاو تلیە و لەناکاوا
هوروژمی پێ بەسەریا دێ
زامی گەرمی لێ دێتە سوێ (١٦)
بەناستەمێ نووزە تیاماو
ئەنالێنێ بۆ تۆزێ ناو !!
***

لەم شوێنە پڕ مەترسەدا
لەم کاتە تووش و ترسەدا
سێ لاوی نازای قارەمان
وەک شێری نەڕەی مەیدان

---

14- هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەو ساڵە کە میللەت نەینەویست دەنگی بۆ بدات.
15.- ئیرو : هێزی چەکدار
16.- سوێ : ژان . ئازار

دەست بەخەنجەری ڕووتەوە
بەدەم : " بابڕی کورد" ەوە
بەرەو شەست تیر تەکان ئەدەن
دڕ بەهێزی ئەوان ئەدەن
ئەی داخ !! ئەوا دوانیان کوژرا !!
تەنها عەولەسیسە ئەڕوا [17]
دەی قوربانی کوڕبم عەول
ئەوەی تاوانی وا لەمل
ماوەی ئەدەی ئەکو دەرچێ
ئەم خوێنە زۆرەی تیا بچێ
بڕی عەول ئەوا گەیشت
دەستم شکێ ئەویشیان کوشت !!!
ئای بەسەزمان عەولی کلۆڵ
خوێنی گەش تێکەڵ بوو بەخۆڵ
ئەخێر عەول هەڵسایەوە
دیسان تەوژمی دایەوە !
نیشتەسەر مەترەلۆز تەقێن
جەستەی کردە خەڵتانی خوێن
وەی بەقوربانی دەستت بم
فیدای باوڕ و هەستت بم
مردن هەردوو بەسەر یەکا !
تەقە و کوشتار ئەما و وەستا
***

[17] - عەولەسیسە : لاوێکی بالا بەرزی باریکەلە بوو . ئەندامێکی گورجوگۆڵی کۆمەڵەی لاوان بوو ، مێژووی تێکۆشانێکی زۆری هەیە لەپێناوی کورد و کوردستاندا

ئەی شارەکەی عەولەسیسە
بەڵێنبێ ئەو دستە پیسە
کەهەروا بەدەستی ئەنقەست
جۆگەلەی خوێناوی هەڵبەست
ئەبێ ئێمەی دڵسۆزی تۆ
ئێمەی کوردی ئەوەی ئەمڕۆ
بۆ تۆڵەی خوێنی ڕژاوت
کوردستانی زموت کراوت
پشتێنی تۆڵە ببەستین
ئەیکەینەوە و ڕانەوەستین
تا تێکڕا ئەم خاکە پاکە
خاکی ئەم کوردە چالاکە
ئەخەین بە دیار یەك تەن و پۆ
بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ
ئەوساتۆزێ وچان ئەدەین
پەیکەر بۆ ئەمرەکان ئەکەین [18]
پەیکەرێکیش جوانتر لەگوڵ
ئەکەین بۆ یادی کاك عەول
لەژێریا بە خامەی زێڕین
ئەنوسین : وێنەی ئەبەزین
بژی یادی کاکە عەول
یادی ڕۆژی شەشی ئەیلول [19]

---

[18].- پەیکەر : تمثال
[19].- مەبەست لە شەشی ئەیلولی سالی ١٩٣٠ یە

# چەپکێ گوڵ

یادکردنەوەی شەهیدەکانی ڕێی کوردایەتی، هانمان ئەدات بۆ سووربوون لەسەر خەباتی نەتەوایەتیمان، پێمان ئەسەلمێنێ کە نەتەوەکەمان هەمیشە هیوای ڕزگاربوونیو قوربانی داوە لەم پێناوەدا. تەنها تۆزێ زیاتر خۆشکردنی بلێسەی کوردایەتی، ڕێی ڕاستی بەرەو ئامانجی پیرۆزمان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوە بۆ چوونە ناو جیهانی هیوای نەمرمانەوە.

ئەی کۆترەکەم : ڕابەری هەست
ئەی سپی پۆش، چاو ڕەشی مەست
دەنووك سووری هێمن و مەنگ
ئەی بێ زیان، دوژمنی جەنگ
ئەی ئێسك سووك، دۆستی هەزار
دوژمنی زۆر، قین لەزۆردار
ئەی نیشانەی ئاشتی جیهان
ئەی کۆتردکەم : شامەلی جوان
چاوم لێتە، لەو نازارە
دیمەنت جوان و نازدارە
گوێم لێتە وا لەبەر خۆوە
بەدەم ڕەوتی وردی ڕێوە
تاوێ سۆزی ئاوازی خۆش
تاوێ ناڵەی گەرمی بەجۆش
ئەتاوێنێ بەسەر ئەرزا
بەسەر لووتکەی کەژی بەرزا

***

کەئەبینێ بەرەی گەلان
ئەڵێن : ئاشتی, ئاشتی جیهان
مرۆڤ ئەبێ شادمان بێ
دوور لە دیلی و لە زیان بێ
ئیتر گەشەی شادمانی
ئەتکات بە پارچەیەك جوانی

***

لەم لاشەوە کە ئەبینی
ژیانی کزی و زەبوونی
ولاتی ژێر دەستی زۆردار
داخی کەساس, ئاخی هەژار
تەمی پەستی وەك پەردەی ڕەش
دای ئە پۆشێ بەرچاوی گەش

***

ئەی کۆترەکەم, جوانی خرپن
خنجیلانەی, هۆگری من
منیش ئێستە وەك تۆ مەستم
دەمێ شادو, دەمێ پەستم
کوردستانم هەر وەك جیهان
بەشێ ئاوا و بەشێ وێران!

***

کەدیت تۆزی بزەی لێوم
ڕوونی خستە ڕووی پەشێوم
بەشێ لەخاکی ولاتم

ئەبینم : ئـــاوایە , شـــــادم [٢٠]
ئـــاوایە بەڕێی پیـــــاوەتی
بـــــە بیری نـوێی کوردایەتی
هیـــــــوام زۆرە ئە مجارە کورد
کـــەڕا پەڕی و هەڵمـــــەتی برد
هەڵمەت ئەبێ, هەڵمـــەتی پیاو
ســەرکـــەوتنی, ڕوونە وەك چاو
چونکە هەر خۆی بەخۆی بۆ خــۆی
دێتە مەیـــدان مەیدانیش تـــۆی
تۆ.. ئەی خـــاکی کوردســـتانم
ئەی سەرچـــاوەی تێکۆشـــــانم

***

کە پەســــــتم دێتە پێش چـاوم
مێژووی وڵاتـــــی شـــــێواوم
چ مێژوویـــەك؟ ســەرا پـــا سەر
هەمووی ئـــــازار و دەردی ســـەر

* * *

ئـــــەمڕۆ نۆزدەی جـــۆزەردانـــــە*
بیرم لای چوار قـــــارەمـــانـــــە
چـــــوار شەهیدی ڕێی نیشـــتمان
کـــەبۆ کـــورد و بۆ کـــوردستان

[20] - ئاوا : ئاوەدان , ماهول
* نۆزدەی جۆزەردان : مەبەست ١٩/ حوزەیرانی ١٩٤٧ یە.

کرانە قۆچی قوربانی
نرانە چاڵی پەنهانی !!
***

ئەی کۆترەکەم : بەهیوای تۆ
چاوەڕوانم ، سا دەی برۆ
بەیادی گیانی شەهیدان
بۆم بێنە چەپکێ گوڵی جوان
چەپکێ : گوڵی سووری تیا بێ
بەخوێنی کورد ئاو درابێ
چەپکێ : هەر چڵەی لە جێیە
رواو لەناو چەقی ڕێیە
کەبگاتە ئامانجی من
دوور بێ لەئاواتی دوژمن
***

گوڵێکی گەش لە مهاباد !
گەش هەروەکو بیری ئازاد
تیا نوسرابێ : ئا ئێرە بوو
جێ ی کۆماری کوردی زیندوو
لێرەدا بوو کە کوردستان
ئاڵای بەرزی خۆی داچەقان
بۆ ئەم خاکەو ئەم هەوارە
" قازی " درا لە سێدارە !! [٢١]

[21]- قازی محەمەدی ئەمری یەکەم سەرکۆماری کوردستانی ڕۆژهەلأت کاربەدەستانی فارس لەسێدارەیان دان !

***

ئەی کۆترەکەم : شامەلی جوان
لەوێوە بفڕە بۆ کوێستان
بۆ ناو دەرسیم, بۆ دیار بەکر
بۆلای گۆڕی دوانی ئەمر
گۆڕی " پیران, دکتۆر فوئاد "[22]
دوو پێشەوای کوردی ئازاد
کەوەك شێری نەڕی مەیدان
دەم بەخەندە و بەبێ کۆڵدان
بۆ ماف و تۆڵەی کورد زمان
لەسەر سێدارە ڕاوەستان

***

لەوێش چلێکی بنێ سەر
هەڵسەو بڕۆ ڕێ بگرە بەر
هەتا ئەگەیتە ناو بەرزان
بەرزان, بەرزانی قارەمان !!
بگەڕێ کام گوڵێ جوانە
نیشانەی خوێنی لاوانە
" بیکە " و بڕۆ ڕوەو بازیان
لەوێش لای بەردەقارەمان
لەو شوێنەدا کە شێخ، گیرا[23]

---

[22]- شێخ سەعیدی پیران و دکتۆر فوئاد : دوو پێشەوای شۆڕشەکانی کوردستانی ژووړو بوون . تورکە دڕندەکان لەسێدارەیان دان !.

خوێنی گەشی لەشی ڕژا
نالەوێدا چلێکی کە
هەڵبژێرە و دەسکەنەی کە
بۆم بێنە ئەو چەپکە گوڵە
تا بینێمە سەر ئەم دڵە
تێر بۆنی کەم بڵێم ئۆخەی
کورد خاوەنی مێژووە، دەی !!
ئنجا ڕووە و شەقامی شار
بڕۆم بڵێم : چینی هەژار
بێن لەگەڵم ڕۆژی ژینە
بێن لەگەڵم ئەی خەڵکینە
بۆ سەر گۆڕی چوار قارەمان
چوار شەهیدی ڕێی نیشتمان

***

کەچووین لەوێ ڕێگەم بدەن
سروودێ بڵێم بۆ وەتەن
گەش هەر وەکو دڵۆپی خوێن
گشت لەگەڵما بێن و بڵێن :
ژیان ئەمڕۆ بزەی تەڕە
بزەی لێوی تێکۆشەرە
بەتێکۆشان کوردستانم

---

[23] – شێخ مەحموودی قارەمان – یەکەم پاشای حکوومەتی کوردستانی خواروو . کاربەدەستانی چەپەڵی ئەوسای عیراق بەمردوویش وازیان لێ نەهێنا . چەند گوللەیەکیان نا بە تەرمەکەیەوە.

ئازاد ئەکەم، سەر و گیانم
ئەکەم بە پێخۆری خەبات
خەبات بۆ کورد و بۆ وڵات
چەندە خۆشە بۆ قەوم و خوێش
بم بە ئاگر، بە خۆڵەمێش
کوردستانم فراوانە
بووکی ڕازاوەی جیهانە
پەیمانە دوا تنۆکی خوێن
لێرە بێ یاخود لەهەر شوێن
بەقوربانی ئەوی ئەکەم
بۆ ئەو ئەژیم، سامانەکەم
لەگەڵ گۆشت و ئێسکی لەشم
بۆ ئەوە و خۆم لێ ی بێبەشم
برای کوردی خاوەنی هۆش
تۆ گوێ بگرە لە مژدەی خۆش
ئەمڕۆ ئەبینم نیشتمان
وەك گوڵاڵەی بەهاری جوان
کوڵمی سوور و چاوی گەشە
تومەز بیریکی بێ خەشە
تیا بڵاوە و ئەڵێ : دەی زوو
بۆ کوردستانی یەکگرتوو *

* * *

* هیوام وایە خوێنەرەوەی خۆشەویست لێم زیز نەبێ بە دووبارە کردنەوەی ئەم سرووده لەم هۆنراوەیەدا.

دوای ئەم سروودە سەنگینە
ئەو چەپکە گوڵە خوێنینە
کەتۆ : گیانە, ئەی کۆتری جوان
کۆت کردەوە لەکوردستان
دێنین لەو چەپکە هەر چڵێ
ئەنێینە سەر مستە گڵێ
سەر گۆڕی ئەو ئەمرانە
ئەو بێچووە شێرە کوردانە
گۆڕی " قودسی" شەهیدی لاو
" عیزەت, خەیری, گۆڕی خۆشناو [٢٤]
ئنجا ئەڵێین : ئەی شەهیدان
قەستەم بەخاکی کوردستان
بەو ڕێیەی ئێوە کە گرتتان
ئێمەش سەربازی ئەو ڕێیەین
قوربانی ئەم خاك و جێیەین
بنوون و دڵ لە دڵ مەدەن
ئەی شەهیدانی ڕێی وەتەن

---

24 - محەممەد قودسی و عیزەت عەزیز و خەیروڵلا عەبدولکەریم و مستەفا خۆشناو : چوار ئەفسەری چالاکی کوردبوون ، حکومەتی کۆنی گۆڕبەگۆڕی عێراق کردنی بە سێدارەدا چونکە بەشداری شۆڕشە مەزنەکەی بەرزان بوون !

# تۆ ئازادیت ئەی برای کورد

وتویانە ئەو گەلە ئازاد نیە کە گەلێکی تر دیل کات. ئەمە راستە. هەروەها ئەو گەلەش کەهێشتا خۆی دیل بێ, ناتوانێ گەلێکی تری دیل, یا نیوە دیل رزگارکات, ئەوەی داوای یارمەتی لێبکات و لەسامان و توانای بەرێ, بەهەرناوێکەوە بێ زیاتر زیانی لێ نەدات و تەوقی دیلێتی لەگەردنیدا قورس نەکات.

برای کوردی قارەمانم
هاوبەشەکەی نیشتمانم
تۆ لەلای من خۆشەویستی
کۆڵەکە و قەڵغان و پشتی
تۆ پەروەردەی شاخ و داخی
لەجوانیشدا گوڵی باخی
خانەدانی, جەوامێری
لەهەڵمەتدا وەکوو شێری
من تۆم ئەوێ, تۆی خۆشەویست
بەمەرجێ هەرچیم لە تۆ ویست
ملکەچ و کورنووش بەرم بی
هەتا هەتا نۆکەرم بی
لەکاتی شەڕ و کوشتارا
تۆ یەك بی لەناو هەزارا
نەبێ هەر هەڵمەت بەرم بی
سەربازی جەنگاوەرم بی
نەتکەم بە گژ هەزار دێوا
بەگژ دار و بەرد و کێوا
نابێ ناوی ترس و کۆڵدان
یا دوو دڵی و مان و گومان

بەدڵتابێ، بەناستەمێ
دڵی پاکم بکەی کرمێ !!

***

برای کوردی قارەمانم
هاوبەشەکەی نیشتمانم
کاتێکیش دنیا خۆشبوو
بەرگی ئاشتیمان پۆشیبوو
بۆم هەڵپەڕە لەسەر شانۆ
خواستم چی بوو.. پێم مەڵێ بۆ !
خڕ، بیژەنە و بە بەستەی جوان
بەهەڵپەڕکێ و سەما و سوڕدان
کۆڕی شەوم بۆ گەرم کە
دڵی ڕەقم پێ نەرم کە
چونکە تۆزێ تونگ و گیرم
نەیڕوشێنی هەست و بیرم !
خوانەخواستە ئەگە هاتوو
لێم زویر بووی، بەین تێکچوو !
پێت بڵێم و باش بزانە
ئەتکەم بە پەندی زەمانە (٢٥)
ئەیشێلم گۆشت و ئێسقانت
ئاوات بخوازی بە گیانت !..
پێم مەڵێ بۆ !!.. من بۆ تۆمە
تۆ هەر بڵێ برای خۆمە
برای خۆمە و قسەی ڕەقە
جا قەیچێکا لەسەر هەقە !!

---

25 - پەند : عبرە.

***

برای کوردی قارەمانم
هاوبەشەکەی نیشتمانم
گوێت لەمن بێ ئەی برای خۆم
من دڵسۆزم دڵسۆزی تۆم
تۆ سەربەستی چەن نەتوانی
چەنت پێیە، چەن ئەزانی
پەروەردە، پوخت و جوانییەکەی
بۆ کاکی خۆت قوربانییەکەی

***

تۆ سەربەستی سەربەستی بیر
قەڵەم تیژکەی تیژ وەکو شیر
پێی بنووسی ڕۆژنامەکەت
لە ئامانج و بەرنامەکەت
ئەو ئامانجەی منی برات
تەقەلاو هەوڵی بۆ ئەدات !!

***

دوژمنی ئێمە هەر یەکە !
کەواتە چاکی لێ هەڵکە
گوێڕایەڵی برای خۆتبە
لە ئاستی من سەر لە پێتبە
وڵاتمان نەبێ هەر یەک بێ
ئەم وڵاتەش پارچەیەک بێ
لە نیشتمانی پیرۆزم
لە ئەتەوە و گەل و هۆزم !!

زویر مەبە ئێمە براین
لەجیهانی یەکێتیاین
ئەوەی دژی ئەم بیرەیە (٢٦)
سا باوەڕی هەرچی هەیە
کلکی بێگانەی خوێڕی یە
بەشی هەرگیز سەرشۆڕییە
نابێ بژی نەبێ بمرێ
بمرێ و گوریس لەمل کرێ
ئێمە ئەڕۆین بە یەکسانی
بۆ دواڕۆژی کامەرانی
بۆ ژیانی پڕ لە ئاشتی
نە بێ ئیشی و نە برسێتی !!
ئیتر من و تۆ هەر یەکین
ئەمڕۆش ئەبێ سیەی نەبین
بەیەك تەن و بەیەك " زمان! "(٢٧)
برام ئانەمەیە ژیان !
گوێ نەدەیتە قسەی بێ جێ
ڕێی پیرۆزت لێ تێك بچێ.
گوایە تۆ کوردی و من منم !!
چاو لەدووتم یا دوژمنم !
بڕۆ ئازادی تۆ ئیتر
ئازادی پێی ناوێ پتر !!.

---

26 -دژ : ضد.
27 - تەن : لەش . جسم.

# ئاشتی پەروەرین

کاتێ ئاشتی لەجیهاندا جێگیر ئەبێ، کە هەموو نەتەوەکان بەهیوای سەربەستی خۆیان گەیشتبن.

ئاشتی پەروەرین
دوژمنی شـەڕین
بۆ کــوردایەتــی
گونجـاوە ئاشتی
ئاشتیمان ئـەوێ
کە کورد بسرەوێ

***

ئاشتی لای ئێمە ژێردەستی نیـە
ژیانی دیلی، سەربەستی نیــە
کاتێ کوردستان گەیشت بە هیوا
بەسەربەرزی تیا هەڵکرا ئــالاّ
ئەوساکە ئاشـتی پێمان ڕەوایە
بۆ کوردایەتی، کالاّی بالاّیە [٢٨]
ئاشتی گەر هاتوو
قسەی بە بـا بوو
دۆست و دوژمـنـان
لەسەر لاشەمــان
لاشەی کوردسـتـان
ژیان، لەومەڕان

---

[28] - کالا : بەرگ.

هەر بلێین ئێمە زۆر بێ زیانین
ئاشتی پەروەرین، دۆستی گەلانین !
ئەمە یا سستی و ترسنۆکییە
یاخود نۆکەری و دەروون سووکییە
ئەو جێیە خۆشە کە دڵ لێی خۆشە
ئاشتی بە دیلی، مردنی هۆشە

***

چەند خۆشە ژیان
لەگەڵ میللەتان
بەبێ قڕە و دەنگ
بێ کوشتار و جەنگ
سامانی گەلان
نەبرێ بە تاڵان

***

ئەبێ بەهێز بین، بۆ ئەوەی ئاشتی
ببێ بە کاڵا بۆ کوردایەتی
ئەبێ تەقەلای بێوچان بدەین
ئاشتی خەڵاتی کوردستان بکەین
کاتێ میللەتان ئەژین وەك برا
هەریەك بە هیوا و ئامانجی بگا

**سەرنج :**

**ئەم هۆنراوانە لەنێوان**
**(( ساڵی ١٩٥٨ – ١٩٦٠دا وتراون))**

## لێکۆڵینەوە

# کوردایەتی ی کامل ژیر
# لەژێر نەشتەری یەکالا کردنەوەدا

﴿(کوردایەتی)کۆمەڵە هەڵبەستێکی نوێ ی کامل ژیرە، لە ٧٤لا پەڕەی بچووکا
جەمال نەبەز پێشەکی بۆ نوسیوە، لەچاپخانەی (النجاح) لەبەغدا لەچاپ دراوە﴾.

نوسینی
محمدی مەلا کریم

١٩٦٠ ز
لەچاپخانەی (النجوم)لەچاپدراوە
نرخی( ٢٥ ) فلسە



## نووسینی: محەمەدی مەلا کەریم

لەم لێکۆڵینەوەما نامەوێ لە (( کوردایەتی )) یەکەی کاک کامل بکۆڵمەوە لەبارەی شێوەیەوە واتە لەبارەی ئەوچوارچێوە هونەری یەوە کەمەبەستەکانی تیا دەربڕیوە. لەم ڕووەوە هەرئەوەندە ئەڵێم تێکڕا کاک کامل هونەرو ڕێکخەرە زیاتر لەوەی شاعیربێ، چونکە هەڵبەستەکانی زۆر پێویستیان بەو ئاسۆی فراوانی خەیاڵ و تەعبیری ناسکەیە کەبایەخی هونەری شیعری پێ دائەنرێ.

ئەوەی مەبەستمە لێکۆڵینەوەی هەندێ رایە کەکاک کامل لەسەرەتای دیوانەکەی و پێشەکی چەند پارچە هەڵبەستێک و چەند دانەیەک لەهەڵبەستەکان خۆیانا دەری بڕیوە.

### با، بەر لەهەموو شتێك قسە لە ((کوردایەتی)) بکەین:

کوردایەتی، لەسەر ڕووناکی زانست، بریتییە لەتێکۆشان بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، بۆ ئەوە کەمیللەتی کورد هەموو مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەسگیربێ، بەئارەزووی خۆی سەرەنجامی خۆی دیاری بکا، هەتاوەکوو ئەگەر ویستیشی، جوێ بێتەوە لەو نەتەوانەی ئێستا لەگەڵیان ئەژی، وەبە پێی سوودی خۆی ئەریتی کۆمەڵایەتی خۆی هەڵبژێرێ. وەئەم کوردایەتی یە لەڕێگای خەباتی سەخت و بێ وچانەوە بەرامبەر ئیستیعمارو کۆنە پەرستی ـ بەکۆنە پەرستانی کوردیشەوە ـ دێتە دی.

بەڵام ، ئاخۆ کاک کامل لەو کۆمەڵە هەڵبەستەیا چۆن مەعنای کوردایەتی لێك داوەتەوە، وەتاچ رادەیەك توانیویەتی تەفسیرێکی راستی بۆ بدۆزێتەوە؟

سەرنجێکی سەرپێ یی لەو چەند دێڕەی کاک کامل کردوویەتی بەسەرەتای هەڵبەستەکانی، بەوردی ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە..

کاك کامل لەو سەرەتایەدا بۆ یەکەمین جار لەمێژووی نەتەوەی کورددا، فەلسەفەیەك بۆ کوردایەتی دانەنێ. وەتەعریفێکی وای کوردایەتی ئەکا کەنەك هەر بەڵگەی بەدەستەوە نییە بۆ ئیسپات کردنی، بەڵکو خۆیشی پێ ئەخاتە گەرداوی واوە کەکوردایەتی یەکەی بەفەلسەفەیەکی کۆنەپەرست، وەبەڵکو بەنموونەیەکی بۆ کوردی وەرگێڕاوی فەلسەفەی عرووبەی نەتەوە پەرستە عەرەبەکان بدرێتە قەڵەم، وەهەندێ شتی وا ئەڵێ کەسەروبنیان بەیەکەوە نی یەو ناکەونەیەك.

بابزانین چۆن ؟

**ژیر ئەڵێ**: ((**کوردایەتی خواپەرستی یە**)):

واتە، فەلسەفەی کوردایەتی لەدرزی ئایینەوە سەیری خەڵك ئەکا، وەسەنگو تەرازووی بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵك ئایین پەرستییانو ڕادەی ئەو ئایین پەرستی یانە. بەم پێ یە بەسەرنجی کوردایەتی ئەبێ خوا پەرستێکی عەرەب لەپێش تربێ لەبێ دینێکی کورد، کەئەمەش هەرچەند ڕاستو ڕەوان لەگەڵ باوەڕی ئایینی دا جووتە، بەڵام ژیر خۆی پێ ی ڕازی نابێ، چونکە لەلایەکی ترا ئەڵێ: ((کوردایەتی یەکسانییەو هەموو کوردێك لەسایەی دا چۆن یەك ئەژین)) واتە: بێ گوێ دانە جیاوازی ئاینییان. هەروەها ئەبێ باپیرە پێشووەکانمان — کەهیچ کوردایەتی یان نەکردووە — لەئێمە کورد پەروەرتربووبن، چونکە بێگومان خواپەرست تر بوون زیاتر لەئێمە وەختیان لەمزگەوتو تەکیەو خانەقاکانا بردووەتەسەر!

ئەنجا ئەم خوا پەرستی یە کەژیر قسەی لێ ئەکا، ئاخۆ چۆن جۆرە خوا پەرستی یەك بێ؟ خوا پەرستییەکە لەسەر شێوەی موسوڵمان — کەزۆربەی نەتەوەی کوردی لێ پێك دێ — یان لەسەر شێوەی جوو، یان گاور، یان پەیڕەوانی ئاینێکی کە؟ وەئەگەر لای ژیر جیاوازی نەبێ لەخوا پەرستی دا، وەموسوڵمانەتیو جوولەکەییو گاوری بەیەکسان دانێ، بێگومان کۆمەڵانی میللەتی کورد لەگەڵی نابن لەم باوەڕەیا، وەئەبێ ئاگرپەرستی باپیرە گەورەکانمانو خواپەرستی ئێستای موسوڵمانانی میللەتەکەمان لەیەك تای تەرازودا دانێ، وە وەك یەکیان بزانێ، کەئەمەش ئەلەڕاستیدا وایە.

وەنە لەگەڵ پێویستی ی ڕێزگرتن لەبیروباوەڕی خەڵك ڕێك نەکەوێ. خۆ ئەگەر لەسەر شێوەی موسوڵمانانەشی مەبەست بێ، ئەبێ کوردەکانی پێش ئیسلامەتیو کوردە مەسیحییەکانی ئێستا بەکورد دانەنێ، هەرچەندیش لە پێناوی کوردو کوردستانا تێ بکۆشن...

من هیچ گومانم نییە لەوەدا کە کاك کامل بەداسە پەندانی مەسەلەی خوا پەرستی لەکوردایەتی دا، لەوە زیاتری مەبەست نی یە کەمەراییو ڕوو پامالی یەتی یەکی ئاشکرابکا بۆ خوا پەرستانی میللەتەکەمان، وە (ڕایان کێشێ!) بۆ هاتنە ژێر ئالای ئەم کوردایەتی یە تازە بابەتە، وەکەشان بەشانی (عروبە اسلام) ی موبارەك، لەکوردستانیشا دروشمی (کوردایەتیو خوا پەرستی) بەرزکاتەوە.

ئەگینا ئەبوو خۆی کەسەربازێکی ڕێگای کوردایەتییە - بەپێ ی مەعنای کوردایەتی لەفەرهەنگی کاك کامل خۆی دا - بەشێوەیەك لەشێوەکان خەریکی خوا پەرستی بێ، وەیەکێك جارێك لەمزگەوتێك یان لەکەنیسەیەك یان لەسەر کەلاوەی ئاتەشگایەك ئەی دی کاروباری ئاینی جێ بەجێ بکا...

ئەنجا ئەگەر کوردایەتی ڕژێمی فەرمانڕەوایی بێ وەکو ژێر خۆی ئەڵێ، وەهەر لەوکاتەدا خوا پەرستیشبێ، ئەبێ بەوپێ یە پەرستن شتێکی ناچاری بێ لەدەوڵەتی کوردایەتی دا، وەئەبێ ئایینو دەوڵەت تێکەڵ بکرێنو حوکومەتێکی ئاینی مان هەبێ، وەبێ باوەڕان سزابدرێن، وەیاساکەی سەدەکانی ناوەڕاست لەئەوروپادا، لەکوردستانا زیندووبکرێنەوە...

هەمووکەس ئەزانێ کە لەهەموو چەرخێکی شارستانیەتی دا تاقمە (ملحد)ێك بوون، وەئەمانە لەئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیو پەیدابوونی (نەتەوایەتی)دا ژمارەیان ڕووی کردووەتە زیادبوون. هەر بۆیەش ئێستا دەوڵەتی (عەلمانی) کەئاینیان لەدەوڵەت جوێ کردوەتەوەو کردوویانە بە پەیوەندیەکی تایبەتیی نێوان خواو بەندە - کەخۆیشی لەڕاستی دا وایە- زۆربوون. جا ئاخۆ لەسایەی دەوڵەتی کوردایەتیدا کەلە لایەکەوە باوەڕو خوا پەرستییە، وەلەلایەکی تریشەوە ئەریتی فەرمانڕەوایی

یە، واتە نەبێ خەڵك پەیڕەوی لێ بکەن، بەڵێ لەژێرسایەی ئەو حکوومەتەدا نەبێ ملحدەکانی کوردستان – کەبێ گومان ژمارەیەکی زۆریشیان لەوانەن کەوەك کاك کامل مەعنای کوردایەتی لێك ئەدەنەوە- ڕاکێشرێنە مەیدان، وەئەگەر باوەڕیان نەهێنا سزابدرێن. وەدادگاکانی پشکنین (محاکم تفتیش) ی ئەوروپای دەوری پاپاکان دووبارەبکرێتەوە، کەئەمەش بێ گومان خۆ هەڵقورتاندنە لەئازادی بیروباوەڕی خەڵكو پێچەوانەی دیموکراتیەتە، وەهیچ گەلێکی وریا ئەریتێکی وابۆ خۆی پەسەند ناکا لەسەدەی بیستەما...

دەوڵەتی ئاینی نیشانەیەکە لەنیشانەکانی دەوری دەرەبەگی، هەربۆیەش لەهەر وڵاتێکی دەرەبەگی دا لەژێر پەردەی ئایینا ئازاد بیران سزادراونو سوتێنراونو پەل پەل کراون. لەگەڵ پەیدابوونی قۆناغی بورجوازیەتا وردە وردە ئایین لەدەوڵەت جوێ کراوەتەوە، وەکراوە بە پەیوەندییەکی تایبەتیی نێوان خواو بەندە، وەدەسی کێشراوەتەوە لەدرێژبوون بۆ کاروباری کۆمەڵایەتیو پەیوەندی ناوخەڵك، هەرچەند ئێستاش تاقمە حوکمڕانەکانی وڵاتانی ئیستعماری، لەئەنجامی لێدانی سەختی گەلانی وڵاتانی خۆیانو وڵاتانی موستەعمەرەدا دووبارە دەم لەئاین ئەدەنەوەو ئەیانەوێ بیکەن بەداردەستی خۆیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی گەلان، وەبۆ بەرهەڵستی بیروباوەڕی ئازادیو پێشکەوتن...

کۆنەپەرستەکانی عەرەبیش کەئێستا ئەم مەسەلەیە ئەهێننەکایەوە، بۆ ئەوەیانە کەڵك لەهەستی ئاینی خەڵك وەرگرن بۆ چەوساندنەوەیانو بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی ئیستیعمار بۆ سەر وڵاتە ئازادبووەکانیان، وەبۆ جێ گیرکردنی لەوڵاتە دیلەکانیانا، هەمومان ئەزانین ئەمڕۆ چۆن کۆنەپەرستە عەرەبەکان لەژێرپەردەی ئیسلامەتی یا ئەیانەوێ نەیەڵن نەتەوەی کورد هیچ مافێکی خۆی دەسگیرببێ، وەهەر بەبێ بەشی ئەوە. هێنانی ئەم تەجروبەیە کەهیچ پەیوەندییەکی بە ((خاکی نیشتمان)) مانەوە نی یە بۆ کوردستان. بەهیچ جۆرێك سەرناگرێ، وەنەتەوەی کوردی وریای پێ هەڵ ناخەڵەتێ. میللەتی کورد لەیادیەتی کەدوژمنانی جومهوریەتی کوردستان

هەموویان هاواریان بوو، وەکەوتبونە دادو فیغان لەفەوتانی ئیسلامەتی لەجومهوریەتی مەهابادا. نۆکەرەکانی چەرخی کۆنی عێراقیش خۆیان بەچاودێری کەری ئاین ئەدایە قەڵەم...

بێینە سەر ئەوەش کە کاك کامل، کوردایەتی بە (( رژێمی گونجاوی پاشە ڕۆژمان )) دائەنێ، واتە هیچ رژێمێکی تر بۆ کوردستان دەس نادا. ژێر لێرەدا بەندوباوی (( خاکی نیشتمانو بیرو باوەڕی لەدەرەوە هێنراو )) دێنێتە کایەوە، هەرچەند ئەم ئاوازە خۆی لەخاکی نیشتمانەکەمان هەڵ نەقوڵاوە، بەڵکو لەدەرەوە هێنراوە، وە کەڕاستو ڕەوان بۆ بێ بەشکردنی میللەتەکەمانە لەکەڵك وەرگرتن لەتەجروبەی تێکۆشانی گەلان، وەبۆ بەگژاچوونی بیروباوەڕی پێشکەوتووە...

ئەنجا کە کوردایەتی ڕژێمی فەرمانداری (نظام الحکم)بێ، وەهەر ئەویش بۆ کوردستان دەس بدا، واتە کورد بۆی نەشێ ڕێگایەکی تر بدۆزێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی( پەیوەندی هێنانە بەرهەم ) ( علاقات الإنتاج ) ناوخۆی دامەزراندنی ئەو دەسگایەی کەئەم بەڕێوەبردنە ئەگرێتە ئەستۆ، بەڵێ کەوابوو بۆمان هەیە بپرسین ناخۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکوردستانا لەژێر سایەی کوردایەتی دا چۆن ئەبێ؟ ئەمرو دانیشتوانی کوردستان پێکهاتوون لەکرێکارو جوتیارو ڕۆشن بیرو سەنعات کارو کاربەدەستانو سەرمایەدارانو دەرەبەگەکان، وەمیللەتی کورد پێکهاتووە لەگەڵو نیشتمان پەروەرانی ناو ئەمانە، بەڵام ئەمانە هەندێکیان هەمیشە پێکەوە دانوویان ناکوڵێو سوودی نابووریان تاسەر لەگەڵ یەك ناگونجێ، هەرکامیش لەمانە کوردایەتی ئەکەنو دڵیان بەئامانجو هیوای دوورو نزیکی کوردایەتی یەکەیان خۆشە... لەبەرئەوە هەرکامیان بۆیان هەیە بپرسن: ناخۆ لەژێرسایەی فەرمان داری کوردایەتی دا باری ژیانیان چۆن ئەبێ؟ واتە: ناخۆ وەك ئێستا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیوە دەرەبەگیو نیوە سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵا حوکم ئەکا، یائەبێ بە سەرمایەداری یەکی تەواو، یا ئەگەر بێینەوە بۆ دواوە بۆ دەرەبەگی یەکی ڕاستو ڕەوان، یا پێش ئەکەوین بەرەو سۆشیالیزمو کۆمۆنیزم؟.. کامل ژێر وەڵامێکی وردی ئەم

پرسیاره ناداتەوە، هەرچەند ئەڵێ: ((کوردایەتی، یەکسانییەو هەموو کوردێك لەژێر سایەیا چون یەك ئەژین)) چونکە روونی نەکردووەتەوە ئاخۆ ئەو یەکسانییە لەبەردەمی قانوونایە، یان لەبۆ هەڵکەوتنی هەلا، یان لەخاوەن دەرامەتی دا. وەبە پێ ی سر نجی سەرمایەداری یە، یان سر نجی سۆشیالیستی؟

وە چونکە کاك کامل ئەم یەکسانی یەی بەسروشتێکی تایبەتی کوردایەتی داناوە، لەبەرئەوە کە ((ڕژێمی گونجاوی پاشە ڕۆژمانە))واتە: لەناو جەرگەی ئەم نیشتمانەوە هەڵقولاوە، وە لەدەرەوە نەهێنراوە، وەلەبەرئەوەش کەهێشتا ئەم یەکسانییە نەکەوتووەتەڕوو لەمەیدانی خستنە کارا (دور التطبیق)، وە پێشانیش نەدیتراوە — مرۆڤ سەری لێ دەرناچێ چۆن جۆرە یەکسانی یەکە؟.

لەبیرمان نەچێ ئەم پرسەش لەکاك کامل بکەین کەئاخۆ لەژێرسایەی کوردایەتیدا ئەبێ ئەنجامی ئەو کەمایەتییە نەتەوەیی یانە چۆن بێ کەئێستا لەکوردستانا ئەژین. چونکە ئەو هەر ئەوەندەی وت کەهەموو کوردێك لەژێرسایەی کوردایەتیدا چون یەك ئەژین. وە نەیوت هەموو دانیشتوانی کوردستان.

ئەی یانی چی: ((کوردایەتی ڕاستی یەکی مێژوویی چەسپیوی هەمیشەیی بێ هاوتایە))؟ ئەوەی زانست ئیسپاتی کردبێ ئەوەتا کوردایەتیش وەك هەر بوویەکی زیندوو (کائن حی)ی تر سە قۆناغی هەیە: پەیدابون، پێ گەیشتن، لەناوچوون. کوردایەتی لەگەڵ پەیدابونی نەتەوایەتی، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەداری پەیدابووە، وەلەماوەی خەباتا بو دەسی خستنی مافەکانی نەتەوەی کورد پێ ئەگا، وەبەدرێژایی ساڵ پاش جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی، بەنەمانی گیروگرفتەکانی ئیستیعمارو چەوساندنەوەی سەرمایەداریو چارکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیو نەهێشتنی پاشماوەی ئەو ناکۆکی یانەی کەبەدرێژایی قۆناغەکانی چەوساندنەوە (لەبەینی) نەتەوەکانا پەیدابووە، وەك هەر نەتەوایەتی یەکی تر لەناوا نامێنێ. بەلام ئەی ((بێ هاوتایە)) مەعنای چی؟ من نامەوێ بڵێم کاك کامل ویستویەتی بڵێ: کوردایەتی لەهیچ نەتەوایەتیەکی تر

ناچیٚ، وەلەسەر رووی هەمویانەوەیە.. چونکە بیروباوەڕی کاك کامل دیموکراتییە، وەخۆیشی هەر لەو سەرەتای کتێبەیا وتی: ((کوردایەتی بەیەك چاو ئەڕوانێتە هەموو نەتەوەکانی سەرزەمین بەلاّم بەپێویستی ئەزانم داوای چارەکردنی ناکۆکی (بەینی) ئەم دووقسەیەی لیٚ بکەم.

من کەتەنها ئەم ڕەخنانە لەسەرەتای((کوردایەتی)) یەکەی کاك کامل ئەگرم، مەعنای وانی یە لام وایە مەعنا لیٚکدانەوەکانی تری بۆ کوردایەتی مەعنا لیٚکدانەوەیەکی عیلمیو ڕاستن، چونکە زۆربەی لەخۆیەوە هیٚناونی، بەلاّم چونکە بلاّو بونەوەیان بیروباوەڕیٚکی خراپ لەمیٚشکی خەلّکا بلاّوناکاتەوە لەسەریان ئەڕۆیشتم. بەمیسال ئەمە کە((کوردایەتی، بیٚزیانیو ئاشتی خوازیو دۆستایەتیو دۆست پەروەریو چالاکیو جەربەزەییو لەخۆبوردنو فیداکاری))و... تاد، بیٚ بەلگەیەکی لەسەرنییە، وەئەم سروشتانە وەئەبیٚ بەشیٚك بن لەکوردایەتی، هەرچەند نەتەوەی کورد سروشتی وای هەبیٚ.

وەك زانیمان کاك کامل ژیر کوردایەتی بەنەریتی فەرمانڕەوایی دانا، واتە: کوردایەتی شیٚوەیەکی تایبەتی پەیوەندی هیٚنانە بەرهەمە. جائەگەر ئەمە بگرین بەدەستەوەو سەیری ئەوەش بکەین کەلەسەرەتای پارچە هەلّبەستی (کوردایەتی ل ٤٢)دا ئەلیٚ: ((هەندیٚك ئەلیٚن کوردایەتی قۆناغیٚکە پیٚیدا تیٚ ئەپەڕین بۆ جیهانی مرۆڤایەتی! لای ئەوانە ئەگەر ئەم قۆناغەش پەڕیٚنرا چاکترا. چونکە بڕینی ئەم قۆناغە بەڕیٚگایەك ئەزانن بۆ مەبەستیٚکی تر لەڕاستیدا کوردایەتی قۆناغ نی یە)) وەئەم ڕایەشی لەو پارچە هەلّبەستەیا هۆنیوەتەوە، بەلیٚ ئەگەر ئەم دووقسەیەی لەیەك بدەین، یائەبیٚ بلّیٚین نەریتی حوکم لەژیٚر سیٚبەری کوردایەتیدا(لەسەروو چینەکان «فوق الطبقات»)ەوەیە کەئەمەش بیروباوەڕیٚکی دیماگوکیو خەلّك هەلّ خەلّەتیٚنی ڕووتە، یائەبیٚ بلّیٚین نەریتیٚکی وایە هەرگیز ناگۆڕیٚ کەئەمەش دیارە ڕایەکی ڕاست نییە یائەبیٚ ئەودەس لەیەکی لەم دووقسەیەی هەلگریٚ.

ژیریش وەك هەڵگرانی دروشمی چەوتی ( سلام لا استسلام ) دیت مەعنای ئاشتی وەرنەگیرێ وە وای پیشان ئەدا کە ئاشتی واتە : سەرشۆرکردن بۆ داگیرکەران وە ئاشتی خوازان دوژمنی شۆڕشن بۆ ئازادبوونی گەل و نەتەوەو نیشتمان :

ئـــاشتی لای ئێمە ژێر دەستی نییە
ژیـــانی دیلی ، سەربەستـــی نییە
کاتی کوردستان گەیشت بە هـــیوا
بـــــەسەربەرزی تیا هەڵکرا ئالآ
ئـەوساکــــە ئاشتی پێمان رەوایە
بۆ کوردایەتـــــــی کالآی بالآیە

بەڵام ئاشتی لای هیچ ئاشتی خوازێك لەم گێتییە پـان و پـۆرەدا وا نییـە کـە ژێـر پیشانی ئەدا ئاشتی بەرامبەر بـە جەنگە ئـەو جەنگـەی کـە ئیمپریالیستەکان ئـەی نێنەوە وە دەماری ژیانیانە بەرامبەر بە دروست کردنـی بنکـەی سـوپایی‌و خـۆ چـەکدار کردن و عەمارکردنی بۆمبای ئەتۆم و هیدرۆژینە بەرامبەر بە خەرج کردنی بێ ئامـانی سامانی ولآتـانە بۆ خۆ چەکدار کـردن بەرامبـەر بـە دەس درێـژی ئیـستیعمارە بـۆ سـەر گەلان. جوولآنەوەی ئاشتی هەمیشە پشتیوانی خـەباتی گـەلانی ژێـر دەست بـووە لـە پێنـاوی ئازادی و سەربەخۆییدا ژێریش زۆرباش ئەم راستییە ئەزانێ چـونکە خـۆی لـەم رێگەدا نیشی کـردووە ئـەوەی سـەرم لێ سـوڕ مـاوە ئەوەتـە لەبـەر چـی لـە یـادی خـۆی ئەباتەوە ؟

هـەروەها هێرشـێکی ناحـەق ئەباتـە سـەر جوولآنـەوەی ئاشـتی بـێ ئـەوەی لـە لێپرسینەوەی دەروونی خۆی بترسێ ئاشتی خوازان بە ترسنۆك و نۆکـەرو دەروون سـووك ئەداتە قەڵەم بەڵام خۆی نـەیوێراوە روونـی بکاتـەوە کـە نۆکـەری کـێن ؟ هەرچـەندە دیارە مەبەستی ئەوەیە نۆکەری ئەو گەلانەن کە ئەمرۆ نیشتمانیان لەگـەڵ نیـشتمانی ئەتەوەی کوردا لە چوار چێوەیەکی جوغرافیـایی دایـە ..ژێـر ئەیـەوێ ئاشـتی خـوازان ئالآی پڕ رسوایی دوژمنایـەتی لەگـەڵ گـەلانی دراوسـێ ی کـورد هـەڵگرن تـا ئـەو بـە

نۆکەریان دانەنێ ..داوا ئەکا درندە بین و ئەڵێین دۆستی گەلانین وە ئاشتی پەروەرین ..گوێی بۆ شل کەن کە ئەڵێ :

هـــــەر بڵێین ئێمە زۆر بێ زیانین
ئــاشتی پەروەرین دۆستی گەلانین
ئـــــەمە یا سستی و ترسنۆکییە
یاخود نۆکەری و دەروون سووکییە ..

بەلام با هەموو کەس زۆر باش بزانێ و ئەوە بنێتە ژوورسەری کەوا رای گشتی میللەتی کورد هەمیشە سوورە لەسەر بێ زیانی وە ئاشتی پەروەری وە دۆستایەتی گەلان وە سوورە لەسەر تێکۆشان لەڕووی ئیمپریالیزم و نۆکەرە کوردو عەرەب وە تورك و فارسەکانیا، وە هەمیشە لە خەباتی پێکەوەدا ئەبێ لەگەڵ میللەتانی دراوسێ ی بۆ ئازاد بوونی هەموو لایەکیان وە بۆ ئەوەی هەموویان مافی دیاری کردنی سەرەنجامی خۆیان بەدەستی خۆیان وەرگرن وە بێ گومانە لەوە کە ئەم خەباتەی ئەگاتە ئەنجام و ئەم ئاواتەی دێتە دی چونکە پیشەی هەمیشەی خەبات کردن و قوربانی دان بووە وەهەر میللەتێکیش خەباتکەرو قوربانی دەر بێ رەنجی بە با ناچێ .

لێرەدا ئەوەش بڵێین کە ئەم هێرشەی کاك کامل بۆ سەر ئاشتی خوازان بەهیچ رەنگ ناکەوێتە یەك لەگەڵ ئەوەدا کە لە سەرەتای دیوانەکەی دا ئەڵێ : ((کوردایەتی بێ زیانی و ئاشتی خوازی و ...تاد ))ە .

ئەمە چاو گێرانێکی سەر پێی بوو بە (کوردایەتی) یەکەی کاك کامل ژیرا خۆم بە ناچار زانی بیخەمە بەرچاو خوێندەواران

چونکە لەم سەردەمەدا کە دیموکراتیەت لە ولآتەکەمانا هەندێ تەگەرەی دێتە بەر وە کۆنە پەرستانی دەزگای حوکم ئەیانەوێ لەرێگای بە سووك سەیر کردنی هەستی نەتەوایەتی کوردو ژێر پێخستنی مافەکانیەوە دروشمی برایەتی کوردو عەرەب بێ بایەخ بکەن هەندێ کەسیش لە کوردستانا بە پێچەوانەی سوودی دانیشتوانی کوردستان و هەموو خەڵکی عیراق بیروباوەڕی چەوتی وا بلاو ئەکەنەوە کە هیچ مافێك

بۆ نەتەوەکەمان مسۆگەر ناکا وە تێکۆشانی بە ڕێگایەکی راستا نابا وە ئەیانەوێ ئەو هەڵوێستە سەلبییەی کۆنە پەرستانی ناو کاربەدەستان و نەتەوەی عەرەب بکەن بەبەڵگە لەسەر ئەوە کە ئەبێ ئێمە بە تەنها ئیش بکەین وە نەك بە چاوی متمانە نەکردن بەڵکو بە چاوی بێ باوەڕیشەوسەیری گەلی عەرەبی دۆست بکەین .

پێویستی ئەمرۆی دیموکراتییە کوردەکان ئەوەیە لەم ڕووەوە زۆر وریابن، تاساویلکەکانی نەتەوەکەمان، گەلی عەرەب و هەڵوێستی کاربەدەستانی کۆنە پەرست و نەتەوەچییە عەرەبە ساختەکان لەیەك تای تەرازوودا دانەنێن.

گەلی عەرەب ئەوگەلەیە کەبەهەزارانی هاتە سەرجادەکان بۆ پێشوازی کردن لەتێکۆشەری کورد مصطفى بارزانی، ئەوگەلەیە کەبەهەزارانی لەبەسرە هاتنە پێشوازی ئەو خێزانە کوردانەی کەلەیەکێتی سۆڤیەت گەڕانەوە... گەلی عەرەب لەعێراقا هەمیشە داوای دانی مافەکانی گەلی کوردی کردووەو پشتی خواستەکانی گرتووە..

عەرەبە کۆنە پەرستەکان هیچ رۆژێك رووی میللەتی عەرەب نیشان نادەن، وەك کۆنە پەرستە کوردەکان فریان بەسەر میللەتی ئێمەوە نییە.

ئێمە دڵنیاین لەسەر دەسکەوتنی مافەکانمان، چونکە سودی ڕاستەقینەی هەردوو میللەت یەکە، وەئەوانیش بەوپەڕی کینەوە سەیری ئەو کۆنە پەرستانەی میللەتەکەیان ئەکەن کەبەچاوی سوك ئەڕواننە نەتەوەی کورد.

**رۆژی ڕەخشانی بیروباوەڕی * پیرۆزی**
**کوردایەتی * بەبێژنگی کون کونی**
**لەدەرەوەهێنراو* بەری ناگیرێ**

**نووسەر**



## نووسینی: د. جەمال نەبەز
## « زەردەشت »
# کوردایەتی

کوردایەتی... گوایە ئەبێ چ ناوێك لەم ناوە خۆشترو دڵگیرترو شۆڕشگێڕترو بەجۆش تربێ، لای هەموو کورد پەروەرێکی پاکی دڵسۆزو هەموو هاوڵاتیەکی مەردی خاوەن هۆش. یان ئەبێ چ ناوێك لەم ناوە تۆقێنەرترو ترسناك تربێ، لای هەموو (بەناو کوردێکی!)خۆفرۆش و هەموو نەفامێکی گێلی مێشك بۆش. بەڵێ، کوردایەتی ئەو کوردایەتییە کەهەستی نەتەوایەتی و بەلاداکردنی چاکی مەردایەتی و چوونە ناو کۆڕی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی نیشتمان و هەوڵ و تەقەلای بێ وچان و خۆبەخت کردن بۆ کوردو کوردستان و.. ئەمانەو گەلێ ماناو واتەی بەرزی تر ئەگەیەنێ.

جاکوردایەتییەك ئەمەندە بەرزو پیرۆزبێ، ئاخۆ چ دڵڕەق و پێ سوورێك[1] بێ و دڵی بێ ئەم ناوە بەرزە بداتە بەر ئەشتەرو بیەوێ جەرگ و ڕیخۆڵەی رابدات، جگە لەوانە نەبێ کەهەموو ئامانجێکیان هاتۆتەسەر بەربەرەکانی کردن لەگەڵ کوردو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردا؟. کەئەم کردەوەیەشیان جووت بەرامبەرە لەگەڵ کردەوەی ئیمپریالیست و دامودەزگا خوێنمژەکانی دوژمن.

لەگەڵ ئەوەشدا خوشك و برای خوێنەر، هیچ سەرسام مەبە. وا ((حەمەی مەلا کەریم)) ناوێك، زۆر بێ پەرواو بێ ئەوەی دڵ لەدڵ بدات، (بەخەیاڵی خۆی) کوردایەتی بودایتە بەر ئەشتەرو نامیلکەیەکی ((شەش پەڕەیی)) بۆ دەرکردیت بەناوی یەکالاکردنەوەو ورگ هەڵدڕین و شەق و پەق کردنی ئێسك و پروسکی کوردایەتییەوە. هەرچەندە نەبوو ناوی نامیلکەکەی((کوردایەتی و...))بوایە

---

[1] پی سوور: نیشانەیە بۆ کەو ... ئەڵێ کەوی پی سوور دوژمنی هۆزی خۆیەتی.

چونکە ئەوان بەزۆری بە(( .... ))باز ناویان ڕۆیوەو تائێستا بەنەشتەرباز ناوبانگیان دەرنەکردووە.

هەرچەند دووریش نیە لەم دواییەدا بووبنە عەجامات گر، یان دەوری زەروو ببینن، چونکە دەمێکە (( قالەی زەرووگر )) بێزەرووەو پێویستی بەتاقمێکە جێی زەرووەکانی بۆبگرنەوە.

هەرچی چاوێك بەسەرناوی بەرگی ئەم نامیلکە زەردەدا بخشێنێ، دەمودەست لەئامانجی پیسی ناوەڕۆکەکەی ئەگات، بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە، چونکە خاوەنەکەی ئەوەندە دڵ پڕ لەداخ و جەرگپڕ لەقین بووە بەرامبەر وشەی (( کوردایەتی )) بەهیچ کلۆجێ، خۆی بۆ ڕانەگیراوە، تەنانەت لەبەرگەکەشیا(( بۆن دێ . بۆنی بێگانان دێ )).

بەلاَم پێشەکی باهەموو ئەوانەی وەك تەماتەی بڵ سوور هەڵگەڕاون و بۆنیان کردووە، بزانن کەبەرگی پۆلاَیینی کوردایەتی، کالاَی پڕ بالاَی نەتەوەکەمانەو هەمووڵایەکی گیان و تەنی نەتەوەکەمانی داپۆشیوە. بۆیە نەشتەری کولی ژەنگاوی ئەدەرەوە هێنراو، ئەکار ئەکاتە ئەوبەرگە، ئەشوێنێکی بەرەلاَو دەرپەڕیویشی دەست نەکەوێ، خۆی پیا هەڵچەقێنێ. دەبۆیە نەشتەرە کولە لەدەست(( هاوڕێ حەمە )) هەڵخزاو چووەوە بەمەچەکی خۆیداو شادەماری باسکی بڕی، بڕینێکی ئەوتۆ کەهەرگیز خوێنی نەگیرسێتەوە.

بەڵێ، حەمەی مەلا کەریم، ئەو نامیلکەیەی بەدوای( کوردایەتی )یەکەی کامیل ژیردا دەرت کردبوو بەناوی( لێکۆڵینەوە — کوردایەتی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاَکردنەوەدا ) بەچاکی خوێندمەوە. بەلاَم باوەڕبکە هەر کەچاوم بە بەرگەکەی کەوت، دەمودەست زانیم وتووتەچی.

چونکە ئەو قەوانە ناخۆشەی تۆ لێت داوەتەوە یەکجار کۆنەو منیش گەلێ جار گوێم بۆ گرتووە، کاتێك کەمنیش وەك تۆ سەرلێشێواوو بۆ بێگانە سەماکەر، تۆی

وێڵی ڕێگەی چەوت، دوای کڵاوی بابردوو کەوتبووم و بۆ تۆزی دەهۆڵ خۆم نەکوتا!.
هەروەها کامیل ژیریش ماوەیەکی زۆر گیرۆدەی ئەم داوە بووبوو و لەم ڕێگەیەدا تووشی گەلێ چەرمەسەری و گیروگرفت هات، بەڵام کاتێك کەچەوتیی ئەو ڕێگەیەی بۆدەرکەوت، وەك سەدان لاوی تری بەناموس و کورد پەروەر، وازی هێناو ئیتر لەوکاتەوە خەباتی خۆی تەرخان کردووە بۆ ڕێی پیرۆزی کوردایەتی.

با زۆری لەسەر نەڕۆین، بێینە سەر ناوەڕۆکی نامیلکەکەت لەسەرەتاوە ئەڵێیت:
(( لەم لێکۆڵینەوەما نامەوێ لە (( کوردایەتی )) یەکەی کاك کامل بکۆڵمەوە لەبارەی شێوەیەوە، واتە لەبارەی ئەو چوارچێوە هونەرییەوە کەمەبەستەکانی خۆی تیا دەربڕیوە لەم ڕووەوە هەر ئەوەندە ئەڵێم تێکڕا کاك کامل هونەرو ڕێکخەرە زیاتر لەوەی شاعیربێ )).

بەڵێ، تۆ هەقتە کامیل ژیر بەشاعیر دانەنێیت ئەوە شتێکە بیروڕای خۆتەو باوەڕناکەم ئەو ئەوەندەی تۆزقاڵێك پێی پەست ببێ. بەڵام ئەبوو ئەوەت بزانیایە کەئەو هیچ کاتێك خوتووکەی فیزی خۆی نەداوەو وەك تۆ لەسەرووی بەرگی کتێبەکانییەوە بنووسێ: (( ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق )) لەکاتێکدا کەئەو، زۆر لە پێش تۆوە، بگرە لەڕۆژانی دروست بوونی ئەو یەکێتییەوە، قوبوولکراوە بە ئەندام بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێ بووبێ، کاتێکیش پێیان وت تۆ بووی بەئەندام لەو یەکێتی یەدا، ئەو ( ڕەفزی ) کرد، چونکە وتی: (( من لەو باوەڕەدام کەئەبێ ڕێکخراوێکی تایبەتی هەبێ بۆ ئەدیبانی کوردستان )).

دیسان ئەگەر ئەو شاعیربێ یان نەبێ، ئەبێ شاعیرێکی بەهرەوەر، یان هیچ نەبێ یەکێکی ئەدەبزان، ئەم فەرمانەی بەسەردابدات، چونکە ئەوان شیعرو ئەدەبی باش و خراپ لێك جیائەکەنەوە، واتە – نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب – نەك ئەوانەی تا ئێستا دەسەڵاتی ئەوەیان نیە بەکوردییەکی ڕاست و ڕەوان و بێ گری و گۆڵ بنووسن، کەچی لەهەموو دیزەیەکیشدا خۆیان ئەکەنە ئەسکوێ. ئەوەتا

لەباتی ئەوەی بڵێت(( لەم لێکۆڵینەوەیەما )) وتوتە : (( لەم لێکۆڵینەوەما[1] )) لەجیاتی ئەوەی بڵێیت (( لەبەر ڕۆشنایی زانست ))وتووتە : (( لەسەر ڕۆشنایی زانست[2] )). وادیارە هەتا ئێستەش تەزووی (( سیوطی وعوامل و اظهار ومغنی اللبیب )) بەری نەداوی. ئەگەرچی هەمیشە بەلالوتێکەوە ئەڕوانیتە ئەوکتێبە(کۆن! ) و ( زەردانە! )وەك ئەبات دییێ و ئەباران. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچی چۆنێك بێ، من ناهەقت ناگرم، چونکە تۆ هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیەتیت، بۆیە بۆت هەیە لەهەموو شتێك بدوێیت. ڕاستی یەکەی دەمێکە پێیان وتووم : مارکسیەت : (( جامی جەم! ))ەو ئەوەی بۆ پیاوێکی مارکسی ئەشێ بۆ خەڵکی تر ناشێ!.

جا لەبەرئەوە، ئەك ئەتوانیت لەشیعرو ئەدەب بدوێیتو بەس، بەڵکو ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان کشتەکێکیشت گرت بەدەستەوەو کەوتیتە دان کێشانی خەڵکی، بێ بەنجو بێ دەرمان، باوەڕبکە هەرگیز لێت ناگرم. چونکە منیش بۆ ماوەیەك وێڵی ئەو ڕێگە بێ سەروشوێنەبووم.

بێگومان ئەگەر بهاتایەو کامیل ژیریش چەند قەوانێکی لەو قەوانە کۆنانەی خۆیو ئەوەکانی ئێستای تۆی بۆ ئەم خەڵکە بەسەزمانە دڵ پاکە لێبدایەوە، ئەوسا تۆ لەباتی ئەو نامیلکە پڕ لەهێرشەت، نامیلکەیەکیترت لەسەر دەرئەکردو ناوت لێئەنا(( تێکۆشەرو پاڵەوانو کۆڵنەدەرو دوژمن بەزێنو کۆنە پەرست شکێنو، بگرە گەلێ ناوی زلزلی تریشت بۆ هۆنراوەکانی دروست ئەکرد، خوا ئەیزانێ.. وەك کەللە تەزێنو سەفراشکێنو عیللەت پەڕێنو مەلابەزێن!! ))و ... هتد.

---

[1] )تەماشای یەکەم وشەی لاپەڕەی یەکەمی نامیلکەکەی بکە.

[2] )تەماشای ل ( ٣ )ی نامیلکەکەی بکە. دێڕی (١٠) وتوێتی : (( کوردایەتی، لەسەر ڕووناکی زانست )) گوایە ئەمە ویستویەتی (( علی ضوء العلم ))ی عەرەبی بکاتە کوردی.

لەکاتێکدا کەکورد هەرگیزاو هەرگیز نالێ: (( لەسەر ڕووناکی چراکە نامەکەم خوێندەوە )) بەڵکو ئەڵێ: (( لەبەر ڕووناکی چراکە... )) ئەمە بێجگە لەگەلێ هەڵەی تر کەپیاوی کوردی زانو (( ئەندامی یەکێتی ئەدیبان!! )) نابێ تێی بکەوێ. بەڵام من تەنیا ئەم دوو هەڵەیەم خستە بەرچاو. چونکە(( مشتێ نموونەی خەروارێکە )).

## کوردایەتی بڕوامانە

**ئنجا فەرمووتە:**

**((با، بەر لەهەموو شتێك قسە لەکوردایەتی بکەین)):**

**((کوردایەتی لەسەر ڕووناکی زانست، بریتییە لە تێکۆشان و مەسەلەی نەتەوایەتی، بۆئەوە کەمیللەتی کورد هەموو مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەستگیربێ، وە بە ئارەزووی خۆی سەرەنجامی خۆی دیاریبکا، هەتا وەکوو ئەگەر ویستیشی، جویێ ببێتەوە لەو نەتەوانەی ئێستا لەگەڵیان ئەژی، وە بە پێی سوودی خۆی ئەریتی کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵبژێرێ. وە ئەم کوردایەتییە لە ڕێگای خەباتی سەخت و بێ وچانەوە بەرامبەر ئیستیعمارو کۆنەپەرستی- بە کۆنەپەرستانی کوردیشەوە دێتەدی[۳].**

**بەڵێ، کوردایەتی، بەشێکی، واتا هەتا پلەیەکی تاییەتی، وەك تۆ ئەڵێیت وایە. "بریتیە لە تێکۆشان بۆ چارکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی". بەڵام چ جۆرە تێکۆشان و چ جۆرە چارکردنێك؟ ئاخۆ ئەوانەی بیروباوەڕی نەتەوە پەروەرییان هەڵگرتووە، جۆری تێکۆشان و شێوەی چارکردنیان لە مەسەلەی نەتەوەییدا، وەك کابرایەکی شیوعییە؟ کە تۆ ئەڵێیت: ((کورد بە پێی سوودی خۆی ئەریتی کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵبژێری)) ئایا سوودی کورد لەباری سەرنجی کابرایەکی کورد پەروەرو کابرایەکی شیوعییەوە وەك یەکە؟ ئایا تۆ کە ئەڵێیت، کورد مافی ئەمەو ئەوەی هەیە، مەبەستت لە هەموو (کورد!)ێکە بێ جیاوازیی بیروباوەر، یان مەبەستت لە تاقمە (کورد!)ێکی تاییەتیە کە لەسەر بیروباوەرو ڕێگەی خۆتن؟.**

**بێگومان، ئەم پرسیارانە وەنەبێ هەروا بە ئاسانی، یان بە چەند وشەیەك وەڵام بدرێتەوە، تا ڕاست و درۆی لاف و گەزافی پڕوپوچی هەندێ کەس یەکلا بکەمەوە. بەڵکو ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەختێ دوورودرێژو**

---

[3] ل(۲).

لێوردبوونەوەیەکی تۆزێ قووڵ هەیە. بەلاّم وا باشە لێرەدا بزانین کە هەر کەس هاتوو بە قسەی زلو پف هەڵدراوی خۆی، وای پیشان دا کە کوردە، یان دۆستی کوردە، وەنەبێ ڕاست بفەرموێت بەڵێ تۆ کە باسی (تێکۆشان!) ئەکەیت بۆ سەندنی مافەکانی کوردو دیاریکردنی سەرەنجامی خۆیو ڕێ دان بە کورد کە خۆی نەریتێکی کۆمەلاّیەتی بۆ خۆی هەڵبژێرێ، پێویستە بەر لەهەموو شتێك دوای بیروباوەڕێك نەکەوێت کەنەك هەر (کوردایەتی) بەڵکو هەموو (نەتەوایەتی)یەکی بەلاوە شتێکی لاپڕسەنگو جارەکی (وقتی) بێ.

جا دیارە کابرایەکی کورد پەروەر، کە هەڵگری بیروباوەڕی (کوردایەتی) بێ، ئەو بیروباوەڕەی پێی وایە (کوردایەتی) شتێکە دەسکردی پلەیەکی مێژوویی تاییەتی نیە، بەڵکو هەر لەو ڕۆژەوە کە کورد بووە، ئەمیش پەیدابووەو ئێستەش هەیەو تا جیهانیش جیهان بێ هەر ئەمێنیو هاندەری هەر بنچینەیی هەموو جۆرە بزوتنەوەو پێشکەوتنێك ئەبێ لە ژیانی نەتەوەکەماندا. ئا ئەم جۆرە ڕۆڵەیە جیاوازە لەگەڵ کابرایەکی (شیوعی)دا کە بە پێی بیروباوەری (مارکسیەتی) شت ئە پێوێت. ئەو بیروباوەڕەی پێی وایە، نەك هەر (کوردایەتی) بەڵکو (نەتەوایەتی) بە شێوەیەکی گشتی، ڕووداوێکی جارەکی (وقتی)یە، کە لە پلەی سەرمایەداریدا سەرهەڵئەداتو هەوڵ ئەدات بۆ پێکهێنانی چەند ئامانجێکی تاییەتی، وەك فراوان کردنی بازارو گەشە پێدانی سەرمایەو پێشخستنی زانستو.. لە دوا پلەدا (ئیستعمارکردنی) ولاّتانی دواکەوتوو، بەناوی پێگەیاندنو ڕزگارکردنیانەوە. بەلاّم کە نەریتی سوسیالیستی[4] هاتە پێشەوە لە ڕێگەی شۆڕشی پڕۆلیتاریاوەو جیاوازی چینایەتی بەرەو کزبوون ڕۆی، وردە وردە ئەم هەستی نەتەوایەتییەش کەم ئەبێتەوە، هەتا وای لێ دێ لە کۆمەڵگای (شیوعیەتی)دا، بە جارێ نامێنێ، بە جۆرێ هەموو نەتەوەکان وردە وردە لە یەکا ئەتوێنەوەو بەرەبەرە زمانێکی جیهانی یەکگرتوو

---

[4] مەبەستم سۆسیالیستی (اشتراكية) سۆسیالیستی مارکسیانەیە

دروست نەبێ. وەك خۆت بە جۆرێکی تر پێت لەم ڕاستییەی خۆتان ناوەو لە بنی مە نجەڵەکەت داوە:

(( ئەوەی زانست ئیسپاتی کردبێ ئەوەتە کە کوردایەتیش وەك هەر بوویەکی زیندوو (کائن حی)ی تری سێ قۆناغی هەیە: پەیدابوون، پێگەیشتن، لەناوچوون. کوردایەتی لەگەڵ پەیدابوونی نەتەوایەتی، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەداری پەیدابووە، وە لەماوەی خەباتا بۆ دەسخستنی مافەکانی نەتەوەی کورد پێ نەگا، وە بە درێژایی ساڵ پاش جێبەجێکردنی سەرمایەداریو چارکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیو نەهێشتنی پاشماوەی ئەو ناکۆکیانەی کە بە درێژایی قۆناغەکانی چەوساندنەوە لە بەینی نەتەوەکانا پەیدا بووە، وەك هەر نەتەوایەتیەکی تر لە ناوا نامێنی))[5].

ئنجا بەم پێیە، کە نەتەوایەتیو (کوردایەتیشی لەگەڵ) ڕووداوێکی جارەکی بێو، لەهەمان کاتا، بزوێنەرو هاندەری هەستی نەتەوەیی، تەنیا بەرژەوەندیی (مصالح) چینایەتی بێ بە پێی بیروباوەڕی مارکسیەتی. دیارە ئامانجی کابرایەکی شیوعی، زیندووکردنەوەی شانازییەکانی نەتەوەو بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی نیە ئەوەندە نەبێ کە کەڵکێکی بۆ خۆی تیا بێ. چونکە (نەتەوایەتی)ی بەلاوە شتێکی تا سەر نیە. بەڵکو ئامانجی ئەو بە تەنیا، هێنانە سەرکاری (حیزبی شیوعی)یەو هیچیتر. کە ئەویش حیزبی (چین- طبقة)یەکە نەك حیزبی (نەتەوایەتی). ئینجا لەبەر ئەوە ئەگەر نەتەوەیەك بتوێتەوە یان نەتوێتەوە، لە ڕێگەی گەیشتندا بەو ئامانجە، ئەم هیچ دەربەست نیە. بەڵکو زۆر جاری وا بووە حیزبی شیوعی بۆ ڕاییکردنی کاری خۆی پشتگیری خەباتی نەتەوەی ژێردەستەکانی نەکردووە. ستالین لە (بنچینەکانی لینینزم دا) دانی بەم ڕاستیەدا ناوە. وەك چۆن ئێستا شیوعیەتی دەولی قوڕو قەپی کردووە لە ئاستی بچووکترین مافی کوردا،

---

[5] ل(٩).

چونکە دڵی تورك و ئێرانی پێ نائێشێندرێ بۆ (کورد)!. بەتەواوی وەك (ئەمەریکا) و (ئینگلیز) کە لەبەر خاتری دڵی تورك و ئێران هەرچی ناپیاوی هەبوو بەرامبەر کورد کردیان و ئەیکەن. ئەمان بە بیانووی ئەوەوە کە کورد میللەتێکی کێوییەو زۆربەی شیوعی و پیاوی (روسە!)، روسیاش بە ناوی ئەوەوە کە (مارکسیەت) وا پێویست ئەکات (کەرت بکرێ بە قوربانی هەموو - التضحية بالجزء في سبيل الكل).

بەلاَم کابرایەکی کورد پەروەر، کە پێی وابێ کوردایەتی نەك هەر شتێکی تاسەرە، بەڵکو بیروباوەڕێکە، بێگومان بەچاوی مارکسیەك ناڕوانێتە کوردایەتی. زۆر دوور نەڕۆین، با جارێ وێنە لەسەر خۆت بهێنینەوە: تۆ لەو کتێبەتدا کە لەبارەی حاجی قادری کۆیی یەوە نووسیوتە، بە توندی رەخنەت لە (حاجی) گرتووە، چونکە پێی ناخۆش بووە کوردستان بکرێتە (ئەرمەنستان)!. لەبەر ئەوە تۆ چوویت حاجیت بە (شۆڤێنی) و (کۆنە پەرست) داوەتە قەڵەم[٦]. ئەزانیت بۆچی؟. چونکە مەسەلەکە بەلای تۆوە مەسەلەی نیشتمان و خاك و وڵات و زمان و رەوشت و (کەرامەتی) نەتەوەیی نیە، بەڵکو مەسەلە مەسەلەی پەرەسەندنی شیوعیەتییە. جا لەبەرئەوەی ئەرمەنستان ئێستە، پارچەیەکە لە وڵاتی روسیای شیوعی، دیارە تۆ زۆرت حەز ئەکرد ئەو ئەرمەنستانەی ئێستە هەیە، دوو سێ ئەوەندەی خۆی و بگرە گەورەتریش بوایە، ئەگەر چی لەسەر حسابی ئەرزو ئاوو گڵی کوردی کەساسیش بوایە. یان فەلەستینی یەکەم لە کوردستاندا بمەزرایە. ئیمپریالیستەکانی ئینگلیز بەر لە تۆ بیریان لەوە کردەوە کە برا ئاسورییەکانمان، بگەنە مەقاشی خۆیان، بە ناوی ئەوەوە کە کوردستانیان بۆ بکەنە (ئاسورستان)، بەلاَم کە دەستیان چزا بە ئاگری غیرەتی کوردایەتیدا، ئەوسا سەری شۆڕیان بەجارێ ئەوی کرد. ئەوە بوو، تەنانەت ئافرەتی کوردی لادێی نەخوێندەواری دوور لە شارستانیەتیش وەکو شێری لانە ڕاپەڕین و دەرپەڕین و سەری داگیرکەرانی

---

[٦] لەبەرئەوەی رۆژنامەی (خەبات) لەم سووچەوە - تاڕادەیەك - هەقی خۆتی دایەدەست، ئیتر پێویست ناکات من دووبارەی بکەمەوە.

کوردستانیان پان کردەوەو، پشت بەخواو نەتەوەی کوردی دلێر، ئەبێ جارێکی تریش سەری دوژمنان و داگیرکەرانی کوردو کوردستان و دوژمنانی کوردایەتی پان بکەینەوەو هەر ئەبێ بگەینە ئامانجی پیرۆزمان، ئامانجی بەرزی کوردایەتی (تێگەیشتیت مامۆستا مەلا؟!!).

ئەمە واو کەچی کوردێکی کورد پەروەریش کە هەڵگری بیروباوەری کوردایەتی بێ، نەك ئەم قسەیەی تۆی بەلاوە کفرەو هەر بەبیستنی چاوی ئەپەڕێتە پشتی سەری، بەڵکو بەتەنیا بیرکردنەوە لە شتێکی وا، بە خیانەت و ناپاکی و وڵات فرۆشی ئەزانێت. چونکە کوردایەتیی بەلاوە بیروباوەڕە بۆیە وڵاتەکەشی بەلاوە شتێکی پیرۆزەو لەسەر هەر بستێ خاکی خۆی ئەدات بەکوشت.

با وێنەیەکیتر پیشان بدەین. لە کاتێکدا کە ئەم نامیلکە بچووکەم بەدەستەوەبوو ئەم نووسیەوە، کتێبۆلکەیەك بەناوی (مەسەلەی نیشتمانی ستالین)ەوە کەوتە بازاڕەوە، (نافع یونس)ی پارێزەر، کە خاوەنی رۆژنامەی ئازادیی زمان حاڵی حیزبی شیوعی و یەکێکە لە کاربەدەستە گەورەکانی حیزبی شیوعی عێراقی و بگرە وەك ئەڵێن لێپرسراو (مسؤل)ی ناوچەی کوردستانە، پێشەکییەکی بۆ ئەم کتێبۆلکەیە نووسیبوو چەند لاپەڕەیەکی لە کتێبەکەی ستالین زیاتربوو، ئاشکرا داخی دڵی خۆی دەربڕیبوو بەرامبەر هەڵگرانی بیروباوەری کوردایەتی و هەلی بو هەڵکەوتبوو کە ئەوانەی کورد پەروەرن هیچیان خاوەنی رۆژنامەیەکی سیاسیی نەتەوەیی تەواو نین تا بەربەرەکانیی بکەن و هەقی خۆی بدەنە دەست. ئەویش (حەمە ئاسایی) جڵەوی بۆ خۆی شل کردبوو بە قسەی ناشیرین کردن لەبارەی هەڵگرانی بیروباوەری کوردایەتییەوەو کردبوونی بە نۆکەرو جاسوس و کۆنە پەرست و پیاوی بێگانە! (أحم أحم) وای دابوونە قەڵەم کە گوایە هەوڵ ئەدەن بۆ ئیمپراتۆریەتێکی کوردی، وتبووی: ))

((لە کوردستانیشا بانگی ئەم جۆرە بیروباوەری نەتەوایەتییە ساختەکارییە جارو بار سەر دەرئەدات لەژێر ناوی ((کوردایەتی))دا لەنێو هەندێك ناوچەو

خەڵکی تایبەتیدا کە داوای بوغزاندنو دوژمنایەتی هەموو نەتەوەکانی تر ئەکەن، وە خەیاڵی ئیمپراتۆریەتێکی کوردی لێ ئەدەن. ئەوانە هەندێك جار سڵ ناکەنەوە تەنانەت لەوەی دەستی دۆستایەتی بۆ ئیستعماریش درێژ بکەن جا هەر ئیستعمارێك بێت، بە بیانووی ئەوەی گوایا ئێمە بێ هێزو پارچە پارچە کراوین لەبەرئەوە ناچارین دەست بگرین بە داوێنی دەوڵەتێکی ئیستعماری بەهێزەوەو داوای یارمەتیو پشتیوانی لێبکەین ).

بەڵی ( نافع یونس ) بیروباوەڕی کوردایەتی- کە لەم پلەیەدا تەنیا بۆ ئەوە هەوڵ ئەدا کە کورد وەك ئینسان بژی- بە بیروباوەڕی ئیمپراتۆریەت پەرست ئەداتە قەڵەم. بەڵام وا دیارە ( رووسیا ) کە شانزە جمهوریەت لە خولگە ( فلك )یدا ئەسوورێنەوە، بێجگە لە وڵاتەکانی ئەوروپای رۆژهەلات- ئیمپراتۆریەت- نیە!. بەلاّم کوردێکی کوڵۆڵ کە داوای خوێندنو نووسین بکات بە کوردی، بڵێ ناموێ بتوێمەوە ئەمە بۆ ئیمپراتۆریەت هەوڵ ئەدات.

دوایی سەیرەکە لەوەدایە وەك کورد ئەڵێ: (( لە دز وایە هەموو کەس دزە )). نۆکەرەکانی بەرەی ئیستعماری رۆژئاوا هەر یەکێك بەربەرەکانیی کردنو لەگەڵیان نەبوو، ئیتر پێیان وایە شیوعیە. ئەمەش سەیر نیە، چونکە خۆیان نۆکەرن، لەبەرئەوە ناچێتە مێشکیانەوە کە یەکێ هەبێ پیاوی هیچ لایەك نەبێ، ئەڵێن مادام سەر بە بەرەی ئێمە نیە دیارە سەر بە بەرەیەکی ترە. ( نافع یونسیش ) چونکە خۆی نۆکەری بەرەیەکی تایبەتییە پێی وا نیە کە یەکێك ئەگەر شیوعی نەبوو، ئیتر سەر بە لاکەیتر نەبێ، ئەڵێ دیارە دۆلار لە ئەمەریکا وەرئەگرێ یان پاوەن لە ئینگلیز. هەقێتی ( لە دز وایە هەموو کەس دزە ). هەروەکو ئەمریکاو ئینگلیز (( ئەنتلیجەنس سەرفیس ))[٧]ی هەیە. ئایا ( روسیای ئێوەش ) وەك ئینگلیزو ئەمەریکای هەندێ ناکەس بەچەیتر، چەند دامودەزگایەکی وەك ( ئێن. کەی. ڤی.

---

[7] دائیرەی تەجەسوسی بەریتانی.

دی )[٨]ی نیە کە لە سەروو حیزبیشەوەیەو پارە تەخش و پەخش ئەکات بەسەر خەڵکا! جا ئەگەر شیوعیەتی بیروباوەڕە چ پێویست بەوە دەکات بە پارە خەڵکی بکرێنە شیوعی و ( بهێنرێنە ناوەوە! ).

بەڵام با نافع و ( هەموو کۆنە تورانییەکانیشی لەگەڵ ) چاك بزانن: یەکێ خاوەنی بیروباوەڕی کوردایەتی بێ بە ناموسترین کەسی ئەم کوردستانەیە. ئەوەی بە کورد پەروەرێك ئەڵێ جاسوس، بێگومان خۆی نۆکەرو جاسوسی بێگانەیە.

ئەبوو کە ئەو ئەم قسەیەی ئەکرد، لە پێشا دەمی بشتایە ئەوسا ناوی ( کوردایەتی )ی بهێنایە. چونکە کوردایەتی گەلێ بەرزترە لەوەی، ئەو، یان هەر داخ لەدلێکیتر، پێی بگەفێ. ئایا ئەم ( شیوعیەتی )یەی ئێستای تۆ هەر هەمان ( تورانییەتەکەی ) کۆن نیە!؟ من بۆ ئەو ساویلکانە زویرم کە شوێنت ئەکەون و باوەڕت پێ ئەکەن.. ئایا ( ئەتاتورك )یش ئەی ئەووت کوردەکان بێگانە ئەیان جوولێنێ، ئایا ئێستا ئێوەش هەر وا نالێن و قسەکانتان یەك ناگرێتەوە؟.

بیروباوەڕی کوردایەتی پێی وایە هەر کەسێ پشت بە هەر دەوڵەتێکی گەورەی ئیستعماری ببەستێت بۆ سەندنی مافەکانی نەتەوەی کورد، دیارە جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ( شیوعیە نۆکەرەکان )و فڕی بەسەر کوردایەتییەوە نیە.

ئەمە وا... هەروەها کابرایەکی کورد پەروەر، کە بەرژەوەندیی ( مصلحە ) بیروباوەڕی کوردایەتی وای لێ ئەکات، بێلایەن بوەستێ لەنێوانی هەردوو لەشکرگا گەورەکەدا ( ڕۆژهەلآت و ڕۆژئاوا )، دیارە شێوەی خەبات کردنی زۆر جیاوازە لە کابرایەکی شیوعی کە ( رووسیا ) بە پێشەنگی کاروانی گەلان و نیشتمانی دایکی خۆی ئەزانێت. چونکە ئەو شیوعیە ئەگەرهەموو دەسکەوتی کورد بکا بە قوربانی دەسکەوتی رووسیا، یەك تۆزقاڵ دەربەست نایە. لەکاتێکدا کە ئەو دوو دەسکەوتە ناکۆك بن لەگەڵ یەکداو پێویست بێ یەکێکیان بکرێتە قوربانی ئەویتر، وەك

---

[8] )ئەم ڕێکخراوە ( نین، کەی، ڤی، دی ) لە پێشدا پی ی نەوترا ( کەی، بی، نو ).

زۆرجـار رووی داوه لـه مێـژووی گەلانـدا، بەتايبـەتی لەمێـژووی نەتـەوەی کـوردا. هـەمووی دوێنـێ بـوو لەشکری (رووس) لـە کوردسـتانی رۆژهـەلأت کشايەوەو بـرا کوردەکا نمـانی بـە دەسـتی رووت بەجێهێـشت و کردنـی بـە پارووێـەکی چـەور بـۆ کاربەدەسـتە درنـدەکانی فـارس، بـۆ ئـەوەی ئـەوانيش تێيـان کـەون و گيانـدارو بێگيانيان بەسەريەکا بسووتێنن، وەك کرديان. ئەرێ خەلکینە رووسيا خۆی دەستی نەبوو لە دامەزراندنی ئـەو دەوڵەتـەدا؟ ئايـا لـە پێش ئـەو کارەسـاتەدا (سـتالين و چەرچـل و رۆزفلت) پـە يمانيان ئـەدابوو کـە سـنووری ئێـران پـاش شـەڕ وەك خـۆی بمێنێتەوە؟. ئەی بۆچـی رێـی دا ئـەو دەوڵەتـە بێتـە کايـە؟. ئـەی کـە دامـەزرا بـە يارمـەتی ئـەو، بۆچـی خـۆی لێکشانە دواوەو سـتالينی (خۆتـان) لەگـەڵ نۆکـەری خوێنمژی نامەرد (قوامو سەلتەنە) رێك کەوت، سەبارەت بە دوو گالۆن نەوت کوردی فرۆشت و کوردی بە گورگـان خـواردوو دا؟ لـە کاتێکـدا نەتـەوەی کـورد هێشتا خـۆی کۆنەکردبووەوەو بيروبـاوەڕی کوردايـەتی چـلوورەی نەبەسـتبوو لـە مێشکی زۆربـەی خەلکی کوردستانی رۆژهەلأتدا تـا ببێتـە شـوورەيەکی لـەروخان نـەهاتوو بـۆ ئـەو حوکومەتـە؟... خوێنی (( قـازی محەمەدی شەهيدو هاوڕێ نـەمرەکانی )) ئەوەنـدەی لە ئەستۆی حوکومەتی ئێراندايە ئەوەنـدەش لـە ئەسـتۆی حوکومـەتی رووسيدايەو نەتەوەی کوردی مەرديش (( تـا هەقی دەسگير نەبێ لەم خوێنە دەس هەڵناگرێ )).

ئەمە هەموو کەسێك ئەيزانێ. بـەلأم لێـرەدا ئێوەمانـان ئـەم کردەوەيـەی رووس نەك هەر بە تـاوان نـاژمێرن و بەس، بەلکو بە خزمەتێکی زۆر گەورەشی ئـەزانن، بـۆ بزووتنـەوەی (شـيوعيەتی)و بـەرەی (ئـاشتی!!)و (چـينی پرۆليتاريـا!!). کەچـی کورد پەروەرێکی خـاوەن بيروبـاوەڕی کوردايـەتی، ئەمـە بـە رووڕەشييەکی ئەبـەدی ئـەزانێ بـۆ کاربەدەسـتانی رووسـيا، بـە دەرسـێکی گـەورەی ئـەزانێ بـۆ خـۆی و بـە شـە پازللەيەکی قورسيـشی ئـەزانێ بـۆ خـپ کردنـی بنـاگوێی ئـەو گەوجـە مێشك بۆشانەی بەتەمای بێگانەن (هەر بێگانەيەك بێ)و ئەلێن: ئـەبێ بێگانـە ئـيش بـۆ کورد بکات. يان ئەبێ دەوڵەتێکی (زل) فريامان کەوێ.

بێجگە لەوەش تۆ کە ئەڵێیت: کورد بە پێی سوودی خۆی ئەریتی کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵبژێرێ.. ئایا مەبەستت لە (کورد) چ جۆرە کوردێکە؟. کوردی نەتەوەپەروەر یان کوردی وەك خۆت؟. کە ئەڵێیت (سوود) ئایا پێت وایە ئەوەی تۆ بۆ کورد بە (سوود)ی ئەزانی خەڵکی تریش هەر بە (سوود)ی ئەزانن؟. دوایی ئایا تۆ باوەڕت بەم قسەیەی خۆت هەیە؟. ئایا پێت وانیە ئەگەر چوار شیوعی لە وڵاتێکی پانزە ملیۆنیدا سەری گلۆڵەیان کەوتە دەست، پێیان ڕەوایە ڕژێمی شیوعییەتی بەسەر ئەو وڵاتەدا بسەپێنن؟ با هەر پانزە ملیۆنەکە، چوار کەس کەم، پێچەوانەی ئەو ڕێیە بن؟. ئایا لە وڵاتی (رووسیا)دا حیزبی شیوعی لە ڕێگەی (استفتا)وە هاتە سەر کار؟. ئایا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا شیوعییەتی لە ڕێی پەرلەمانەوە حوکمی گرتە دەست؟. ئایا وڵاتەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات خۆیان مەزبەتەیان داو داوای لەشکری رووسیایان کرد بچێ بیان پارێزێ لەوەی نەکو (کۆنە پەرستەکان!) لە (استفتا)کەیاندا بکەن و گزی لەگەڵ شیوعییەکاندا بکەن و نەیەڵن ئەو شیوعیانە کە (زۆربەی زۆری!) خەڵکی ئەو وڵاتەن ببنە فەرمان ڕەوا؟. جا ئەگەر (ئەفەرموویت!) شیوعییەتی ڕێ بە هەموو کەسێك ئەدا بە کەیفی خۆی ئەریت و ڕژێم بۆ خۆی هەڵبژێرێ، ئەوا بێ سێودوو پێت ئەڵێم: تۆ یان شیوعی نیت و لە جەوهەری شیوعییەتی نەگەیشتوویت (هەرچەندە لەو باوەڕەدا نیم)، یان ئەوەیە زاتی ئەوەت نیە ڕاستی لە خۆت بڵێیت و ئەتەوێت خەڵکی (سادە)و (ساویلکە)ی پێ هەڵبخەڵەتێنیت و رووپامائییان بۆ بکەیت.

## کوردایەتی لەجەرگەی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە

جارێ ئەمەندە بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین، کە هەموو کەسێك بە دەم ناوی کوردی بردو خۆی گیف کردەوەو شادەماری ملی خۆی هەستان، وەنەبێ راست بکات. بێجگە لەوەش هەموو ئەو کورد پەروەرە دڵسۆزانەی ئەیانەوێ بۆ سەندنی مافەکانی کورد تێبکۆشن وەنەبێ لەسە تاقە رێیەك بن و بە یەك چاو تەماشای مەسەلەی کورد بکەن.

هەر لەبەر ئەمەشە کە جەنابتان (کوردایەتی) بە بارێکی چەوت و چەویلا لێك ئەدەنەوە، کە جووت بەرامبەرە لەگەڵ بیروباوەڕە (راستەکەی! ) خۆت. بۆیە ئەڵێت:

(( بەلأم ئاخۆ کاك کامل لەو کۆمەڵە هەڵبەستەیا چۆن مەعنای کوردایەتیی لێك داوەتەوە، وە تا چ ڕادەیەك توانیویە تەفسیرێکی راستی بۆ بدۆزێتەوە؟ سەرنجێکی سەرپێیی لەو چەند دێرەی کە کاك کامل کردوویەتی بە سەرەتای هەڵبەستەکانی، بە ووردی ئەوەمان بۆ روون ئەکاتەوە... کاك کامل لەو سەرەتایەدا، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەی کوردا، فەلسەفەیەك بۆ کوردایەی دائەنێ. وە تەعریفێکی وای کوردایەتی ئەکا کە نەك هەر بەڵگەی بە دەستەوە نییە بۆ ئیسپات کردنی، بەڵکو خۆیشی پێ ئەخاتە گەرداوی واوە کە کوردایەتییەکەی بە فەلسەفەیەکی کۆنە پەرست، وە بەڵکو بە نموونەیەکی بۆ کوردی وەرگێڕاوی فەلسەفەی عرووبەی نەتەوە پەرستەکان عەرەبەکان بدرێتە قەڵەم، وە هەندێ شتی وا ئەڵێ کە سەروبنیان بەیەکەوە نیەو ناکەونە یەك )).

ئا لەم قسانەتەوە راستیی قسەکەی پێشووم بە ئاشکرایی دەرئەکەوێ. بەڵێ.. چۆن باری سەرنجی ژیرو تۆ بەرامبەر (کوردایەتی )یەك نیە، دیارە چەشنی هەڵبژاردنی بەڵگەشتان هەر یەك نیە. بێگومان تۆ کە پیاوێکی (مارکس پەرستیت )، لە بەڵگەی مارکسی بەولاوە باوەڕت بە هیچ جۆرە بەڵگەیەکی تر نیە. بۆیە ئەگەر رۆژێ رەخشان بەچاوی خۆت ببینیت و قازانجی حیزبەکەت لەوەدابێ کە بڵێیت رۆژ نیە، هیچ ئاوی لێ ئاخوێتەوەو ئینکاری رۆژ ئەکەیت. جا لەبەرئەوە پێم

سەیرنیە کە (کوردایەتی) یەکەی ژێر بە (فەلسەفەیەکی کۆنە پەرستانە!) بدەیتە قەڵەم، چونکە تۆ هەر (مارکسیەتی) بەلاتەوە (تازەپەرستی!!)یە، کوڵۆڵ خۆی تازەپەرستی!. هیچت بەدەستەوەنیە، هاتوویت رەخنەی ئەوەی لێ ئەگریت، کە هەندێ لە قسەکانی لە فەلسەفەی (عرووبە!)ی نەتەوە پەرستە عەرەبەکان ئەچێ!!!.

زۆر سەیرە بەخوا! جا ئەگەر عەرەبە نەتەوە پەرستەکان بێگومان ئەو نەتەوە پەرستانەی وەك خۆیان تەماشای کوردو هەموو نەتەوەیەکی تر ناکەن، من پێیان ناڵێم نەتەوەپەرست، بەڵکو دوژمنی نەتەوەپەرستی و مرۆڤایەتین، وتیان" لەهاویندا ئاوی سارد خۆشە"، ئیتر نەبێ ئێمە بڵێین نەخێر خۆش نیە؟. چونکە ئەوان وتویانە. جا ئەگەر ئەمە وایە، ئەی بۆچی، لە کاتێکدا کە ئێوە جنێو بەو عەرەبانە ئەدەن، ئێستگەی ئیسرائیلیش وەك ئێوە جنێویان پێ ئەدات؟.. کەچی ئەگەر پێتان بوترێت: ئێوەو ئیسرائیل لەم شتەدا یەك ئەگرنەوە، دەمودەست تووڕە ئەبن و وەك ئیسکێنە هەڵئەچن. ئەو عەرەب پەرستانە کە ئێستە بوونەتە (کافر) لاتان، هەر ئەوانە بوون کە گەلێ جار ئەتان خستنە بەرەی نیشتمانیی یەکگرتووەکەتانەوە. ئایا هەر ئەوانە نەبوون کە لەناو بەیاننامە نهێنیەکانتاندا سڵاوتان بۆ ئەناردن؟. ئایا هەر ئەوانە نەبوون کە وێنەی سەروکەکانیان لەدودیواری ماڵو سەر رادیۆ و ژێر یەخەی چاکەتەکانتان نە ئەکەوتە خوارەوە؟. هەر ئێوە نەبوون سەری زمانتان و بنی زمانتان (عبدالناصر) بوو، ئەتانوت کۆن لە خۆمان بوومو ناوە نهێنیەکەی (حەسەن!) بووە ئەگەر بوترایە باوکم کورد لە سووریادا سووتێنران، ئەتانوت ئەم قسانە قسەی (جاسوسەکانی ئەمەریکایە!)، ئەی ئێستە ئیتر ئێوە بۆچی جنێویان پێ ئەدەن؟ خۆ خوانەخواستە ئێوە نەبوونەتە جاسووسی ئەمەریکا؟ یان ئەترسم بڵێن لەبەر خاتری (کورد!). ئەی ئەو کوردانە هەر ئەو کوردانە نین کە ئەوسا ئەتانوت "جا چیە، خۆ (ئەقەلیەتن)، چییان ئەوی لەمە زیاتر(( ئێستەش بە هەزار چاو بۆیان ئەگرین!!.. یان ئەوسا پێتان وابوو کە

( عبدالناصر ) ) ریگەی حیزبی شیوعی ئەدا لەمیسریشدا ئیش بکا چ جایەکی سووریا، بەلآم کە زانیتان وا دەرنەچوو، ئیتر هەر ئەو ( ناصر )ەی ئەتانپەرست ئیستا بۆتە نۆکەری ئیستعمار. ئایا پاش ئەم هەموو کەین و بەینە ئەگەر ( ناصر ) ئیجازەی حیزبی شیوعی بدات لە کۆماری عەرەبیدا، هەزار کوردی ناکەن بە قوربان و لآو عەرەب پەرستانە قایمتر ناقیژێنن ( وحدة وحدة مطلب عظيمي )؟.
ئایا رۆژنامەی ( النور )ی شیوعی وتاری واوای نەئەنووسی لەبارەی ( وحدە )وە گەڵێ لە قسەکانی ( عبدالناصر ) تیژو گەرمتر؟ خۆ ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە ماون و ناتوانن نکوڵی لێ بکەن؟. ئایا لەسەرەتای شۆرشی چواردەی تەموزدا بە هەرچوار پەل سەماتان نەئەکرد بۆ ( یەکێتی فیدراڵی ) لەگەڵ کۆماری عەرەبیی یەکگرتوودا بێ ئەوەی هیچ هەقێك بۆ کورد دیاری بکەن؟. ئەگەر ئێوە پێتان وایە ئەم ( عالەمە ) گێل و نەزانەو هیچی بیر نیە، ئەوا ( میرم : یاغنیشن! ) خۆ خۆتان ئەڵێن : ئەهلی عێراق ( قاقەزی سپی نەخوێننەوە!! ).
ئەمە وا. پاشان تۆ ناتوانیت ئیسپاتی بکەیت کە "ئەم فەلسەفەیە نموونەیەکی ( عرووبەی! ) نەتەوە پەرستەکانی عەرەبە" وەك وتووتە. چونکە تۆ ئەمە ئەڵێیت، دڵنیام سەبارەت بەوەیە کە شارەزای بیروباوەری نەتەوەیی و فەلسەفەی نەتەوەیی و چەشنی گۆرانی نەتەوایەتی نیت، بەدرێژایی مێژوو، چونکە ئەوانەی دیلی ئەم داوەن ( داوی شیوعێتی ) لە بەری لووتی خۆیان زیاتر نابینن. ئەو قسانەی ژێر کردوونی هەرچەندە زۆری لەوانە ناچن کە عەرەب پەرستەکان ئەیکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەندێکی کەمیان لەوان بچن، ئەوە لەوەوەیە کە رەگەزەکانی نەتەوایەتی ( عناصر القومیە ) هەتا رادەیەك لە هەموو نەتەوەیەکدا چوون یەکن.

## خواپەرستی کۆنەپەرستی نیە

ئنجا جەنابتان، خواپەرستی ، بە کۆنەپەرستی ئەدەنە قەڵەم!!. ئەمەش تەنیا رای تۆ نیە، بەڵکو هەموو شیوعیەك لەو باوەڕەدایە بێ ئەوەی یەك بەڵگەی زانستانەو سەلمێنەریان بە دەستەوەبێ، جا لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە هەر لە یەکەمین هەنگاوتەوە لیسی کوێرانە ئەهاویت و دوای ئەوەی ئەڵێیت:

(( وە تەعریفێکی وای کوردایەتی ئەکا کە ئەك هەر بەڵگەی بە دەستەوە نییە بۆ ئیسپات کردنی، بەڵکو خۆیشی پێ ئەخاتە گەرداوی واوە کە کوردایەتییەکەی بە فەلسەفەیەکی کۆنە پەرست.. بدرێتە عەلەم )) ئنجا ئەڵێیت:

(( بـا بـزانین چـۆن؟)) ((ژێـر ئـەڵێ: ((کوردایـەتی خوا پەرسـتییە ))! واتـە، فەلسەفەی کوردایەتی لە درزی ئایینەوە سەیری خەڵك ئەکا، وە سەنگو ترازووی بۆ هەڵسەنگاندنی خەڵك ئایین پەرستی یان و رادەی ئەو ئایین پەرستییانە. بەم پێیە بە سەرنجی کوردایەتی ئەبێ خوا پەرستێکی عەرەب لە پێشتربێ لە بێ دینێکی کورد، کە ئەمەش هەرچەند راست و رەوان لەگەڵ باوەڕی ئایینی دا جووتە، بەلام ژێر خۆی پێی رازی نابێ، چونکە لە لایەکی ترا ئەڵێ:

(( کوردایەتی یەکسانییەو هەموو کوردێك لە سایەیدا چونیەك ئەژین )) واتە: بێ گوێدانە جیاوازیی ئاینیان. هەروەها ئەبێ باپیرە پێشووەکانمان- کە هیچ کوردایەتییان نەکردووە- لە ئێمە کورد پەروەرتر بووبن چونکە بێگومان خواپەرستتر بوون و زیاتر لە ئێمە وەختیان لە مزگەوت و تەکیەو خانەقاکانا بردووەتە سەر")[9].

ئافەرم مەلاو مەلازادە. ئەی رۆڵەی رۆڵەم دوانزە (عیلم!) ئاوا لە (خواپەرستی)و (ئاین پەرستی) گەیشتوویت؟ یان هەر ئەتەوێت شت تێکەڵ و پێکەڵ بکەیت و مەبەستی خۆت لە ژێر پەردەوە دەربڕیت، جارێ (خوا پەرستی)

---

[9] ل(٤).

( كۆنە پەرستی )نیە، لە دواییدا دێمە سەر ئەوەی خوا پەرستی كۆنە پەرستی نیەو قسەی گەلێك لە زاناكانی جیهانیشت ئەخەمە پێش چاو لەبارەی بوونی خواوە كە تۆ لەچاویانا كوتە خوێندەواریش نیت. ژیركە ئەڵێ خوا پەرستی، ومنەبێ مەبەستی لە تاقە ئاینێكی تایەتی بێتو بیەوێ بە زۆری زۆردارەكی بیسە پێنێ بەسەر خەڵكدا. ئاینە ئاسمانیەكان، وەك موسڵمانەتیو گاورێتیو ئاینە كۆنەكانی كوردو هەموو ئەو ئاینانەی خوا ناردوونی بۆ خەڵك، لە بنەچەو رەچەڵەكدا لەسەر یەك تاقە بنچینە وەستاون، كە ئەویش باوەڕكردنە بە بوونو تاكو تەنیایی خواو پەرستنی، موسڵمانێكو گاورێكی راستەقینەو كوردێكی كۆن، ئەگەر هەندێك لە وردەبابەتی ئاینەكانیاندا یەك نەگرنەوە، بێگومان لەوەدا یەك ئەگرنەوە كە هەموویان باوەڕیان بە بوونو گەورەییو نەمرییو تاكی خوا هەیەو هەمووشیان خۆیان بە بەندەی ئەو ئەزانن، بۆیە ئەبێ بە چاوێكی برایانەو چونیەكانە بڕواننە یەكتری. چونكە هەموو هەر بەندەی ( خوان )و بەندەش نابێ بەندە بپەرستێ. هەر ئەم خوا پەرستییەشە بە تەواوی وامان لێ ئەكات كە ئەو گەورەییو بچوكییەی ئێستە لە كۆمەڵگای ئادەمیزادایەو شێوەی پەرستنی گرتووە ( سا بە ناوی جیاوازیی چینایەتییەوەبێ، یان بە ناوی جیاوازیی رەگەزایەتییەوەبێ، یان لە شێوەیەكی تردا بێت ) بیگۆڕینەوە بە رێزگرتنو هەرەوەزیو چونیەكی.

ئنجا تۆ وا دیارە جیاوازیی ئاینیت زۆر لێ بۆتە موشكیلە ). پێت وایە موسڵمانێكو گاورێك هەرگیز یەك ناگرنەوە. ئێستە تۆیەك كە باوەڕت بەمە هەبێت ( بەعسی )یەكو ( شیوعی )یەك، پێكەوە بچنە بەرەی نیشتمانیی یەكگرتووەوە بۆ ئامانجێكی جارەكی ( وقتی ). بۆچی ئەبێ پێت وانەبێ موسڵمانێكو گاورێكی كورد... هتد بچنە بەرەیەكی یەكگرتووەوە بۆ ئامانجێكی هەمیشەیی، كە خوا پەرستییە، وە خێرو خۆشیی خۆشمانو هەموو ئەوەی مرۆڤی تێدایە؟

راستیەكەی ژیركە ناوی خوا پەرستی ئەبا بەزۆری مەبەستی لەوەیە كە بیروباوەڕی كوردایەتی لەسەر بنچینەی ( الحاد ) دانەمەزراوە. واتا فەلسەفەی

ئەتەوایەتی پێی وانیە کە ئەم جیهانەو ئەو کردارانەی لەگەردووندا روو ئەدەن، لە خۆیانەوەبن یان شتێکی رێکەوت بن، بەڵکو پێی وایە کە هێزێکی زیندووی هۆشیار ئەم شتانە ئەگێڕێ، بە پێچەوانەی مارکسیەکانەوە، کە پێیان وایە ئەم گەردوونە لەخۆیەوە دروست بووەو خۆی خۆی ئەگێڕێ‌و ئەم شتانەش کە روونەدەن لە گەردووندا، هێزێکی دەروونی ناو خۆیان ئەیانبا بەرێوەو ئەیان جوڵێنێتەوە. بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك پیشان بدەن بۆ راستیی ئەمە[10]. ئەڵێم بیروباوەڕێکی کوردایەتی کە پێی وانەبێ شت بێ وەستا دروست ببێ دیارە کوێرانە ناڕوانێتە هیچ ڕووداوێك، لە هەمان کاتا بڕوای بە نموونەی بەرزی تەواو ( المثال الكامل الاعلى )و ئایدیالی پیرۆز ئەبێ. وە هەر ئەم بڕوایەشە گەلێ سروشتی بەرزی تێدا چەسپاندووە، وەك: دڵپاکی و خۆشەویستی و پەیمان پەروەریی و بەزەیی و سەر راستیی و فیداکاریی و دوورکەوتنەوە لەخراپەکاری.. هتد. کە بیروباوەڕی ماددەپەرستی بە خەوی شەویش ئەم سروشتە بەرزانە نابینێت.

ئێستە سەبارەت بەوەی ( کوردایەتی ) بڕوای بەوە هەیە کە هێزێکی زیندووی هۆشیاری لە ئەندازەبەدەرو بەدەسەلات سەرپەرشتیی کاروباری ئەم جیهان‌و گەردوون‌و گیانلەبەرو بێ گیانانە ئەکات، وە هەر ئەویشە ئەم هەموو نەتەوە جۆرجۆرانەی دروست کردووەو هەر یەکەی زمانێکی جیاوازو خوو و رەوشتێکی جیاوازو گەلێ شتیتری لە یەك جیاوازی تایبەتکاری پێداوە، دیارە هەر یەك لەم نەتەوانە پەیامێکی مێژووین‌و دەورێکی تایبەتیی پێ بەخشیوە، کە ئەبێ ئەو پەیامە بگەیەنێتە ئەنجام‌و ئەو دەورە ببینێ. جا هەر چەندە ئەو پەیامانە، لەباری گرنگی‌و گەورەیی‌و کاریگەرییەوە، چونیەك نین، بەڵام ئامانج هەر یەکە، کە ئەویش هەوڵدانە بۆ رایی کردنی دەوری مێژوویی. دیارە هەریەکە بە شێوەیەکی تایبەتی کە بگونجێ لەگەڵ ( ظروفی ) تایبەتی خۆیدا.

---

[10] تەماشای لاپەڕە ( ٢٤ )بکە لەکتێبی ( المادية الدياليكتيكية والمادية التاريخية ) نووسنی: ( ستالين ) و گۆڕینی ( خالد بگداش )

ئێمەی کوردیش ئەگەر چاوێك بـە رابـووردووی خۆمانـدا بخشێنینەوەو مێـژووی خۆمان بە باشی لە بێژنگ بدەین و سەرنجی لە جێ و مەڵبەندی وڵاتەکەمان بدەین و شارسـتانێتی کـۆنی خۆمـان بخەینــەوە بەرچـاو، ئەوسـا تێئەگـەین کـە ئێمـەش پـەیامێکی مێـژویی زۆر گرنگمـان دراوەتـە دەست، ئـەبێ بیگـەینین بـە خۆمـان و دراوسێکا نمان و بە گشت مرۆڤایەتی.

لەبەرئەوە، خواناسێکی کورد یـان عـەرەب یـان هینـدۆك یـان.... هتـد ئەگـەر بەڕاستی خواناس بێ- نەك مێزەری قوماربازیی کردبێتە سەر- ئـەبێ ڕاستو رەوان بۆ نەتەوەی خۆی خەبات بکات و لەهەمان کاتیشدا دان بـە هـەموو مـافو ئامـانج و ئاواتێکی نەتەوەکانی تریشدا بنێ. خـۆ ئەگـەر وانـەبێ دیـارە ئـەوە خواناسێکی راستەقینە نیـە. بـەلاَم ئـەوەی تـۆ پێـی ئـەڵێیت (کـورد!) ئەگـەر بـاری سـەرنجی بەرامبـەر گـەردوون سـەرنجێکی ماددییانـەبێ، ئـەوە یـەکێك لـە بنـچینە هـەرە بـەهێزەکانی بیروبـاوەڕی نەتەوایـەتیی تێـدا نیـە، بۆیـە هەمیـشە بـەرەو ئـەوە ئەڕوات، کە لە هەر ساتێکدابێ، پشت بکاتە نەتەوەکەی خـۆی و خـۆی فـڕێ بداتـە بـاوەشی دوژمنـانی نەتـەوەی کـوردەوە. چـونکە بـەلای منـەوە یـەکێك بـاوەڕی بـە (ئـایدیالی بەرزی تەواو) و (نموونەی بـێ هاوتـا) نـەبێ، هـیچ جـۆرە پێوانەیـەکی راستی لا نابێ. بۆیە هەموو جۆرە کردەوەیەکی ناپەسەندی لێ ئەوەشێتەوە.

## کوردایەتیی تەنیا زمانو رەگەز نیە

**پاشان کە ئەڵێیت:**

**((بەلاّم ژێر خۆی پێی رازی نابێ. چونکە لەلایەکی تردا ئەڵێ: کوردایەتی یەکسانییەو هەموو کوردێك لەسایەیدا چونیەك ئەژین، واتە بێ گوێدانە جیاوازیی ئاینیان)).**

**ئا لێرەشدا دیسان بەربوویتەوە ناو هەمان کەندەلان. ژێرباسی جیاوازیی ئاینی نەکردووە. کە ئەڵێ (کورد) وەنەبێ مەبەستی لە هەموو ئەوانەبێ کە پشتاوپشت کوردن و لەکوردستاندا ئەژین، یان بە کوردی قسە ئەکەن.**

**راستیەکەی هەرکەس لە بنەماڵەیەکی کوردبوو، یان بە کوردی دوا، مەرج نیە کوردی راستەقینەبێ. جا ئەگەر تەنیا زمان و بنەماڵە نیشانەی کوردایەتیی بن، ئایا ئەو (بەناوکوردانەی) بە ئاو و نان و هەوای کوردستان ئەژین و جاسووسی بۆ بێگانەو (دامودەزگاکانیان) ئەکەن، زۆریان بگرە هەموو بەکوردییەکی پەتیی رەوان ئادوێن و لە بنەماڵەی کورد نین؟. ئایا ئەو دەرەبەگە خوێنمژانەی کە پشتی جوتیارو سەپانی کورد بە قامچی زۆرداری سوورو شین ئەکەنەوە. بە کوردی ئادوێن و لە بنەماڵەی کورد نین؟ ئایا ئەوانەی لە کوردستاندا بۆ چەند دینارێك یان چەند تمەنێك ئابرووی خۆیان ئەفرۆشن بە بێگانە، بە زمانی کوردیی قسەناکەن و باوك و دایکیشیان کورد رەگەز نەبوون؟. بە پێچەوانەی ئەمانەوە، ئایا پیاوێکی وەك دوکتۆر فونادی ئەمر، کە کوردیی نەئەزانی، بەلاّم لە پێناوی کوردو کوردستاندا خۆی بە دەستی خۆی ملی خۆی کرد بە پەتدا، ئایا کێ ئەتوانێ پێی بڵێ کورد نیە؟ چونکە کوردیی نەئەزانی[11]؟.**

---

[11] لەکاتێکا کەسەرکردەی دادگای سەربەخۆیی (اسقلال محکمه سی) تورك بەدوکتۆر فونادی ئەمری وت: تۆ بۆچی ئەڵێیت کوردم؟ تۆ کوردنیت، چونکە نە بەکوردی ئەزانیت قسە بکەیت ونە ئەزانیت بەکوردی بنووسیت، بەڵکو بە پێچەوانەوە تورکیەکی زۆرباش ئەزانیت. دوکتۆر فونادی کوردی راستەقینە پێی ووت: وایە من دەستم بەتورکی ئەنووسی و زمانم بەتورکی قسەئەکات بەلاّم دڵم بەکوردی و بۆ کورد لێئەدات و چیتان لەدەست دێ درێغی مەکەن – بروانە کتێبی (تورکیا دە کورد لرن قتل وعامی).

جا لەبەرئەوەی مەرجەکانی کوردایەتیی، تەنیا زمان، یان تەنیا رەگەز نیە، چونکە ئەگەر کوردایەتیی هەر تەنیا زمان بێ، ئەوا ئەبێ (مێجەر سۆن و ئەدمونزیش) کوردبن، خۆ ئەگەر تەنیا رەگەزایەتیش بێ، ئەوا ئەبێ (ئیدریسی بتلیسی و مەلای خەتی و ئەمەرخانی شەریفی)[12] و جاسووسەکانی ئینگلیزو ئەمەریکاو هەموو نۆکەرەکانی بێگانەو زۆڵە کوردەکانیش بە کوردی راستەقینە بزانین!!.

ئەخێر کوردایەتی تەنیا زمان و رەگەز نیە، کوردایەتیی هەستێکی دەروونییە، خۆی لە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی تەواودا کۆئەکاتەوە. جا لەمەوە دەرئەکەوێ کە ژیرو تۆ سەرنجتان بەرامبەر وشەی (کورد) وەك یەك نیە. دیارە (کورد) بەلای ژیرەوە ئەو کەسەیە کە هەر کاتێ توانیی رەش و سپیی سیاسەت لە دەوری خۆی جیابکاتەوەو دڵی بۆ هیواو ئاواتی ئەتەوەکەی لێ بدات و بۆ خێرو خۆشیی ئەتەوەکەی بجۆشێ و بەهیچ نرخێك ولآتەکەی و ئابڕووی خۆی ئەفرۆشێ، ئەوە کوردە. ئەگینا ئایا ئەوانەی لەسەر شەقامەکانی سلێمانی خەڵکیان فێرئەکرد کە بقیژێنن و بڵێن (ئامانەوێ معاریفی قلیاسان) یان ئەوانەی ئەیان ئەڕاند (بڕوخێ کوردکوردینە! ) یان ئەوانەی لە رەواندز ئەیان لووران (بمرێ کوردستان! ) وە یان لە هەڵە بجە چەقۆیان ئەخستە سەر ملی خەڵکی بێ تاوان و ئەیان وت (بێژە کورد نیم، گەمالٚ باوك، ئەگینا ملت هەڵتێرمو! ) وە یان قاپی لاوانی کوردستانیان ئەگرت و بە یەکترییان ئەوت: "ئا دەی بێم وەسیاقەت بیکوژە، کوڕە خۆ بێفەڕە، کوردیچەو لاویچەو پارتیچە". ئایا پێم ناڵێیت دەخیلت بم ئەوانەو فێرکەرەکانیان کوێیان کوردن؟. چیان جیاوازە لەکەڵ جاسووسێکی ئینگلیز یان ئەمەریکا. ئویالٚ

---

[12] مەلا ئیدریسی بتلیسی: ئەو خائینە کوردەبوو کەمیرنشینە کوردییەکانی خستە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانلییەوە. مەلای خەتی: ئەو خائینەبوو کەفتوای دەرکرد هەرکەس بەرامبەر پاشای عوسمانلی شەڕبکات تەلاقی ئەکەوێ، سەبارەت بەوە ئەمارەتی پاشای کوێرە رووخا. ئەمەرخانی شەریفی: ئەو خائینەبوو کەهاوبەشی کرد لەکۆماری کوردستاندا (مهاباد) بەلآم یەکەم کەس بوو کەگوللەی ئا بەئاڵای کوردستانەوە، پاش ئەوەی رووس ئەو کۆمارەی فرۆشت.

بەگەردنم من لەو باوەڕەدام کە جاسووسێکی بەرەی ڕۆژئاوا، تا ئەو رادەیە بێ شەرمانە خرا پەکاریی پێناکرێ، وك ئەوانەی بە ناوی مرۆڤایەتیی بەسەزمانی (پێشکەوتوو!) و (پرولیتاریای!) ئەگبەت و (کرێکارو جوتیار!)ی کەساسەوە ئەیکەن.

کەواتە، نەخێر (بەناو کورد) هەرگیز کورد نیە، چونکە مەرجەکانی کوردایەتیی تێدانیەو (پێویستی) کوردایەتی خۆی بەجێناهێنێ. هەر لەبەر ئەوەشە (مافی) ئەوەی نیە وەك کوردێك تەماشا بکرێو هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکرێ، هەروەها هەقی ئەوەشی نیە باسی (کوردایەتیی) بکات و (نظریات) بۆ ئێمە دابنێ.

لەبەر ئەوە ژیر کە ئەڵێ (هەموو کوردێك) تەنیا مەبەستی لەوانەیە کە بە ڕاستی کوردن و وشەی (کورد) پڕ بە پێستیانە، نەك پیاوی ئیستعمار (هەر ئیستعمارێك بێ)و نۆکەری بێگانەو کوڕی ڕۆژ، جا وەك چۆن تۆ ئەڵێیت: جوتیارو دەرەبەگ دانوویان پێکەوە ناکوڵێ تاسەر- کە ئەمەش قسەیەکی زۆر ڕاستەو هەتا سەر لەگەڵتم، هەرچەندە (موشکیلەی چینایەتی لەڕێی بیروباوەڕی نەتەوەییەوە نەبێ چار ناکرێ- هەروەها ناکوردێك و کوردێکی ڕاستەقینەش نەك هەتا سەر دانوویان پێکەوە ناکوڵێ، بەڵکو هەر لە ئێستاوە بەدوو ڕێگای جیاوازدا ئەڕۆن)
دوایی کە ئەڵێیت:

((هەروەها ئەبێ باپیرە پێشووەکانمان- کە هیچ کوردایەتییان نەکردووە- لە ئێمە کورد پەروەرتر بوون. چونکە بێگومان خوا پەرست تر بوون لە ئێمە وەختیان لە مزگەوت و تەکیەو خاناقاکانا بردۆتە سەر)).

بەڕاستی، ئائەمەیە ساکارانەو کورت بینانە ڕوانینە کاروبار. جارێ کێ ئەڵێ باپیرە پێشووەکانمان کوردایەتییان نەکردووە؟ئەم قسەیە تەنیا کابرایەکی مارکسی ئەیسەلمێنێ. چونکە دیلی گوتەی مارکسیەتییە. ئەو مارکسیەتییەی (نەتەوایەتی) بە ڕووداوێکی جارەکی (وقتی) ئەزانێ، کە لە پلەیەکی مێژووییدا

سەر هەڵ ئەدا (وەك باسمان كرد). ئەگینا بە پێی بیروباوەڕی كوردایەتیی، كوردایەتیی لە هەموو پلەیەكی كۆمەڵگای كوردا هەر بووەو هەیەو ئەبێ، ئەگەر چی شێوەی زیادو كەمیی و سستیی و توندیی و ڕێكوپێكی چوون یەك نەبووەو جۆری دەربڕینی لە یەكتر جیاواز بووە. جا چۆن تۆ پێت وایە شەڕی چینایەتی هەر لە بەرەبەیانی پەیدابوونی كۆمەڵگای ئادەمیزادەوە، بووەو هەیە (دوای پلەی ناوكۆیی سەرەتایی- المشاعیە الابتدائیە)، ئەگەر چی هەتا هاتنی (كارل ماركس) (نظریەیەكی) وای بۆ دانەنراوە كە ئەو شەڕە ڕێك بخا. كوردیش كە پێی وایە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی هاندەرو بزوێنەری بنچینەیی هەموو جۆرە پێشكەوتنێكە لەم جیهانەدا، دیارە پێشی وایە كە (كوردایەتیی) هەر بووە لەو ڕۆژەوە كورد پەیدابووە، ئەگەر چی تا ئەم نزیكانەش بە باشی دەرس نەكرابێ و (نظریەیەكی) وای بۆ دەنەنرابێ كە ئەو بزووتنەوەیە ڕێكوپێك بخاو بیخاتە قاڵبێكی زانستییەوەو بۆ پێشەوەی بەرێ.

## كوردایەتی بوەو هەیەو هەر ئەمێنێ

به قسەی ماركسییەكان، گوایە كوردایەتیی لە دەوری سەرمایەداریدا پەیدا ئەبێ. بەلاّم لە دەوری دەرەبگێتیدا (كوردایەتی) نیە، چونكە چینی دەرەبەگ زۆر دوژمنی بیروباوەڕی نەتەوایەتین. ئەمەش سەبارەت بەوەیە كە بیروباوەڕی نەتەوایەتیی وەك سروشتێكی چینی سەرمایەدار، ئەیەوێ نیشتمانێكی چەند پارچە بكاتە یەك پارچە، نەك لەبەر خاتری هەستی نەتەوایەتیی و كەرامەتی نیشتمان- چونكە ئەمانە هەمووی درۆن و ڕەوشتی بۆرجوازیانەی چەپەڵن!- بەڵكو بۆ فراوانكردنی بازاڕو گەشە پێدانی سەرمایەو زیادكردنی دەسكەوتی خۆی. جا ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی دەسەلاّتی دەرەبەگێتی نەهێلێ و لە جیاتی ئەو سەرمایە ببێتە خاوەن دەسەلاّت. بۆیە چینی دەرەبەگ بەرامبەر ئەمە ئەوەستێ. چینی دەرەبەگ چاوی لەوەوە نیە بازاڕ دروست بكات چونكە (بەرهەمهێنان) لەرژێمی

دەرەبەگێتیدا بۆ خستنە بازاڕو سەرمایە دروست کردن نیە، بەڵکو و بۆ بەکارهێنانی ناوخۆییە (الاستهلاك المحلی). لەبەرئەوە دەرەبەگ پێویستی بە بازاڕ نیە، وە لەبەر ئەوەشە پێویستیشی بە یەکخستنی پارچەکانی وڵاتێکی پارچە پارچە کراو نیە. واتا پێویستیی بە دامەزراندنی حوکمی نەتەوەیی نیە!.

ئابەم جۆرە مارکسیەکان بزووتنەوەی نەتەوەیی ئەبەستنەوە بە قازانجی ماددییەوە. بەڵام ئەوە نازانن کە زۆربەی زۆری ئەو شۆڕشانەی لە کوردستاندا بەرپا بوون (بنەماڵە دەرەبەگەکان!) بەرپایان کردوون و هەندێکیان ملی خۆیان کردووە بە پەتدا لە پێناوی نەتەوەی کوردا، ئەوان ئەوە نازانن (دەرەبەگێتی) تەنیا وەك (چین) دوژمنی کوردایەتییە. بەڵام بۆی هەیە پیاوێکی دەرەبگ شەق لە بەرژەوەندی خۆی هەڵداو بیروباوەڕی کوردایەتی هەڵگرێ‌و خۆی بۆ کوردستان بەخت کات وەك چۆن بۆی هەیە ببێتە (شیوعی) یان (ماسۆنی) یان ... هتد بەڵام شیوعیەکان باوەڕ بەمە ناکەن "کرێکارێك ئەگەر لایدا لە رێگەیان، ئەڵێن ئەمە نەفسیەتی بورجوازییەو بیروباوەڕی (تیتو!) یانەی هەیە( لە کاتێکا مێژووی شۆڕشەکانی کورد بە تەواوی ئەم راستییە ئیسپات ئەکات. ناهەقیان نیە ئەوان هەرچی بڵێن لەبارەی کوردایەتییەوە، چونکە کوردایەتی بە بیروباوەڕ نازانن، بەڵکو بە باوبڕی ورگی تێ ئەگەن، وەك هەندێك لە کولکە مارکسییەکانی تر، کە کوردایەتی بە شەوچەرەی سەرمێزی رازاوەی شەو ئەزانن. ئەوەتە بە هەموو دڵنیاییەکەوە (حەمە) ئەڵێ باپیرە کۆنەکانمان کوردایەتییان نەکردووە. بەڵێ چاو ئەخەفێنێ لەوەی (ئەحمەدی خانیی) نزیکەی (٢٥٠) ساڵ لەمەوپێش لە مزگەوتێکی کوردستانی باکووردا شیعری بە کوردی داناومو هەستی کوردایەتیی خەڵکی پێ بزواندووە. ئەوەی لەبەرچاو نیە کە (علی تەرموکی) نزیکەی (٦٠٠) ساڵ لەمەوپێش ئەڵێ ((ئەی وشەی کورد تۆ لەناوناچێت))[١٣]. جا خۆ ئەگەر بە

---

[13] تەماشای کتێبی (دراسة في الشعر الكردي) بکە نووسینی لوس بول مارگیت و ك. ا.ب. گۆڕینی بۆ عەرەبی ڕەفیق حلمی.

قسەی ئێوەبوایە نەك ئەبوو (٣٠٠) ساڵ و (٦٠٠) ساڵ لەمەوبەر بەڵكو ئەبوو ئێستەش کوردایەتی نەبووایە، چونکە (سەرمایە) تازە وا خەریکە لەهەندێ شوێنی کوردستاندا چرۆ دەرئەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا تۆ واز لە ئەحمەدی خانیی و عەلی تەرموکی بێنە، قەی ناکا، ئەی یەزیدیەکان چی لێ ئەکەیت، کە ئەمە چەند هەزار ساڵێکە، نەك هەر لە نوێژەکانیاندا لە خوا ئەپارێنەوەو ئەڵێن:

((خوایە بەهەشتەکەت لە ئەرزی کوردستاندا دابنێ))بەڵکو ئەوەندەی خەست ئەکەنەوە ئەڵێن: "خواش کوردەو هەر بە هەزار ساڵ جارێك سەرێکمان لێ ئەداو بە کوردی قسەمان لەگەڵ ئەکات. زمانی کوردیش شیرین ترین و خۆشترین زمانی جیهانە، چونکە زمانێکی خواییەو....هتد".

ئەبێ ئێستە، بە سەری خۆت، ئەگەر بە حسابی تۆ بوایە، ئەئەبوو یەزیدیەکان چەند هەزار ساڵێك بێ پلەی سەرمایەدارییان تێپەڕاندبێ و ئێستە دەمێك بێ لە (بەهەشتی!) شیوعیەتیدا بژین. چونکە بە قسەی خۆت و مامۆستاکانت هەستی (نەتەوەیی) لە پلەی سەرمایەداریدا سەر هەڵ ئەدات و بەرز ئەبێتەوە؟. بەڵام (لە بێخەبەران کەشکەك سڵاوات!).

ئیتر پاش ئەمانە چۆن زات ئەکەیت بڵێیت: با پیرە کۆنەکانمان کوردایەتییان نەکردووە؟. ئەم قەسەیەت تەنیا تۆ و هاوتای تۆ ئەیسەلمێنن، ئەگینا یەکێك کە تۆزێ بە چاوێکی وردبینانەوە بەدوای راستیدا بگەڕێت، رووی نایە ئەو قسەیە بکات چونکە ئەگەر لە کۆندا راپەرینێکی نەتەوەیی گشتی نەبووبێ، مانای وانیە پچڕپچڕو لەملاولا نەبووە، دوایی گەلێ لەو نەتەوانەی رەویان کردە ئەمەریکاو (مستعمرات)یان دروست کرد، کە بوو بە بنکەی پیشەسازیی و سەرمایە. ئەوانە لەبەر ئەوەی هەستی نەتەوەییان نەبوو زۆر چاك لە رەگەزی- ئەنگلوسەکسون-دا توانەوەو ئێستە بە زمانی ئینگلیزی قسە ئەکەن. ئیتر سەرمایەداریی هەقی چیە بەسەر دروست کردنی هەستیی (نەتەوەیی)یەوە. تەنیا ئەوەیە پێشکەوتنی

سەرمایەو رەگ داکوتانی لە کۆمەڵگایەکدا ئەبێتە هۆی پەرەسەندنی هەستی نەتەوایەتیی لەو کۆمەڵگایەدا نەك دروستکردنی. پیاو کە ئاگای لە مێژووی خۆی نەبوو، نابێ هێرش بەرێتە سەر شانازیی نەتەوەکەی. ئەرێ کاکی کۆمۆنست: وەك بزانیت هیچ دوژمنێك لە کۆندا پەلاماری کوردستانی نەداوە، ئەی ئەگەر هەستی کوردایەتیی نەبووبێ بەربەستیانی کردبێ، چی ئەو دوژمنانەی لەناو بردووە؟ وە چی نەیهێشتووە کە بەجارێ کەلەپووری نەتەوایەتیمان لەناوبەرن لە کوردستاندا؟.

## زانست لاریی لە بوونی خوا نیە

ئەمەیان وا. دوایی کێ ئەڵێ خەڵکی کۆن لە ئێمە خواپەرستتر بوون؟. من لام وایە ئەمەشت لە قسەکەی پێشووت ساکارانەترەو هەر لەخۆت ئەڕوانیت. ئەوەی زاناکان ئەیڵێن ئەوەیە: باوەڕکردن بە خواو هەڵگرتنی پێشوێنی سروشتەکانی خواپەرستیی، لە سەدەیەکدا بەهێز ئەبێ کە زانست پێش بکەوێت، یەکێك هەتا زیاتر لە هەستو نەستی (تەبیعەت) بگات، زیاتر باوەڕی بەخوا ئەبێ. هەتا کۆمەڵگای ئادەمیزاد پێشتر بکەوێو نهێنیەکانی جیهانو گەردوونی چاکتر بۆ دەرکەوێ، پتر باوەڕ بەخوا ئەهێنێ. ئەگەر خواناسین لە دەوری کۆندا بەشێکی زۆری لەسەر بناغەی چاوترسینکردنی خەڵکیو پاداشت پیشان دان دامەزرابێ، خواناسینی ئێستە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەو سەرنج دانی (تەبیعەت)ەوە هاتووە.

زانای کیمیا گەری بەناوبانگ (لورد کیلڤن) ئەڵێ: " ئەگەر بە وردی بیر بکەیتەوە لە زانستەکان، زانست ناچارت ئەکات باوەڕ بەخوا بهێنی.

فەیلەسوفەکانی بەناوبانگ (فەرەنسیس باکونیش) ئەڵێ: ((ئەختێ فەلەسەفە پیاو لە (الحاد) نزیك ئەخاتەوە، بەلاّم قووڵ خوێندنەوەی فەلسەفە پیاو ئەباتە سەر باوەڕهێنان بە خوا)).

زانــای فیزیاگــەری بــەناوبـانگ ( ئولیفرونــدل ) ئــەڵێ : " هــەتا زانــست پــێش بکەوێت، دەلاقەی نێوانی زانستو خوا پەرستی کەم ئەبێتــەوە. چـونکە تێگەیـشتنی راستەقینەی زانست وا لە پیاو ئەکات زیاتر باوەڕ بەخوا بهێنێ".

زانای بـەناوبـانگ ( دوکتـۆر ئـاسـاگرای ) لـە یـەکێ لـە ( محاضـراتەکانیـدا ) لـە جامیعەی ( ییل ) ساڵی ١٨٨٠ وتویەتی" ئەوەی زانست بۆمان ئەگێڕێتــەوە لـە بـارەی جیهانی نەزانراوەوە پێچەوانەی باوەڕکردن بە خوا نیە. زانـست هـەر بـەو رێبـازەدا ئەڕوات کە ( تەبیعەت )ی پیا ئەڕوا. لەبەرئەوە پێویستی سەرشـانی زانـست ئەوەیـە هۆی بنچینەیی رووداوەکانی گەردوون بگێڕیتەوە بۆ هێزو دەسـەڵاتی خـوای گـەورەی خۆی"(١٤).

من ئـەم قـسانە ئەکـەم هەرچـەندە رەنگـە بڵێیت : جـا چیە خـۆ ئـەم زانایـانـە هەموویـان پیاوی ئەمەریکان. ئەگەرچی هەندێکیشیان ئەمـەریکایان هـەر نـەدیوە، بە سەری ( کاکە مەلا! ).

جا کە مـن ئـەم قـسانە ئەکـەم، دیـارە سـەبارەت بـە باوەڕهێنـان و دڵنیایی‌مـە ئەیکەم. هەروەها ژێریش کە ناوی خوا پەرستی ئەهێنێ دیـارە بـاوەڕی پێـی هەیـە، ئەگینا، وەك جەنابتان ( شـەکرتـان شکـاندووە ) وانیـە، کـە گوایـە ژێـر بـۆ مـەرامو ئاما نجێکی تـایبەتی خۆی ئەمە ئەڵێ، وتووتـانە :

" مـن هـیچ گومـانم نیـە لـەوەدا کـە کـاك کامـل بـە داسـە پاندنی مەسـەلەی خوا پەرستیی لە کوردایەتی‌یدا. لەوە زیاتری مەبەس نیە کـە مـەرایی‌و رووپامـاڵی یەکی ئاشکرا بکا بۆ خوا پەرستانی میللەتەکەمان، وە ( رایان کێشێ! ) بۆ هاتنە ژێر ئـالآی ئـەم کوردایەتی‌یـە تـازە بـابەتـە، وە کـە شـان بەشـانی ( عروبـەو اسلام )ی موبـارەك لە کوردستـانیشا دروشمی (( کوردایەتیی‌و خوا پەرستی بەرزکاتەوە )).

---

(١٤) بروانە کتێبی ( الله یتجلی في عصر العلم – چون کلوڤەر مونسا سەرپەرشتی نوسینی کـردووە. دوکتـۆر دەمـەرداش محەمید وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی. دکتۆر محەمەد جەمالەدین فەندی پیاچۆتەوە ).

جارێ منیش هیچ گومانم لەوەدانیە، کە تۆ ئەم قسەیە ئەکەیت، کوتومت لەدڵی خۆت ئەڕوانیت. بەڵێ، ئەوە هەر لەدەست کابرایەکی شیوعی دێت کە بەرگی درۆ لەبەربکا بۆ هەڵسووراندنی کاری خۆی. کوردایەتیی خۆی وەك ڕۆژ ئاشکرایەو پێویستی بە هەڵخڵەتاندنی ئەمو ئەو و درۆ و دەلەسە نیە. ئەوانەی بە هەڵخەڵەتان، یان لە ترسانا دێنە سەر بیروباوەڕێك بەقەدەر پووشێك نرخیان نیە.

تەجروبەی ئەم دووساڵی ڕابردووەتان ئەمەی چاك بۆ دەرخستین. باکای کۆن بەبا ئەکەین..

تۆ لە کاتێکدا کە کابرایەکی شیوعیت و باوەڕت بە خواو هیچ جۆرە ئاینێك نیەو ئەمەش بەڵگەی پێ ناوێ چونکە شتێکی ئاشکراو دیارە کە باری سەرنجی مارکسیانە بەرامبەر بە گەردوون و جیهان سەرنجێکی خوانەناسانەیە، ئەوەتا گاڵتەت بە ( عروبەو اسلام ) دێ و لێوە کرۆژیتە لە ( کوردایەتی و خوا پەرستی ) هەڤیشتە وابڵێیت چونکە ناتەوێت بیروباوەڕی کوردایەتی بیروباوەڕێکی ( ملحدانە ) نەبێت دیارە تا هەنگاوێك لە تۆ نزیکتر بێ باشترە بەلاّم ئاتۆ پێم ناڵێیت بۆچی نەچوویت قاپی ( عبدالکریم ماشطة ) بگریت کە لە پێش مردنیدا بەچەند مانگێك وتاریکی درێژی لە ڕۆژنامەی ( صوت الاحرار! ) دا نووسیبوو وە بە ئاشکرا وتبووی : ( شیوعیەتی و ئیسلامەتی لەگەڵ یەك ناکۆك نین ، بەڵکو شیوعیەتی نەریتێکی ئابوورییەو هیچی تر ) لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ خۆشت بەم قسەیەی ( ماشطة ) رازی نابی ، چونکە نە شیوعیەتی و ئیسلامەتی لەگەڵ یەك کۆکن و نە شیوعیەتی تەنیا نەریتێکی ئابوورییە . بەلاّم ئەزانی تۆ بۆچی قاپی ئەوت نەگرت ؟ وەك ئێستە وا قاپی کوردایەتیت گرتووە، چونکە ئەم قسەیەی ئەو کەڵکی تیایە بۆ بلاّوکردنەوەی بیروباوەڕەکەی خۆت و پیاوی ساویلکەو بێ ئاگات بۆ ( ڕائەکێشێ ! ) یا بەهۆی ئاینەوە بێ ئەم جارەو بەهۆی ترس خستنە بەر خەڵکەوە ئەبێ قەیچێکا ، ئەمە لەلایەکەوە لە لایەکی تریشەوە چونکە خۆت ئەزانیت ئەو

ئەم قسەیەی ئەیکات بە ڕاستی نیە. دوایی تۆ پێم نالێیت بۆچی پەلاماری ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب !)ی خۆتانت نەدا ، کە لە ڕۆژی یادی شینی (حەسەن و حسەین) دا پرسەنامەی بلاوکردەوەو دەستی کرد بە ماستاو سارکردنەوە بۆ موسلمانان و لە هەمان کاتا ئێستگەی رادیۆی (موسکو) ڕەوزەخوانی بلاو ئەکردەوە ؟ ئەزانیت بۆچی ؟ چونکە تەواو دڵنیایت لەوەی ئەوانە ڕاست ناکەن و بۆ (ڕووپامالی !) وا ئەکەن. یان ئەی بۆچی هێرشێکت نەبردە سەر ئەو شیوعیانەی لە دەوری کۆن دا ئەچوونە بەر گۆڕەکەی (امامی علی) و بەبێ دەستنوێژ نوێژیان ئەکردو ئەگریان و ئەیان باران بە دەوریا بەدرو ، بێگومان تۆ هیچ وتەت لێوە نەهات و نایەت چونکە ئەیزانیت ئەوانە (دەورێکی تەمسیلی) بوو ئەیان بینی و لە دوایشدا ئەیان وت (استغلیناهم خوش استغلال).

ئەمە لەوە ئەچێ زۆربەی زۆرتان بە پێی فەرمانێکی تایبەتی لەم بەینەدا وەك بیستوومە جلی کوردیتان کردبووە بەر کەس دەنگی نەکرد بەلام کە کورد پەروەرێك جلێك لەبەر ئەکات چاوتان ئەپەڕێتە پشتی سەرتان و جنێوی پێ ئەدەن و فیکەی لێ ئەکێشن وەك لەم ڕۆژانەدا فیکەیان لە مامۆستا (عبدالله زێیاری) کێشابوو کە بە جلی کوردییەوە بەلای چەند زۆڵە کوردێکدا تێپەڕیبوو لە گەڕەکی سابونکەران لە سلێمانی .

تۆ کابرایەکیت باوەڕت بە خوا نییە بەهۆی ئەوەوە کە شیوعیت -من تەحەدات ئەکەم ئەگەر بلێی شیوعی باوەڕی بە خوا هەیە و ئامادەم دەیان بەڵگەت بۆ بێنمەوە لە بارەی باوەڕنەکردنتانەوە بە خوا -بۆچی ڕازی بوویت بە ناوی مەلایەتیەوە خەڵك هەڵخەڵەتێنی و ماوەیەکی زۆر بە مەلاو فەقێ و پیاوی ئاین خۆت بدەیتە قەڵەمو ئەم مەلایەتیە بکەیتە سەرچاوەی ڕزق و ڕۆژی خۆت ؟ شوورەیی نیە باوەڕت بە شتێك نەبێت و بیکەیت ؟ پیاو ئەو پیاوەیە کە باوەڕی بە شتێك نەما نەیکاتە هۆیەك بۆ نان پەیداکردن ئەگەر چی لاکەی سەریشی بێ لە برسانا. ئەوە ڕووپامالی و کلکە لەقێیە کە ئێوە ئەیکەن نەك ژیر .

کامل ژێر کە بەینێك شیوعی بوو و باوەڕی بە شیوعیەتی هەبوو و هەزار دەربەدەری و زیندان و سزای چەشت لە دەوری کۆندا ئەوەندەی یەك تۆز غیرەتی قوبوڵی نەکرد سەر بۆ دوژمن دابنەوێنێ وەك بەشی زۆرتان کەوتنە زەلکاوی ( براءة و اعتراف ) ەوە، هەر بەلای ئەم قسانەشدا نەنەچوو و دڵی نەیئەهێنا وەك ئێوە مێژەری جامبازی بکاتە سەری. دوایی بۆچی ئەبێ پیاو ئاوا لە سنووری ئەزاکەت بچێتە دەرەوەو خەڵکی بە ( دوو ڕوو ) و ( ڕووپاماڵ ) بداتە قەڵەم ، تا ئەو کەسەش ناچار ببێ هەرچی لە دیزەکەتاندایە بە ئەسکوێ بیهێنێتە دەرەوە تۆ وەڵامی بیروباوەڕێك ئەدەیتەوە یان قسەی ناشایستە ئەکەیت؟ تۆ کە تانووت لە ژێر ئەدەیت گوایە پێویستیەکانی ئایین بەجێ ناهێنێ ! زۆر باش بزانە ئەو ئەوەندەی شانازی بەسە وەك تۆ ئینکاری بوونی خوا ناکات و گاڵتەش بە هیچ ئاینێك ناکات بەلام تۆ کە مەلاو مەلازادەیت ئەبێ ئینکاری بوونی خوا نەکەیت و نەبیتە شیوعیو لە پێش ( عەواما )کاروباری ئاینی خۆت بەجێبهێنی نەك ئەوەندە بەناوی مەلایەتی درۆوە نانی حەرام بچێت بە قورگتاندا .

دوایی کە ئەڵێیت :

( هەموو کەس ئەزانێ کە لە هەموو چەرخێکی شارستانیەتیدا تاقمە ( ملحد ) ێك بوون وە ئەمانە لە ئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی وە پەیدابوونی ( نەتەوایەتی ) دا ژمارەیان ڕووی کردۆتە زیادبوون ) .

ئنجا ئەڵێیت :

( دەوڵەتی ئاینی نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دەوری دەرەبەگی ، هەربۆیەش لە هەر وولاتێکی دەرەبەگیدا لە ژێر پەردەی ئاییندا ئازادبیران سزا دراون و سوتێنراون پەل پەل کراون ) .

جارێ تو ناتوانیت ئەوە ئیسپات بکەیت کە( الحاد ) لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازیدا پەرەی سەندووە، چونکە بەم قسەیەت تەنیا ئەتەوێت( الحاد ) ببەستیت بەسەدەی پیشکەوتنی زانستەوە. واتا ئەتەوێ بڵێیت : هەتا زانست پێش کەوێ خەڵکیش

زیاتر بەرەو (الحاد) ئەڕۆن، وەك ماركسیەكان (ئەفەرموون). ئەمەش وانیەو پێچەوانەكەی ڕاستە، وەك بەشایەت وبەڵگەی قسەی چەند زانایەكی گەورە ئیسپاتمان كرد. بڵاوبوونەوەی (الحاد) جۆرە (ظروف)و چەند هۆیەكی تایبەتی هەیە، ئەگینا (الحاد) یەتی دەوری یونانییەكان وهەندێ عەرەبە كۆنەكانی پێش ئیسلام و(اسماعیلیەكان)و(پاسەوانانی پەرستگا) بەچی لێك ئەدەیتەوە، خۆ ئەوانە لەسەردەمی شۆڕشی پیشەسازیدا نەژیاون، ئەی بۆچی (ملحد)بوون؟. لەسەرێكەوە ئەڵێیت (الحاد) لەگەڵ پەیدابوونی (نەتەوایەتی)دا زیادی كردووە، نەتەوایەتیش بەقسەی خۆت ومارکسیەكانی تر تأریخی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەكانی ناوەڕاست. ئەی باشە (الحاد)ی دەوری كۆن هی پێش نەتەوایەتی (بەقسەی خۆت) بەچی لێك ئەدەیتەوە؟.

پاشان كەتۆ ئەڵێیت ((دەوڵەتی ئایینی نیشانەیەكە لە نیشانەكانی دەوری دەرەبەگێتی)). ئەی نەئەبوو ئەو كۆمەڵگا دەرەبەگانەی لەجیهاندا بوون هەر یەكە دەوڵەتێكی ئایینییان ببێ؟ دوایی تۆ كەئاین بەدروشمی دەرەبەگێتی ئەزانیت، چۆن ئەم قسەیەت لەگەڵ قسەی ڕۆژنامەی (أتحاد الشعب!)ی خۆتاندا یەك ئەخەیتەوە كەئەڵێ: ((رغم ان الدين الحنيف بجوهره يعارض خيانة الشعب ومصالح الوطن))[15] نازانم چۆن ئەو ئەڵێ ئاین لەجەوهەریدا پێچەوانەی ناپاكی كردنە لەگەڵ گەل وبەرژەوەندیی نیشتمان دا، تۆش وائەڵێیت باشە چۆن دەرەبەگ دەست بەداوێنی ئاینیكەوە ئەگرێ كەلەجەوهەریدا پێچەوانەی ناپاكی كردنە لەگەڵ گەل و بەرژەوەندیی نیشتماندا. یان ئێوە چۆن مەتحی شتێك ئەكەن كەنیشانەی دەرەبەگێتییێ؟. ئا ئەمەم بۆ لێكبدەرەوە سەرفرازی ماڵی (ماركس) بێت.

پاشان، پێم بڵێ بزانم هەرتەنیا لەژێر پەردەی ئایندا (ئازادبیران!)سووتێنران و سزادراون و پەلپەلكراون؟. تووسەری خۆت پێم

---

[15] (اتحاد الشعب-٢شەممە-٢ آب-١٩٦٠. ژمارە ١٥٦ ساڵی دووەم ل(٤)وتاری (مكانة الاخوان المسلمين ودعوتهم عند الملك حسين).

ئالێیت لەژێر پەردەی چ جۆرە ئاینێکدابوو، هەرچی بیوتایە کوردم، هەزار جنێوو شەق و تف و سیخورمە و قسەی ناشیرین و ساردو سووکی ئاڕاستەنەکراو، نەکرا بەجاسووس و نۆکەرو، دانەجیرەی لێنەکراو نەوترا: ئاخۆ کەی دەستبڕوا، ئەم (کورد چیانەش!) پەتیپەتێنیان پێبکریٚ و ڕابکێشرێن. نەری دەخیلت بم کابرای (ئازادبیر!) لەژێر پەردەی چ جۆرە ئاینێکدابوو وا هاوڕێکانی تۆ پەلاماری لاوانی کوردستانیاندا لەهەڵەبجە، نەك سەبارەت بەوەی جاسووسی تورك یان ئێران بوون، بەڵکو لەبەرئەوەی (کوردیچ و لاویچ و پارتیچ)بوون.

ئەی لەژێر پەردەی چ جۆرە ئاینێکدا بوو کەدەیان پیاوی بێئاگاو لەهیچیانەبوو بەزیندوێتی بەناو شاردا ڕائەکێشران تاگیانیان دەرئەچوو؟! کارێکی وایان پێکرا مەگەر هەر دڕندەیەکی کێوی برسی بەنێچیرێکی بکات!

## کۆماری کوردستان بەگورگان خواردوودرا

لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەڵێت:

((هێنانی ئەم تەجروبەیە کەهیچ پەیوەندییەکی بە((خاکی نیشتمان))مانەوە نییە، بۆ کوردستان، بەهیچ جۆرێك سەرناگرێ، وە ئەتەوەی کوردی وریای پێهەڵ ناخەڵەتیٚ.

میللەتی کورد لەیادیەتی کەدوژمنانی جمهوریەتی کوردستان هەموویان هاواریان بوو، وە کەوتبوونە دادو فیغان لەفەوتانی ئیسلامەتی لەجمهوریەتی مەهابادا.

نۆکەرەکانی چەرخی کۆنی عێراقیش خۆیان بەچاودێرەکەری ئایین ئەدایە قەڵەم....)).

بەخوا جوانە!. وادیارە ئەتەوێت دەستە چەورەکەی خۆت بەمل ژێردا بسوویت.

تەجروبەی (کوردایەتی) بەفەلسەفەی (عروبە!) نەدەیتە قەڵەم وئەڵێیت هیچ پەیوەندییەکی بەخاکی نیشتمانەوە نیە، کام خاکی نیشتمان ئەفەرموویت (هاوڕێ)؟ کوردستان؟! یان نیشتمانی دایك؟ تۆزێ شەرم بکەن شەرم.

ئەگەر ئەزانن شەرم بەری بەکوێوەیە. باشە با (کوردایەتی) مافی بەخاکی کوردەوە نەبێ!!. بەڵام ئایا تەجروبەی (مارکسیی لنینی) لەناوجەرگەی شارەزوورەوە هەڵقوڵاوە؟! بەڕاستی تازەم زانیوە مارکس خەڵکی (حەمامۆك)ەو لنینەکەش (ئابلاخی) بووە!!.

بەڵێ هەموو کوردێك چاکی لەبیرە کەدوژمنانی کۆماری کوردستان کێبوون.

کوردێکی کورد پەروەر دەوژمنی خۆی باش ئەناسی، چونکە پیاوی هیچ لایەك نیەو لەئاستی هەردوولاو هەموو لایەکدا چاوی ئەبینی، (شۆخ!) یشی لێنەڕواوە تاکو سەری قورس کردبێو کارەساتی ڕابردووی لەبیر بچێتەوە. ئەوەبو لەکاتێکدا کەلەشکری (رووس) کشایەوە لەکوردستانی ڕۆژهەلات، لەئەنجامی دەستکردنە مل یەکی (قوام السلطنه) و (ستالین) دا، پاش ئەوەی (هاوڕێ ستالین!) کوردی بەچەند گالۆنێك نەوت فرۆشت ئەوسا لەشکری داگیرکەری ئیران بە پشت گیری ئینگلیزو ئەمەریکای ئاغایان، پەلاماری کوردستانیان دا.

یەکەمین تاقم کەگوللەیان نا بەئالای کوردستانەوە هەندێك پیاوی بێگانە بوون، ئەمە وایەو کەس ناتوانێ نکوڵی بکات، هەموو کورد پەروەرێکیش کەئاگای لەمەسەلەکە بێ لەبیریەتی.

بەلام ئەوەش لەبیرناچێتەوە کەیەکێك لەهۆ هەرەگەورەکانی ڕووخاندنی ئەو حکومەتە (رووسیا) بوو.

هەرچەندە کەمی هەستی نەتەوەیی لەناو کوردەواریەکەی ئەویدا هۆیەکی هەرە گەورە بوو بۆ تێك چوونی ئەو حکومەتە.

بەڵام دەس بەردانی ڕووسیا لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە ئاژاوە گێڕیی ئەو شیوعیانەی حیزبی شیوعی عێراقی ناردبوونی بۆ ئەودیو، بەمەبەستی گێرەشوێنی و خەڵك لەیەك بەردان، دەورێکی گرنگی هەبوو لەڕوخاندنی ئەو حکومەتەدا.

خۆ ئەگەر ئەڵێی تۆ کابرایەکی (کۆنە پەرستیت !)و باوەڕم پێناکەیت کەحیزبی شیوعی عێراقی ئەمەی کردووە، فەرموو بچۆ لەوانە بپرسە کەلەوێبوون وبەڕاستی قسە ئەگێڕنەوە.

یەکێ لەوانە مامۆستا (تۆفیق وردی)یە کەئەو بەدەمی خۆی لەبەردەم دە کەس زیاترا، کەشەوێك پێکەوە دانیشتبووین، ئەم قسەیەی گێڕایەوە، ئەگەر بشلێیت،(وردی) هێشتا هەر کابرایەکی مارکسییەو ڕووسیاکەشتانی خۆش ئەوێو زۆریش سەرسامە بەهەندێك لە پێشەوا شیوعیەکانەوە، وەك (لیوشاوشی !)[١٦]

[16])یەکێك لەو گێرەشێوێنانەی نێردراوەکانی حیزبی شیوعی عێراقی کردیان لەمەهاباد. ئەوەبو کرێکارەکانی چاپخانەی کوردستانیان هاندا کە (مان بگرن) لەنیش بەو مەبەستەی ئەمە حکومەتێکی(بورجوازیەو! ) کرێکار ئەبێ بەمانگرتن و خەباتی چینایەتی مافەکانی دەستگیرببێ.
بەڕاستیش ئەو کرێکارانە ڕۆژێك مانیان گرت!!.

## کوردایەتی رژێمی چونیەکییە

ئنجا ئەڵیت:

(( بێینە سەر ئەوەش کە کاک کامل، کوردایەتی بە (( رژێمی گونجاوی پاشە ڕۆژمان )) دائەنێ، واتە هیچ رژێمێکی تر بۆ کوردستا دەس نادا.... )) (( .... ئە نجا کەکوردایەتی رژێمی فەرمان داری ( نظام الحکم ) بێ. وەهەر ئەویش بۆ کوردستان دەس بدا، واتە کورد بۆی نەشی رێگایەکی تر بدۆزێتەوە بۆ بەرێوەبردنی پەیوەندی هێنانە بەرهەم ( علاقات الانتاج )ی ناو خۆیو دامەزراندنی ئەو دەسکایەی کەئەم بەرێوەبردنە ئەگریتە ئەستۆ. بەڵێ کەوابو بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکوردستانا لەژێر سایەی کوردایەتی چۆن ئەبێ؟ ئەمرۆ دانیشتوانی کوردستان پێکهاتوون لەکرێکارو فەلاح ورۆشنبیرو سنعات کارو کاربەدەستان وسەرمایەداران ودەرەبەگەکان، وەمیللەتی کورد پێکهاتووە لەگەڵ ونیشتمان پەروەرانی ناو ئەمانە، بەلام ئەمانە هەندێکیان هەمیشە پێکەوە دانوویان ناکوڵێو سوودی ئابووریان تا سەر لەگەڵ یەك ناگونجێ، هەر کامیش لەمانە کوردایەتی ئەکەن ودڵیان بەئامانج وهیوای دوورو نزیکی کوردایەتی یەکەیان خۆشە... لەبەر ئەوە هەرکامیان بۆیان هەیە بپرسن: ئاخۆ لەژێر سایەی فەرمان داری کوردایەتیدا باری ژیانیان چۆن ئەبێ؟ واتە: ئاخۆ وەك ئێستا پەیوەندی کۆمەڵایەتی نیوە دەرەبەگییو نیوە سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵا حوکم ئەکا، یا ئەبێ بەسەرمایە دارییەکی تەواو، یائەگەرێینەوە بۆ دواوە بۆ دەرەبەگییەکی ڕاست ورەوان، یا پێش ئەکەوین بەرەو سۆشیالیزم وکۆمۆنیزم؟..کامل ژیر وەلامێکی وردی ئەم پرسیارە ناداتەوە، هەرچەند ئەڵێ: (( کوردایەتی، یەکسانییەو هەموو کوردێك لەژێر سایەیا چونیەك ئەژین )) چونکە روونی نەکردووەتەوە ئاخۆ ئەو یەکسانێیە لەبەردەمی قانوونایە، یان لەبۆ هەلکەوتنی هەلا، یان لەخاوەن دەرامەتیدا، وە بە پێی سر نجی سەرمایەدارییە یان سر نجی سۆشیالیستی ؟)).

**لێرەدا شتێكی زۆر گرنگ هەیە پێویستە دەستی بۆ ڕابكێشین.**

تۆ كەدێیتە سەر نەریتی فەرمانڕەوایی، ئەم نەریتەو هۆی بەرهەم هێنان بەیەك شت ئەزانیت.

بەلام ئەم قسەیە بەتەنیا قسەی ماركسیەكانە، كەبینای هەموو كۆمەلگایەكی تایبەتی وەك ژێرخان ( البناء التحتی )و سەرخانێك ( البناء الفوقی ) دێننە بەرچاوی خۆیان.

كە ژێرخانەكەی بریتییە لەبنچینەی هۆیەكانی بەرهەم هێنان، ئیتر هەرچی یاساو ڕەوشت ودەستوورو نەریتی فەرمانڕەواییەك هەیە، ئەبێتە( سەرخان ) بۆ ئەو ( ژێرخانە ). ئنجا كەژێرخانەكە لاچوو ( واتا هۆی بەرهەم هێنان گۆڕرا ) سەرخانەكەشی ئەرمێ.

بەكورتی: پێیان وایە كەهۆی بەرهەم هێنان گۆڕا، لەكۆمەلگایەكدا، ئەو دەستوورو یاساو ڕەوشت ونەریتی فەرمان ڕەواییەی لەو كۆمەلگایەدا بەرپایە ئەگۆڕێو ئەبێتە جۆرێكی تر.

ئەمەواو هەركەسی دوو وشەشی بیست، وەنەبێ شت بزانێ.

هەروەها تۆ كەئەتەوێ بەرەو ( كۆمۆنیزم ! )بڕۆیت بە پێی ڕێگەی ماركسیەتی، وەنەبێ ئەم قسەیەی ( ماركس )ئەخشی بەرد بێ.

بیروباوەڕی ( سۆسیالیزم )یش وەنەبێ میراتێك بێ و لەكارل ماركسەوە بەجێ مابێ بۆ ئەم خەلكە.

( ئەفلاتوون )ی یونانی لەجمهوریەتەكەیدا باس لەكۆمەلگایەكی شیوعی تایبەتی ئەكات.

دوایی سۆسیالیستەكانی پێش كارل ماركس، وەك ( ریكاردو لۆی پلان وفورییەو سان سیمون وروبەرت ئوین ) باسی سۆسیالیستییان كردووەو ڕێ و شوێنیان بۆ داناوە.

بیروباوەڕی كارل ماركس لەبارەی دیالێكتیكیەوە وێنەیەكی كتومتی بیروباوەڕی ( هیگل )ە لەبارەی فەلسەفەی گۆڕانەوە.

تەنیا ئەوەندە هەیە ئەم ( میثالیەتەکەی ) هیگلی گۆڕیوە بە( ماددیەت )و ماددیەتەکەشی لە( فیورباخ )ەوە وەرگرتووە.

دوایی من چۆن بەقسەی کابرایەك بڕوابکەم، بڕوایەکی کوێرانە، کەئەو کابرایە بەشی زۆری پێش بینینەکانی ڕاست دەرنەچووین و زانست زۆری بەدرۆ خستبنەوە.

ئەمە بێجگە لەوەی ئابووریی سیاسی مارکسیانە لەهەردوو لاوە( چ تیور چ پراکتیك ) گەلێ ڕەخنەی تیژو توندی لێئەگیرێ.

جارێ پێشبینی( کارل مارکس ) لەبارەی ئەوەوە کەئەلێ: شۆڕشی سیاسی لەولاتێکدا ڕوونەدات کەشۆڕشی پیشەسازی تیاڕوویدات، بەهەڵە دەرچوو.

چونکە ئەوەبوو، شۆڕشی ( پرولیتاریا ) لەئەڵمانیاو ئینگلتەرەی پێشکەوتوو لەبارەی پیشەسازییەوە ڕووینەدا، بەڵکو لەدوو ولاتی وەك ( روسیا )و( چین )دا ڕوویان دا کەهەردووکیان ولاتی کشتوکاڵ بوون ولەباتی ئەوەی پرولیتار ببێتە هەوێنی ئەم شۆڕشانە، جوتیارو سەپان بوونە ئەو هەوێنە.

هەروەها ئەزەرییەی سەربایەخ ( فائض القیمة ) کەبڕبڕەی پشتی ئابووریی مارکسیانەیەو هۆی ئیستغلال وشەڕی چینایەتییە بەلای مارکسیەکانەوەو بەر لەکارل مارکس ( ڕیکاردو ) باسی کردووە، ئەمیش ڕاست نییەو لەگەلێ لاوە ڕەخنەی لێ ئەگیرێ، چونکە کارل مارکس ئەلێ: بایەخ ( قیمە )ی هەموو شتێك بەو کاتە ئەقەبلێنرێ کەلەدروست کردنیدا بەخت کراوە.

واتا هەتا شتێکی بەرهەم هێنراو ئیشی زیاتر تیا بەخت بکرێت، ئەبێ بایەخەکەشی زیاتربێ دیارە ئەمەش ڕاست نیە.

چونکە بایەخی شت هەر بەمیقداری ئیشەوە نیە، کەتەنیا بەخت کراوە بەڵکو پەیوەندیشی بەجۆر ( نوعیە )ی ئەوشتەو شوێنو جێگەو ئارەزووی خەڵکیو زروفی ئەوشتەوە هەیە. بۆ وێنە ڕەسامێك ڕەسمێك ئەکا بەدووسەعات، ئەیدا بە ( ١٠٠ )دینار، ڕەسامێکی تریش هەمان ڕەسم ئەکات بە ( ١٠ )ڕۆژو کەچی ئەیدا بە

( ٨ )دینارو کەسیش لێی ناکڕێ. هەروەها ئەو شتە بەلای تۆوە (١٠ )دینار ئەهێنێ بەلای یەکێکی ترەوە ئەشێ ( ٢ ) دینار نەهێنێ، کەچی شت هەرهەمان شتە.

هەروەها شەرابێکی یەك ساڵە ڕەنگە قاپێکی نیو دینار بکات بەلام کەچەند ساڵێك مایەوە سی و چوار دینار ئەکات، کەچی میقداری ئەو ئیشەی تیاکارکراوە هەرهەمان ئیشە.

هەروەها کەکارل مارکس باسی (نظریة ضد ونقیض ) ئەکات لەبارەی (تطور)ەوای لێئەکات ئەیگەیەنێتە کۆمەڵگای شیوعی و ئیتر لەوێدا ئەیوەستێنێ. جا ئەگەر یاسای دایلەکتیك کلیلی (تطور) بێ، دیارە ئەبێ شتێکی ئەبەدی بێ و ئەبێ لەکۆمەڵگای شیوعیشدا هەر کاربکات، واتا ئەبێ کۆمەڵگای شیوعیەتیش کۆمەڵگایەکی تری لێوە پەیدابێ، لەڕێگەی ( ضد ونقیض )ەوە. ئەمانەو گەلێ شتی تریش هیچی کارل مارکس ڕوونی نەکردونەتەوە. هەروەها مەسەلەی چەقبەستن( ترکز )کەئەڵێ (( سەرمایە کەخۆی گرت و گەشەی کرد چەقنەبەستێ و ئەم چەق بەستنەش ئەبێتە هۆی یەك پەلی ( احتکار)و وردە وردە پڕۆژەی بچوك نامێنێ ))

کەچی بەتاقیکردنەوە ئیسپات بووە کەلەگەڵ چەقبەستنی سەرمایە لەشێوەی پڕۆژەی گەورەدا، نەك پڕۆژە بچوکەکان ئەمێننەوە، بەڵکو ژمارەی پڕۆژە بچوکەکان ڕوو لەزیادی و زۆرتربوون ئەکەن. بە پێچەوانەی قسەکانی مارکسەوە. ئەمەش وەنەبێ هەرقسەبێ، چونکە یەکێ لەهاوڕێکانی مارکس کەناوی ( بەرنشتین )ەو خۆشی مارکسیە، ئەم ڕاستییەی بە ( احصائیات ) ئیسپات کردووە. ئەمە بێجگە لەوەی چەقبەستن هەر لە پیشەسازی دا ڕوو ئەداو لە کشتوکاڵدا ڕوونادا.

هەروەها کارل مارکس ئەڵێ: (( لەگەڵ چەقبەستنی سەرمایەدا بەرەبەرە چینی ناوەڕاست نامێنێ ))ئەمەشیان ڕاست نیە، چونکە ( احصائیات ) دەریخستووە وردە وردە چینی ناوەڕاست بەهێزتر ئەبێ و زیاتر ئیسپاتی بوونی خۆی ئەکات. بەتایبەتی چونکە کۆمپانیە گەورەکان لەرژێمی سەرمایەدارییدا ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر

پێویسییان بەتاقمە ئەندازیارو کارگێڕو پارێزەر ئەبێ کەلەوشوێنانەدا ئیش بکەن و موچەیەکی زۆر وەرگرن، کەئەمەش ئەیا نخاتە ریزی چینی ناوەڕاستەوە. هەروەها مارکسیەکان هەتا ئێستە نەیاتوانیوە وەڵامی ئەوەبدەنەوە کەئایا سنووری جیاکەرەوە لەنێوانی چینێك و چینێکی تردا چیەو بەچی ئە پێورێ، لەکاتێکدا کەئەندامانی تاقە چینێك لەڕووی دەسەلاَت و قابلیەتی مێشکەو لەش و هونەرییەوە هەموو وەك یەك نین.

پرسیارێکی تریش: ئایا هۆی بەرهەمهێنان چیە؟. ئایا هۆی بەرهەمهێنان بریتییە لەوچینەی دەس بەسەر ئەو ئالەتانەدا ئەگرێ. دوایی، ئایا چینێك هۆی بەرهەمهێنان پەیدائەکات، یان هۆی بەرهەمهێنان چینێك پێك ئەهێنێ؟.

ئەگەر باش نووسینەکانی کارل مارکس بخوێنیتەوە، ئەبینیت لەهەندێ شوێندا ئالاتی پیشەسازیی داناوە بەهۆی بەرهەمهێنان، لەهەندێ شوێنی تردا چینی فەرمانڕەوای داناوە بەهۆی بەرهەمهێنان و لیکی جیانەکردوونەوە.

ڕاستییەکەی وەنەبێ هەمووکەس لەو ئەقڵەدابێ کە( ئالەت ) ئادەمیزاد بەرێ بەڕیوەو ( تطوری )پێبکات.

چونکە بەلای منەوە ( ئالەت ) دەسکردی مرۆڤەو هەرئەبێ ئەویش بیبات بەڕێوە، نەك مرۆڤ دەسکردی ئالەت بێ.

دوایی ئایا دەوڵەت وەکو مارکسیەکان ئەڵێن هەر بریتییە لەکوتەکێکی دامرکێنەرەوە بەدەست چینێکەوە بەرامبەر چینێکی تر؟. ئایا فرمانی دەوڵەت هەر ئەوەیە؟ یان دەوڵەت بەر لەهەموشتێك دەزگایەکە بۆ پاراستنی نەتەوایەتی. واتا پاراستنی نەتەوە بەخۆیو ئەرزو مێژووو زمان و میراتیەوە؟

جالەبەرئەوەی مەبەست لەم ئامیلکەیە ئەوەنیە کەبیروباوەڕی مارکسیەتی شیبکەینەوە، یان ڕەخنە لەئابووریی سیاسی مارکسیانە بگرین، لەمە زیاتری لەسەر ناڕۆم. خۆت ئەتوانی بچیتە لای یەکێکی بێلایەن کەشارەزای ئابووریی سیاسی بێو ئەمانەی لێبپرسیت. ئەوسا ڕاستی قسەکانمت بۆ دەرئەکەوێ.

هەرچەندە ئەزانم کەهەر ئەگەڕێیتەوە بۆلای شێخەکانی خۆت.چونکە خۆت سەرت لەمە دەرناچێ و ئێستا تەقەی سەرت دێت.

بەلام ئێمە کەخۆمان ئەبەست بەقسەکانی کارل مارکسەوە لەبارەی (تطور)ی کۆمەلگای ئادەمیزادەوە، مانای وانیە ئەگەڕێینەوە بۆ دەوری دەرەبەگێتی وەك فەرمووتانە. یان هەوڵ ئەدەین سەرمایە لەقولی مستی چەند دەستێکی کەمدا کۆبکەینەوەو کارێکی وابکەین ئەندامانی کۆمەلگایەك سەرمایەو ئالەتی پیشەسازی بکەنە هۆیەك بۆ چەوساندنەوەی یەکتری. یان بەرەو کۆمۆنیزم ئەڕۆین، یاشتێکیتر.

نەخێر ئەمانە هیچیان نیە. بەلام چۆن؟.

کوردایەتی لەبەرئەوەی تەنیا(شێوەی بەرهەمهێنان) نیە، چونکە نەریتی فەرمانڕەوایی بریتی نییە لەشێوەی بەرهەمهێنان بەتەنیا وەك ئێوە ئەڵێن. ئەگەرچی لایەکی ئەم ئەریتە ئەمیشیان ئەگرێتەوە. بەلام سەبارەت بەوەی باسی نەمەکرا، بانەختێکی کەم لەسەری بڕۆین.

ئادەمیزاد بەر لەهەموو شتێك بووەیەکی زیندووە.

لەبەرئەوە بە پێچەوانەی هەموو بووەیەکی ترەوە وزەیەکی مات لەقوولایی دەروونیا هەیەو ئەو وزەماتە کەکەوتە کار پاڵی پێوەئەنێ بۆ (ابداع) کردن و شت داهێنان. جا لەبەرئەوەی ئەندامانی یەك نەتەوە کەلەسەر پارچە ئەرزێك بژین و یەك مێژووی نەتەوەیی و یەك هەستی دەروونی کۆیان بکاتەوەو هەموو بۆیەك ئامانج هەوڵبدەن، بەرژەوەندیی ئەو ئامانجەو پاشەڕۆژی ئەو نەتەوەیە وا پێویست ئەکات رێ لەبەردەم وزەی ماتی (الطاقة الكامنة)ی ئەو ئەندامانەدا نەگیرێ، چونکە سەرجەمی ئەو وزە ماتانە بەتاکەتاکە بریتییە لە وزەی گشتی هەموو نەتەوەکە کەئەمیش بەشێکە لەوزەی مرۆڤایەتی و جیاناکرێتەوە. لەبەرئەوە وزەی هەر تاکێك لەکاربکەوێ، سەرجەمی وزە بەشێوەیەکی گشتی کورت ئەهێنێ.

کەواتە تاقە ڕێی ڕاست بۆئەوەی ڕێ لەوزەی هیچ ئەندامێك نەگیرێ، پێویستە هەلی چونیەکیان بدرێتێ بۆئەوەی هەریەکە بەئازادیی هونەری خۆی پیشان بدات لەهەمموو کایەیەکدا کەلەگەڵ دەسەلاتی ئەو ئەندامەو بەرژەوەندیی(( سەرجەم ))بگونجێ. ئەگینا ئەگەر ئەم هەلە چونیەکە نەدرێ بەئەندامانی کۆمەڵگا، بینای کۆمەڵگا ئەبێتە بینایەکی چەند پارچەی پێکەوە نەنووساو و ئامانجی پاشەڕۆژ کورت ئەهێنێ. ئەم هەلە چونیەکەش باشترین هۆیە بۆ تاقیکردنەوەی قابلیەتی ئەو ئەندامانە، چونکە ئەندامانی هەمو وکۆمەڵگایەك لەقابلیەتدا جیاوازن و تابە تەجروبەدا تێنەپەڕن ناتوانین حوکم بەسەر مقداری قابیلیەتیاندا بدەین. واتا ئەبێ ڕێ – بەتەجروبەدا تێپەڕین – لەکەس نەگیرێ. بەلام ئایا تائەو ڕژێمانە بمێنێتەوە کەئەبنە هۆی گرتنی ئەم هەلە چونیەکە لەخەڵکی، چۆن ئەتوانرێ ئەم کارە پێکبهێنرێ. بۆ وێنە: تائیستعمار وڵات داگیربکات و تادەرەبەگ جوتیار بچەوسێنێتەوەو تاسەرمایەدار کرێکارو هەژار (ئیستغلال)بکات، ئیتر چۆن هەلی چوونیەك بەرپائەبێ؟. ئالەبەر ئەمەیە پێویستە ئەو سیانە حسابیان لەگەڵدا پاکتاو(تصفیة)بکرێت. ئائەمەیە ئەو چونیەکییەی ژیر ئەیلێ، نەك (چونیەکیی تەنیا لەبەردەم قانوون دا) وەك تۆ لێکتداوەتەوە. ژیر مەبەستی لەچونیەکیی، چونیەکییە لەهەمموو ڕوویەکەوە، لەپێش هەمووشیاندا، چونیەکیی پێدانی هەل. واتا، نەهێشتنی جیاوازی دەستکردو نا (طبیعی) وەك جیاوازیی چینایەتی لەچەشنی دەرەبەگێتی و سەرمایەداری کەبنکەی ئیستعمارو داگیرکەرانن. واتا ڕێدان بەهەمموو کەسێك کەقابیلیەتی خۆی دەربخا بێجیاوازی. جالەبەرئەوەی خەڵکی لەقابلیەت دا جیاوازن، واتا لەبەرهەمهێناندا(مەبەستم هەر بەرهەمهێنانی ماددی نییە) مانای لەئەندازەی خزمەتی ئامانجدا جیاوازن. بەمەرجێ ئەچن ئەو جیاوازیی دەسەلاتە بەکاربهێنن بۆ (ئیستغلال)کردنی خەڵکی. چونکە ئەگەر وائەبێ، پێموایە دادی کۆمەلایەتی نامێنێ و پالپێوەنەری ئیشکردن لەکار ئەکەوێ.

بـەكورتی: لەمـەی سـەرەوە بۆمـان دەركـەوت كەكوردایـەتی وا پێویـست ئـەكات كەهەمووكەس بەرەنجی شانی خۆی بژیو رێگە بەهەموو ئەندامێكی كۆمـەڵگا بـدرێ كەبەتەواوی قابیلیەتی خۆی دەربخا، بێ چەوساندنەوەو زۆر لێكـردن، واتـا ئـەبێ كەرامەتی بپارێزرێت وەك مرۆڤێك. مانای( ماددیات و هـۆی بەرهـەمهێنان ) بكرێتـە خزمـەتكاری ئـەو، نـەك ئـەو بكرێتـە خزمـەتكاری ئەوانـە. نـەك وەك ئـەو وڵاتـە ئیـشتراكیە شـیوعیانەی ئێـستا كـەتاقمی سـەركردەی حیزبـی شـیوعین تەمـەڵ و تەوەزەل بەسەر ورگـی ئـەو گەلـە بەسـەزمانەوە ئەژلێنـەوە، بەرادەیـەك چـینێكی تایبەتیان دروست كردووە كەبەتەواوی جیاوازە لەراستە خەڵكەكە. ئەوچینە ئەگەر بەناوی چینایەتییەوە خەڵك نەچەوسێنیتەوە ئەوا لەژێر پـەردەی سـەركردەیەتی و فەرمانرەواییدا ئەیان چەوسێنیتەوە.

جـا كـەژێر وتویـەتی(( كوردایـەتی سەربەسـتیە )) هـەروا بـەگۆترە نـەیوتووە. ئەوێك كەخۆی بەكوردبزانێ و حەز بەئازادیی كوردبكات، دیارە مەبەسـتی لـەئازادی هەر ئازادیی خوێندن و نووسین نیە بەكوردی، بـەڵكو ئـازادیی لەهـەموو رووەكـەوە ئەوێ. چونكە( ئازادی ) تاقە یەك شتەو كەرت كەرت ناكرێت. جا دیارە لایەكی ئـەو ئازادییە ئازادی ئابوورییە، واتا مافی خواردنی بەری رەنجی خۆو مـافی ئیـشكردن و هەڵپێدانە. بەكورتی ژێر ئەیـەوێ هـەموو كوردێـك وەك مرۆڤێـك خـاوەن كەرامـەت بژی.

دەئەمەیە ( سۆسیـالیزم - اشـتراكیة )ی راسـتەقینە، سۆسیـالیزمی كوردایـەتی، كەچۆنیەكی و ئازادی راستەقینە ئەگرێتەوە، نـەك ئالـەت پەرسـتن، چـونكە ئـەبێ ئێمە شێوەی بەرهەمهێنان( تطور )پێبكەین، بەپێی پێویستی كۆمەڵگاكەمان، نـەك گۆرانی هۆی بەرهەمهێنان بەناچاری ( تطور )بەئێمەبكات. ئەم رێگە سۆسیالیستییە بەشێكە لەبزوتنەوەی نەتـەوەیی. بەڵام بزوتنەوەی نەتەوەیی هیچ كاتێك بەشێك نییە لەو.

لێرەدا شوێنی ئەوەنیە زیاتر لە پەیوەندیی نەتەوایەتی و ( سۆسیالیزم )بدوێم و زیاتر دەربیخەم کە ( سۆسیالیزم ) سروشتێکی نەتەوایەتی ڕاستەقینەیە. بەلاّم من ئەوەندە ئەڵێم لەو باوەڕەدام ئەگەر هاتو نەتەوەی کورد خۆی باش ناسی و چاك ( ظروف )و بەرژەوەندیی ئێستەو پاشەڕۆژی خۆی لێكدایەوەو بەچاوێكی وردبینانە ڕوانیە مێژووی دوورو نزیكی خۆی، لەم جۆرە ڕێگەیە بەولاوە هیچ ڕێگەیەکیتر ناگرێت. ئەم ڕێگەیە مانەوەو سەربەرزییەو چوونییەکی ڕاستەقینەی بۆ مسۆگەرئەکات لەکۆمەڵگایەکدا کەهەموو کەس بەرەنجی شانی خۆی ئەبێ بژی و کەس کەس نەچەوسێنێتەوە. وردە وردەش بەرەو ئەوەی بەری کەکۆمەڵگایەکی بۆ دروست بکات بێ جیاوازیی چینایەتی. دیارە ئەمەش بۆی سەرناگرێ هەتا کوردستان ڕزگاری نەبێ و هەتا بەرامبەر ئیستعمارو داگیرکەران و خوێنمژان و چەوسێنەرەوان و کۆنە پەرستان و نۆکەرانی بێگانە نەوەستێ و لەنیشتمانی خۆیدا سەربەست نەبێ. نەبێ خێرو بێری ولاّتەکەی نەبرێ بەتالاّن و بۆخۆیی.

پێویستە لێرەدا بزانین من هیچ دەمێك لەو باوەڕدانیم کەنەمانی جیاوازیی چینایەتی لەکۆمەڵگای کوردا ئەبێتە هۆی نەمانی کوردایەتی! وەك مارکسیەکان( ئەفەرموون! ) چونکە نەمانی کوردایەتی بەبیروباوەڕ ئەزانم نەك بەڕووداوێکی جارەکی و دەستکردی چینی سەرمایەدار. بە پێچەوانەوە بەلامەوە وایە کاتێ بەهێز ئەبی و پەرە ئەسێنی کەجیاوازیی چینایەتی بەرەو نەمان بڕوا. چونکە لامۆایە ئەم جیاوازییە بۆتە هۆی ئەوەی ڕێ لەگەشەکردنی بیروباوەڕی کوردایەتی بگری و نەیەڵێ کورد وەك یەك دەست ئەو پەیامە مێژووییەی وا بەدەستیەوە بیگەیەنیتە ئەنجام. ئەم بڕوایەشم سەبارەت بەوەیە کەکوردایەتی لەسەر بنچینەی سەرنجی ماددە پەرستی بەرامبەر جیهان دانەمەزراوە.

## کوردایەتی ڕێزی کەمە نەتەوەییەکان ئەگرێ لەبارەی کەمەنەتەوەییەکانەوە ئەڵێیت:

((ئاخۆ لەژێر سایەی کوردایەتییدا ئەبێ ئەنجامی ئەو کەمایەتییە نەتەوەییانە چۆن بێ کەئێستا لەکوردستانا ئەژین)).

جاری بڕواناکەم هیچ مرۆڤێکی بەئابڕوو، ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ خەڵکی پێی خۆش نەبێ. دوایی ئێمە چ قازانجێك ئەکەین لەئازاردان و چەوساندنەوەی کەمایەتییەکانی ناو وڵاتەکەمان؟ جگە لەوەی ئەیانکەین بەدوژمنی خۆمان، گڕی ئاگری ڕق و کینە لەدڵ و دەروونیاندا خۆش ئەکەین. قازانجی کوردایەتی وا پێویست ئەکا کەکابرایەکی ناکورد بەناکوردیی خۆی بمێنێتەوەو ڕەگەزی بپارێزێ باشترە. یەکەم لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێك مافی خۆی وەرگرت و مرۆڤێکی بەناموس بوو، ئیتر دڵی بەڕوویی نایە خرا پەکاری بکات. چونکە پیاوی مەرد بەرد فڕێ ناداتەوە کانییەکەوە کەئاوی لێبخواتەوە. دووەم، ئەگەر تۆ بەزۆر یەکێکت کرد بەکوردو ئەوکەسەش ئەیوێرا بەربەرەکانیت بکات، ناچار ئەبێ ئەو حەلە دێ بەکوردی قسەت بۆئەکات و بەدەمتەوە پێ ئەکەنێ و زۆر چاك خۆی بەکورد ئەداتە قەڵەم و بۆشی سەرئەگرێ، چونکە زمانەکەی ئەبێتە وەك زمانی تۆ، لەبەرئەوە خۆی پێ ئەشارێتەوە لەناو ڕیزەکانتا، ئەو حەلە مادام دڵ و دەروونی هەر بۆ ڕەگەزی خۆی لێئەدات، هەموو ساتێ ئامادەیە کەهەلی بۆ هەڵکەوت تێتسرەوێنێ، کەتێشی سرەوانی ناتوانی بیناسیتەوە، چونکە تازە دیمەنی دەرەکی( خارجی )ی وەك هی تۆی لێهاتووە. جائەمەش خەتەرێکی گەورەیە ئەبێ هەموو کاتێك ئێمە بیهێنینە بەرچاومان. دوایی بام ئێمە چاوێك بەوەزعی خۆمان بگێڕین و بزانین تاچ ڕادەیەك بێگانەکان توانیویانە لەم سیاسەتەیاندا سەرکەون بەرامبەر ئێمە، تائێمەش ئەو ڕێگەیەنەگرین. ئەوی بێگانە داگیرکەرەکان لەم سیاسەتەیاندا دەستیان کەوتبێ( سیاسەتی زۆرلێکردنی نەتەوەیی )بەزۆری ئەوەیە ئێمەیان کردووە بەدوژمنی خۆیان و هیچیتر. دەی ئیتر بۆچی ئەبێ بەرامبەر خەڵکی هەمان ڕێگە

بگـرین کـەخۆمان بـۆ خۆمـانی ڕەوانـەبینین. بـەلام نـەبێ نـەوەمان لەبیرنەچـێ کەهەنـدێك خێـزان لەکۆنـدا هێنروانەتـە کوردسـتانەوە بەدەسیـسەی بێگانـەو پشتاوپشت وەسیەتیان بۆکراوە کەلەگـەڵ کـورددا خـراپبن. جـاران تـورانی بـوون و پاشان ئینگلیز پەرست و ئێستە شیوعین. جانـازانم کـێ بـەڕەوای ئـەبینێ ئەمانـە تاسەر هەربیخۆن؟! مەگەر شیوعیەکی وەك تۆ کەدروشمی بەربەرەکانی کوردایەتیت هەڵگرتووەو لەگەڵ ئەوانـەدا بویتـەبرا.. پیرۆزتبـێ و ئـەم دڵفراوانیـە هـەر لـەتۆ ئەوەشێتەوە( هاوڕێی تێکۆشەر! ).

یەکێك لەکەمایەتییەك ئەگەر خۆی بەهاو وڵاتیی من بزانێ و برابەشی خۆشـی و ناخۆشیم بێ، ئەیخەمە سـەر سـەرو هەردووچـاوم بـەلام ئەگـەر هـاتوو بەدەسـتێك نانەکـەمی لەگـەڵ کـردم بەدووبەشـەوەو بەدەسـتەکەی تـری لـەدواوە دزانـە تێمسرەوێنی، بێگومان مافی ئەوەی نابێ وەك هاوڵاتییەك تەماشای بکەم.

ئەمـە وا. بـەلام تـۆ کەباسـی کەمـە ئەتـەوەیی ئەپرسـی، بۆچـی تـۆ زۆر بەتەنگیانەوە دێیت؟!. ئەکاکە مەلا ( هـاوڕێی تێکۆشـەر! )وانیـە، وانیـە بەسـەری ڕەحمەتییەکـە!. یـەکێك بیـەوێ وڵاتەکـەی خـۆی بکاتـە ئەرمەنـستان، بەتـەنگ چوارکەس و لەتێ کەمایەتییەوە نابێ. بەلام ئەیەوێ لەهەموو وڵاتێکدا کەمایـەتی زۆربـن، نـەك لەبـەرخاتری چـاوی کـاڵی( کەمایـەتی! ). بـەڵکو بۆئـەوەی ( ئیستغلالیان )بکات و لەیەکترییان هان بدات و( مکاسب )ی خۆی دەست کـەوێت لـەم ناوەدا کەبڵاوبوونەوەی شیوعیەتییە، چونکە شیوعیەتی میکرۆبێکە لـەناو نـاژاوەو زەلکاو پیسیدانەبێ پەرەناسێنێ.

دیسان بۆئەوەی ئەتەوایـەتیش وا پیـشان بـدات کـە ( موشکیلەیەکە )و هـەرگیز چارناکرێ بەڕێگەیەکی مارکسیانە نەبێت لەبەرئەوەی هـیچ وڵاتێـك یـەك پارچـەو یەك توخم نییە!!.

هـەروەك دیمـان لـەم دووسـاڵەی ڕاپـووردوودا هـەر چـوارکەس و لـەتێك نـاوی کەمایەتییکتان لێنا. تەنانەت ویستتان یەزیدییـەکانیش، کەنـەژادترین کـوردن،

لەکورد جیابکەنەوەو ناوی کەمایەتییان لێبنێن. ئێستاش ئەتانەوێت مەسەلەی( بادینانیو سۆرانی؟ ) بێننە ناوەوە نەتەوەی کوردی پێبکەن بەدوو بەشەوە( ساخوا کەریمە لەدواییشدا مەسەلەی لووڕیو کەلووڕیو هەورامیو زازاییو لەدواییشدا سلێمانیو کۆییو هەولێریو ئنجا شەڕە گەڕەکەی کۆن بێتەوە مەیدان؟ ) بەلام خەیاڵتان خاوە ئێستا نەتەوەی کوردی قارەمان وریایەو ڕۆژ بەڕۆژیش تائەبێ زیاتر هوشیار ئەبێتو جارێکیتر بەتەپڵو زووڕنای جادووگەرانەی ئێوە هەڵنا پەڕێو هەڵناخەڵەتێ. بیروباوەڕی بەرزی کوردایەتی بەجۆرێك لەکڵپەو بڵێسە سەندنایە هاکا زانیتان بیروباوەڕی ئێوەو هەموو بێگانە پەرستو هەموو دوژمنەکانی کوردو کوردستانی کرد بەقەرەبرووت.

## کوردایەتی قۆناغ نییە

ئنجا با باسی ئەوەبکەین بزانین ئایا کوردایەتی قۆناغە وەك تۆ ئەڵێیت یان نا؟. تۆ ئەڵێیت:

(( ئەوەی زانست ئیسپاتی کردبێ ئەوەتە کە کوردایەتیش وەك هەر بوویەکی زیندوو( کائن حی ) )ی ترسە قۆناغی هەیە: پەیدابوون، پێ گەیشتن، لەناوچوون. کوردایەتی لەگەڵ پەیدابوونی نەتەوایەتی، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی قۆناغی سەرمایەداریدا پەیدابووە، وەلەماوەی خەباتا بۆ دەستخستنی مافەکانی نەتەوەی کورد پێئەگا، وەبەدرێژاییساڵ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی، بەنەمانی گیروگرفتەکانی ئیستعمارو چەوساندنەوەی سەرمایەداریو چارکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیو نەهێشتنی پاشماوەی ئەو ناکۆکییانەی کەبەدرێژایی قۆناغەکانی چەوساندنەوە لەبەینی نەتەوەکانا پەیدابووە، وەك هەر نەتەوایەتییەکی تر لەناوا نامێنێ.

نەخێر کوردایەتی قۆناغ نییە. چونکە جارێ شتێك نییە بەتایبەتکاری دەسکردی چینێکی تایبەتی بێ، وەك مارکسیەکان ئەڵێن. دوای ئەوەش، بابڵێین کوردایەتی قۆناغە. خۆ کەوتمان قۆناغە، ئەبێ قۆناغێ بێ بەرەو شتێك، واتا

بمانگەیەنێتە ئامانجێك. دیارە مارکسیەکان ئەڵێن ئەو ئامانجە بەرەو (مرۆڤایەتی)یە[17]، واتا ئەبێ (نەتەوایەتی) قۆناغێك بێ بەرەو (مرۆڤایەتی) یان ئەبێ پلەی (نەتەوایەتی) لە پەیژەی (تطور)دا پلەیەك بێ لەخوار (مرۆڤایەتی)یەوە. مانای لەنێوانی (نەتەوایەتی)و (مرۆڤایەتی)دا دوورییەکی بەرزی و نزمی هەبێ و جیاوازییەك هەبێ لە (بایەخ)دا.

دەسەرنجێکی نەختێ ورد وامان لێئەکات کەباوەڕبێنین بەناڕاستی ئەم قسەیە. چونکە (مرۆڤایەتی)خۆی بارێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نییە کەبەشێوەیەکی ماددیانە بهێنرێتەدی لەمێژوودا. بەڵکو (مرۆڤایەتی)هەستێکی گیانی و ڕێبازێك و ئایدیالێکی بەرزە لەناو دڵ و دەروونی خەڵکی و گەلان و نەتەوەکاندا بڵاوئەبێتەوە لەگەڵ دروستبوونی کۆمەڵگای ئادەمزاداو ڕەوشت و هەڵس و کەوت و شارستانیەتی ئەو نەتەوانە ڕەنگ ئەکات بەڕەنگێکی تایبەتی. کەواتە (مرۆڤایەتی)پلەیەکی سەرووترنیە لە پەیژەی (تطور)دا کە پلەی خوارەوەی (نەتەوایەتی)بێ، بەڵکو (نەتەوایەتی)و (مرۆڤایەتی) پێکەوە هەن و شانبەشانی یەك ئەڕۆن بەرێوە بێ کەم و زیاد.

بۆ وێنە: ئەو نەتەوایەتییەی بوو بەکوتەکی دەستی سەرمایەداری لەسەدەکانی ناوەڕاستداو کردیانە هۆی شەڕ هەڵگیرساندن و وڵاتی خەڵکی داگیرکردن ئێستا بۆتە مەشخەڵی ڕزگای گەلان. وەئەبێ بزانین کەسەرمایەدارێتی لەئەوروپادا تەنیا نەتەوایەتیی (استغلال)ئەکرد بۆ گەیشتنە هەندێ ئامانجی خۆی. بەڵکو گەلێ شتی تریشی (استغلال) کرد. جا ئەم (استغلال)کردنە ئەوە ناگەیەنێ کەنەتەوایەتی شتێکی خراپە چونکە ئەوەتە ئێستا هەر ئەو نەتەوایەتییەیە بۆتە ئاگر خۆشکەری شۆڕشی ئازادیخوازانە بۆ ڕزگارکردنی وڵاتانی ژێردەستەو بۆتە گەورەترین هۆ بۆ

---

17 مارکسیەکان هەربەدەم ناوی مرۆڤایەتی(الانسانیة) ئەهێنن، ئەگینا باوەڕیان پێی نییە. بەڵکو باوەڕیان بە (ئومەمیەت)هەیە، کەئەمیش زۆر جیاوازە لەگەڵ (مرۆڤایەتی)دا.

( تطبيق )كردنى نەريتى( سۆسياليستى ) لەولاتاندا و بۆتە شووره بۆ بەربەستكردنى شەرێكى جيهانى سێيەم.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئێوه قۆناغەكانى( تطور )ى كۆمەڵگا والێكئەدەنەوه كەمرۆڤ بەچەند دەورێكدا تێپەڕيوه، تاكۆمەڵگەى لێ پەيدابووەو، كۆمەڵگاش بەچەند دەورێكدا تێپەڕيوه تاگەلى نەتەوەى لێ پەيدابووەو لەدواييشدا ئەم نەتەوانە هەريەكەى قۆناغى نەتەوايەتى خۆى ئەبڕێت و ئنجا هەموو لەناويەكدا ئەتوێنەوەو يەك زمان و يەك ڕەوشت و يەك ( نەتەوە! )دروست ئەكەن، كە پێى ئەڵێن جيهانى نەتەگەلێتى ( ئوممەيەت )!.

جاباشە ئەگەر ئەمە وايە، ئەى لەدواى ئەو گەيشتن بە ( ئوممەيەت )ە كۆمەڵگاى مرۆڤ بەرەو چ قۆناغێكيتر ئەڕوات؟. ئايا لێرەدا ( تطور )ئەوەستێ؟. بۆچى؟.

ڕاستييەكەى( ماركسيەتى )لەم شتانەدا زۆر بەهەڵەدا چووه، چونكە زانست ئيسپاتى كردووه كە( تطور )لەهەرشتێكدا، ( عملية )يێكى خۆبەخۆيى. واتا :ئەشێ مرۆڤ جوانتر ببێ، زيرەكتربێ، شارەزاتربێ، ڕەوشت بەرزتربێ... هتد. نەك لەمرۆڤێتييەوه بگۆڕدرێت بەشتێكيتر. هەروەها( حيوان )يك ئەشێ ( تطور )بكات، وەك ئەگەر كێوى بێت ئەشێ ماڵى ببێت ئەگەر دڕندەبێت ئەشێ هێمن ببێتەوه يان ئەگەر نەفام و بێهۆش بێت ئەشێ هوشيارو زيرەك ببێ، يان ئەشێ جوانتربێ لەجارانى، بەلام ناشێ لەحەيوانێتييەوه بازبدات بۆ ( جنس )يێكى تر. هەروەها نەتەوايەتيش ( تطور )ئەكات وەك: هەر نەتەوەيەك ئەشێ زمانەكەى قووڵترو فراوانتربێت، نيشتمانەكەى خۆشترو بە پيت و بەرەكەتتر ببێت، سامانى نەتەوايەتيى زياتر ببێت، كەلە پوورى نەتەوايەتيى بژێنەوەو پەرەى پێبدەن، زانست و هونەريان پێشبكەوێت و بەرزتربێتەوه، نەتەوايەتى لەشێوەى ڕەگەزايەتى و دوژمنايەتى و ناكۆكيەوه ببێتەهۆى كۆكى و دۆستايەتى و( منافسەى شەريفانە )بۆ خزمەتكردنى مرۆڤ و.... هتد نەك نەتەوايەتييەكەيان نەمێنێ و زمان و كەلە پوورو نەريت و ڕەوشت و هەست و هۆش و هەمووشتێكى نەتەوايەتييان

نەمێنێو بازبدەن بۆ شتێك كەنێوە پێی ئەڵێن نەتەگەلێتی (نومەمیەت)!. باشەچی پاڵ بەم هەموو نەتەوانەوە ئەنێت كەهەموویان دەست لەكردەو كۆشەو بەرهەمی هەزاران ساڵی باوباپیریان هەڵگرنو بچنە جیهانی (نومەمیەت)ەوە؟! بۆ؟.

كەواتە نەتەوایەتی(بەكوردایەتیشەوە)قۆناغ نیە. كوردایەتی لەگەڵ پەیدابوونی نەتەوەی كوردا، هەربووەو هەیەو هەر ئەشمێنێ.

هەندێك وائەزانن كەكوردایەتی تەنیا بزووتنەوەیەكی جارەكییە تاكوردستان ڕزگاری ئەبێتو ئیتر دواى ڕزگاربوونی كوردستان(كوردایەتی)ناماێنێت!! ((وەك لەم بەینەدا((ئەم كەللە شەكرە شكێنرابوو))لەنامیلكەیەكی پڕ لەهەڵەو چەوتیو شێواندنو دەلەسەبوو بەرامبەر بیروباوەڕی كوردایەتی – بێگومان ڕۆڵەكانی نەتەوەی كوردی وریا زوو لەمەبەستی خراپی ئەو نامیلكەیە گەیشتن – وەلام دانەوەشی لەبیرناچێتەوە)).

بەڵێ كوردایەتی بزووتنەوەشە، بزووتنەوەیە چونكە بیروباوەڕە، بیروباوەڕیش شتێكی زیندووە. بەلام بزووتنەوەیەكی هەمیشەیی هەتا هەتایەو وەستانی بۆنییە.

ئەمڕۆ بۆ ڕزگاركردنی كوردستانە، دواى ڕزگاركردنی كوردستان، ئنجا ئەبێتە بزووتنەوەیەك بۆ پاراستنی كوردو كوردستان، جگە لەوەی ئەبێتە بزووتنەوەیەكی زانستیانەو هونەوەروەریانە بۆ پێشخستنی زانستو هونەری نەتەوەی كورد، بۆ بوژاندنەوەو پەرەپێدانی كەلەپووری نەتەوایەتیمانو پێشخستنی ئەدەبو زمانەكەمانو زیادكردنی ئابووریی ولاتەكەمانو... هتد. دیارە ئەم شتانەش ((زانستو هونەرو ئەدەبو زمانو ئابووریو... هتد)) دەریایەكن بنیان نییەو هەرگیز نایەنە تەواوبوون. دیسان كوردایەتی بۆ پاشەڕۆژیشە، بۆ نەوشتانەو ئەو كارەساتانەی دایەنو ئەمڕو نازانرێ چین.

# کوردایەتی بێهاوتایە

لەشوێنێکی تردا ئەڵێیت:

((ئەی (بێهاوتایە) یەعنی چی؟ من نامەوێ بڵێم کاک کامل ویستوویەتی بڵێ: کوردایەتی لەهیچ نەتەوایەتییەکی تر ناچێ، وەلە سەرووی هەموویانەوەیە... چونکە بیروباوەڕی کاک کامل دیموکراتییە، وەخۆیشی هەر لەو سەرەتای کتێبەیا وتی: کوردایەتی بەیەك چاو ئەڕوانێتە هەموو نەتەوەکانی سەرزەمین. بەڵام بەپێویستی ئەزانم داوای چارکردنی ناکۆکی بەینی ئەم دوو قسەیەی لێبکەم)).

کامیل ژیر کەئەڵێ بیروباوەڕی کوردایەتی بێهاوتایە، شتێکی ئاشکرایە کەمەبەستی چیە، تۆش زۆرباش ئەزانیت ئەڵێ چی، بەڵام ئەوەتە خۆتی لێ هەڵەئەکەیت. مەبەستی لە (بێهاوتایە)ئەوەیە: ئەم بیروباوەڕی کوردایەتییە لەچاو ئەو بیروباوەڕانەدا کەلەناو کوردەواریدا بڵاوبوونەتەوە(بێهاوتایە). چونکە شتێکە لەناوجەرگەی خۆیەوە هەڵقوڵاوەو پڕ بەپێستی خۆیەتی. ئەگینا وەك تۆ ویستووتە قسەکەی بەبارێکی تردا بگۆڕێت، وانیە. ئەو ئەیووتووە ئەتەوەی کورد بێهاوتایە قوربان. چونکە هەموو کەس ئەزانێ نەتەوەی کورد لەگەلی نەتەوەکانی تری رووی زەمین دواکەوتووترە، کەسیشی لەبەردەستانیە تابیچەوسێنیتەوە. لەگەڵ ئەم هەموو کوێرەوەرییەشدا، ئەگەر هەر بڵێ کوردم، ئەوەتا هەزار زۆڵە کورد تێی ئەسرەوێنێ لە پێش بێگانەکاندا!. ئەوەندەش چەرمەسەریی بەسەرهاتووە، کەئەك هیچ نەتەوەیەکی تر ئەچەوسێنێتەوەو بەس بەڵکو ئەش یەڵێ هیچ کامێکیان دڵیان گەرد بگرێت، بەمەرجێ ئەوانیش وابن لەگەڵیدا. ئەم ڕەنیەش هەقی نییە بەسەر ئەوەوە کەژێر(دیموکراتیە)یان نا!. وەك تۆ بەتانووتێکەوە وتووتە: ((چونکە کاك کامل دیموکراتیە))ئەم بیروباوەرە لەناوجەرگەی کوردەوارییەوە هەڵقوڵاوە، کەئەویش ئەوەیە: ((دەرزییەك بکە بەخۆتا، ئەوسا سوژنێك بکە بەخەڵکدا)). پیاوئەبێ بەیەك چاو بڕوانێتە هەموو گەلانی جیهان. ئەی بۆچی ئەبێ من هەمووشتێکی باش بەخۆم ڕەوابیبینم و بەخەڵکی ڕەوانەبینم؟.

ئەمە لـەغیرەتی کوردەوارییـەوە دوورە. لەدواییـدا وادیـارە تـۆ زۆر خـۆت بەهەڵـەدا ئەبەی یا چاووڕاو لەخـەڵکی ئەکـەی کەئـەو قـسەیەی ژێـر وا بە پێچەوانەوە لێـك ئەدەیتـــەوە، لەکاتێکـــدا ئێمـــە کـــەخۆمان پێخوســـتی خـــەڵك بـــێن و لافـی( ئیمپراتوریـەت!! ) لێبـدەین، کەناویـشمان لەکوولەکـەی تەڕانییـە ( کاکـە مەلا! ).

کەواتـە ژێـر کەئـەڵێ کوردایـەتی بێهاوتـایـە، تـەنیا مەبەستی لەچـاو ئـەو بیروباوەڕانەدەیە کەلەنـاو کوردا بڵاوبوونەتەوە.

وتوته:

(( ... کامـل، کوردایـەتی بەنـەریتی فـەرمانڕەوایی دانـا واتـە: کوردایـەتی شێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی هێنانـە بەرهەمـە )). (( پاشـان ئـەڵێ: کوردایـەتی قۆناغ نییە... بەڵێ ئەگەر ئەم دووقسەیەی لەیەك بدەین، یانـەبێ بڵـێین نـەریتی حوکم لەژێرسێبەری کوردایەتیدا لەسەروو چینەکانەوەیە، کەئەمەش بیروباوەڕێکی دیماگۆگیو خەڵك هەڵخەڵەتێنێ رووتـە، یانـەبێ بڵـێین نـەریتێکی وایـە هـەرگیز ناگۆڕێ کەئەمەش دیارە ڕایەکی ڕاست نیە، یانەبێ ئەودەس لەیەکی لەم دووقسەیە هەڵگرێ )).

بەڕاستی ئـەڵێن: تفـەنگ بەتاریکییـەوەنان، بـەلام ئەمـەی تـۆ ئەوەیـە. ژێـر کەکوردایەتی بەبیروباوەڕ دائەنێو بەنەریتی فەرمانڕەوایی ئەزانی، کێ ئەڵێ ئەو نەریتی فەرمانڕەواییە وەك خۆی ئەمێنێتەوە. ئەی بیری مارکسی کـەئێوە بـەباوکی فەلـسەفەکانی ئـەزانن، بۆچـی حـوکمی سـۆڤێت چـەند گـۆڕان و تـەقولوباتی بەسەرداهات؟. پاش ئەم هەموو کوشتارو خوێنڕشتنە هەر ئەشـڵێن فەلـسەفەکەمان بێهاوتایەو بێهەڵـەو نـایابـە.. ڕژێمـی کوردایـەتی هـەموو کاتێـك بـە پێی زروفـی ئەتەوەکەمان ئەگۆڕێ. لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە ژێـر بـاوەڕی بەمارکسیێتی نیـەو بـەبیروباوەڕێکی کـۆن و قـەڵبی ئـەزانی، کەچـی تـۆ ئەتـەوێ پێـی بـسەلمێنێ کەلەبیروباوەڕی مارکسیێتی لایداوە!. ( هاوڕێ! )بەهەڵەدا چوویت، ڕەنگە وات زانیبێ

لەگەڵ ( هاوڕێ! ) داود صايغى لەمەڕ خۆتاندا کەوتوویتە مشتومڕ!. یان لەگەڵ هەندێك لەمارکسیە( بەناو کورد پەروەر )ەکاندا دەم قاڵتە!!!. ( کەر لەکوێ کەوتوومو کونە لەکوێ دڕواە! ).

## کوردایەتی ئاشتیخوازییە

ئنجا دوای هەمووشتێك هاتوویتە سەرباسی ئاشتی، وات داوەتە قەڵەم کەژێر پێی وایە ئاشتی مانای سەرشۆڕکردنە بۆ داگیرکەران و هەرکەسێ ئاشتی ویست مانای وایە دوژمنی شۆڕشە بۆئازادبوونی گەل و نەتەوەو نیشتمان. لەهەمان کاتدا ئەم قسەیەت وەك دروشمی ( سلام لا استسلام )ی عەرەب هاتۆتە پێش چاو گاڵتەشت بەو دروشمە کردووە؟!.

ئەڵێن لە پاش مردوو درۆنەکرێ، بەلام خۆ هێشتا ژێر زیندووە. جارێ بالرفێکی تربێ و بڕوا ئەوسا بکەوەرە ئەم بوختانە.

جارێ باوەڕم نییە هیچ مرۆڤێکی بەشەرەف حەز لەناشتی ڕاستەقینە نەکات، بەلام کاتێ سەربەست و ئازادبوو، چونکە مرۆڤی دیل ئەبێ بەچ ناوێکەوە باسی ئاشتی بکات. بۆ وێنە : ئەم دروشمی ( سلام لا استسلام )ەی تۆ گاڵتەی پێئەکەیت، پاش ئەوەداهات کە، کۆمەڵێ نەتەوە یەکگرتووەکان، رووسیاو دەوڵەتە شیوعیەکانی تریشیان لەگەڵ ( بێجگە لەیۆگوسلافیا )، ئیمزای دامەزراندنی دەوڵەتێکیان کرد بۆ جوولەکەکان بەناوی ئیسرائیلەوە لەئەرزی عەرەبدا، کە هەر سەبارەت بەوەبوو شیوعیەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەدڵ و بەگیان پشتگیری جوولەکە داگیرکەرەکانیان ئەکردو بەجوولەکەکانیان ئەوت( گەلی جوولەکەی برا — الشعب الإسرائيلي الشقيق )تەنانەت هێرشیان ئەبردە سەر کامیل جادرچیش و بەکۆنە پەرست و ڕاڕایان ئەزانی، چونکە ئەیوت فەلەستین هی جولەکە نیە. ئێستەش ئەو بەیانانەی حیزبی شیوعی هەرماون، ئەگەر ئەفەرموون بە( زەنگو گراف )بڵاویان ئەکەمەوە. جا ئەم پشتگیرییەی جولەکەیە وەنەبێ لەبەرئەوە بووبێ بەلایانەوە وابووبێ کەجوولەکە ( میللەتن! )و هەقی دەوڵەتیان هەیە بەڵکو تەنیا

لەبەرئەوەی رووسیا ئیمزای دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکەی کردبوو. ئەوەبوو میللەتی عەرەب بەمە رازی نەبوو، زۆری خستەسەر حوکومەتەکانی خۆی کەبیکەنە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل. بەلام بەهۆی خیانەتی حکومەتە عەرەبییەکانی ئەو حەلەو پشتگیریی دەوڵەتە گەورەکانەوە، ئیسرائیل شوێن پێی خۆی قایم کرد. ئنجا نەتەوەی عەرەب کەبینی واقەلەستینی لەدەستچوو، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیش خاکەکەیان دا بەجوولەکە، ناچار بوو خۆی کۆکاتەوەو لەدەوری بیروباوەڕی عەرەبایەتی و پشت بەخۆی ببەستێ و ئیتر باوەڕی بەحکومەتە کۆنەکان نەمێنێ و بزووتنەوەی رزگاریخوازانە لەولاتە عەرەبییەکاندا رۆژ بەرۆژ لە پەرەسەندنابێ و نەتەوەی عەرەب خۆی ئامادەبکات بۆ هەلێکیترو لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە ئەرزەکەی خۆی رزگاربکات و لەجوولەکە پاکیبکاتەوە. ئەمەش شتێکی راستە، چونکە فەلەستین ئەرزی عەرەبەو ئەو جوولەکانەی ئێستا داگیریان کردووە زۆربەی زۆریان خەلکی ئەوخاکەنین و لەولاتانی دنیاوە کۆیان کردنەوەو هێنایانن لەوێدا هەلیانرشتن. ئێستا فەلەستین بەشەڕنەبێ رزگاری نابێ، هەرکەسێ بلێ ئەمە وانیە دیارە باوەڕی بە( مفاوضە )کردنە لەگەڵ( صهیونیەکان )و دۆستی ئەوانە. ئەوە تێم ناگەیەنیت بۆچی ئیسرائیل پەیتا پەیتا داوای ئاشتی لەعەرەب ئەکات، پاش ئەوەی کەری خۆی بەستەوە. وادیارە ئاشتییەکەی ئەوت پێخۆشترە لە ( سلام لا استسلام )ی عەرەب؟ دیارە لەبیرتە تۆ کەشیوعیەکان بەیاننامەیان بلاوئەکردەوەو داوای وەستاندنی شەڕی فەلەستینیان ئەکردو پێیان ئەوت( شەڕە چەپەڵەکە — الحرب القذرة )و عەرەب پەروەرەکانیان بەوە تاوانبار ئەکرد کەگوایە ئەیانەوێ شەڕی فەلەستین تازەبکەنەوە. وەك رزگارکردنی فەلەستین تاوانبێ. باشە ئەگەر بەشەڕنەبێ چۆن فەلەستین بەئاشتی رزگارئەکرێ؟ دیارە سبەینێ ئەگەر نەتەوەی کوردیش دەستی دایە چەك و چوو بەگژ ئەودەوڵەتە داگیرکەرانەدا کەنیشتمانەکەیان داگیرکردووەو زۆریان لێئەکەن و خوێنیان ئەمژن، دیارە ئەوساکەش ئێوە لەکوردی کلۆڵ رانە پەڕن و خێرا داوای وەستاندنی

شەڕنەکەن و ئەڵێن ( شەڕە چە پەڵەکە ). تۆ پەلاماری حاجی قادری کۆیێت داوە کەلە پێش ( ١٢٠ )ساڵێکدا ویستوێتی نیشتمانەکەی ئازادبێت و نەیەڵێت بکرێت بەئەرمەنستان، جائەگەر ئێستا نەتەوەی کورد شۆڕشێك بەرپابکات بۆ رزگاربوونی لەدەس ئەم داگیرکەرانەی ئێستا وڵاتەکەیان داگیرکردووە، ئاخۆ ئەبێ چۆن وەك ( هار )بکەویتە قاپ گرتنی ئەم نەتەوە بەسەزمانە!!؟ وەڵامێکی ئەمانە بدەرەوە تو گۆڕەکەی مارکس.. تێمبگەیەنە تابزانین عەرەبە دەربەدەرەکان چ قوڕێ بکەن بەسەری خۆیاندا. ئایا بێدەنگبن لەفەلەستین و جوولەکە بۆخۆی بیخوات بەسەرو بەرەوەو بەبەرچاویانەوە. هەروەها نەتەوەی کوردی داگیرکراویش کەنیشتمانەکەی بەشبەشکراوەو لەهەموولایەکەوە دەمیان تێژەندووە، ئایا بێدەنگ بێ لەم حاڵەو ئەگەر ویستی شەڕبکات بۆ ڕزگاربوونی خۆی گورج ئەبێ ئێوە لە پێش بێگانەکاندا لەکورد بسرەوێنن و پەلاماری بدەن، وەك پەلاماری ( حاجی )یت دا؟!.

جاکەئەمە کورتەی مێژووی دروشمی ( سلام لا استسلام )بێ، واتا نەتەوەی عەرەب ئاشتی ئەوێ، بەڵام خۆی نادات بەدەست دوژمنەوە. جائەمە چ ناشیرینی و خراپیەکی تێدایەو بۆچی ئەبێ ( چەوت )بێ؟. پیاو شەڕنەکات، بەڵام ئەگەر شەڕیان پێفرۆشت سەر شۆڕنەکات.

لەم ڕووەوە کورد ئەڵێ: (( شەڕەو یەخەت ئەگرێ ئەگەر نەیکەی خوا ئەتگرێ )).
ئەم دروشمە هەر لەکاتی شەڕی قەناتی سوێسدا هاتەوە کایەو میللەتی عەرەب داوای ئاشتی کردو نوێنەری ئەنارد بۆ کۆنگرەکانی ئاشتی، بەڵام کەجوولەکەو فەرەنساو ئینگلیز پەلاماریاندا، شەقێکی لەو ئاشتییە هەڵداو سەری بۆ شۆڕنەکردن. جاتۆ ئێستە ئەڵێی چی؟ ئایە ئەبوو سەری شۆڕکردایەو هەر بیوتایە من شەڕناکەم من ئاشتیم ئەوێ، یان بجەنگایە وەك جەنگا؟.

هەروەها نەتەوەی کورد، ئابەم حاڵەوە بمێنیتەوەو هەتا دنیا دنیایە لەجێی خۆی نەبزوێ و هەر بڵێ من ئاشتی پەروەرم و زۆر بێزیانم و دۆستی گەلانم، یان ڕۆژێ کەهەلی بۆ هەڵکەوت وەك شێر لەلانە ڕا پەڕی و دەرپەڕی بەڕووی داگیرکەران و

خوێنمژانی کوردستان و کورداو خۆی ڕزگاربکات؟ تۆ دیاره ئەو ئاشتیەت پێباشتره.
بەلام ئێمە، ئێمەی کوردی خاوەن غیرەت و خاوەن بیروباوەڕی بەرزی کوردایەتی، ئەڵێین هەر ئەڵێین:

ئاشتی لای ئێمە ژێر دەستی نیە
ژیانی دیلی، سەربەستی نیە
کاتێ کوردستان گەیشت بەهیوا
بەسەربەرزی تیا هەڵکرا ئالا
ئەوساکە ئاشتی پێمان ڕەوایە
بۆ کوردایەتی، کالای بالایە

بەلام بەتۆچی فەلەستین هی عەرەببێ یان هی جولەکەبێ. کوردستان ڕزگاری ببێ یانەبێ. تۆ ئەتەوێت بیروباوەڕی شیوعێتی بلاوبێتەوەو سەرکەوێ، سائیتر ئەو بیروباوەڕە جوولەکە سەریخا یان عەرەب یان تورك یان فارس، بەلاتەوە چون یەکە. ڕووسیاش وەختی خۆی کەدانینا بەحوکمەتی ئیسرائیلدا، وایزانی ئیسرائیل پاش چەندساڵێك ئیجازەی حیزبی شیوعی ئیسرائیلی ئەدات، کەئەمەش وەك خۆتان ئەیزانن ( مطلب عظیمی )یە! بەتەمای ئەوەبوو لەئەوروپای ڕۆژهەلاتەوە، چەند ملیۆنێك شیوعی یان وەك سنووقە چا بۆ بنێریۆ پەرلەمانی ئیسرائیلی بۆ شیوعیەکان مسۆگەربکات. بەلام ئەوەبوو( بەسەزمانە! ) لەم حسابەیدا بەهەڵەچوو و خەوەکەی نەهاتەدی.

جامن لێرەدا ئەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم:

بێگومان تۆ چاك ئەزانیت کەڕووسیاش شانبەشانی دەوڵەتە گەورەکانیتر ئیمزای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی کرد. دیارە ئەمەش گەورەترین خیانەت بوو بەرامبەر بەنەتەوەی عەرەب. جا ئایا تۆ بەخیانەتی ئەزانیت یان نا؟

ئەگەر بەخیانەتی ئەزانیت ئەوا بەئاشکرا دانی پیابنێو ( ئیستنکار )ی بکە، خۆ ئەگەر بەخیانەتیشی نازانیت و هەموو هەوڵدانێك بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین

هەربە( شەڕە چەپەڵەکە — الحرب القذرة )ئەدەیتە قەڵەم، ئەوا ئیتر بەس باسی برایەتی کوردو عەرەبو برا عەرەبەکانمان! بکەو بەس خۆت بەم شیعارەوە بابدە. نەتەوەی عەرەب دۆستو دوژمنی خۆی چاك ئەناسێ، ئێوەشی باش هەڵسەنگاندووەو ئەزانێ چەند ئەکێشن و نرخی خۆتانی داونەتە دەست.

هەروەها ئێمەی کوردیش باش ئەزانین کەئێوە مەبەستتان لەشیعاری برایەتی کوردو عەرەب لەبەرخاتری چاوی کاڵی عەرەب نیە، بەڵکو تەنیا بۆ بەربەرەکانی ئەو کورد پەروەرانەیە کەئەڵێن بانیشتمانەکەمان ئازادبێ. من کەکوردێکی کورد پەروەرم، عەرەبێکی عەرەب پەروەری ڕاستەقینە لەوانەی ڕقیان لەهیچ میللەتێکی تر نابێتەوە نەك ئەوانەی بەخوێنی سەری هەموو کوردێك تینوون — بەهەزار زۆڵە کوردی نیشتمان فرۆش ناگۆڕمەوە، چونکە کەئەویش عەرەب پەروەری ڕاستەقینەبێ، بەرامبەر من ئەبێ وابێ.

بەڵام عەرەبێك کەشەوو ڕۆژ گاڵتەی بەنەتەوایەتی خۆییو جنێوبە نەتەوەکەی خۆی بداتو جوولەکەی داگیرکەری نیشتمانەکەی بەبرای خۆی بزانێ، لەبەرخاتری چاوی ڕووسیا، تەنانەت ئەگەر عەرەبێکی( مەلا! )ش بێ، ئەبێ ئیتر من چ ئومێدێکم بەپشتگیریی ئەوبێ. عەرەبێ لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی ناپاك بێ، ئەبێ ئیتر لەگەڵ منێکی کوردا چۆن پاك بێت!.

ئەمە شتێك بوو لەبارەی شیعاری ( سلام لا استسلام )ەوە. من لێرەدا دیسان دانی پیانەنێمەوەو ئەیڵێمەوە کەهەموو بەشەرەفێك ئاشتی ئەوێ، بەڵام نابێ لەهەقی خۆی بێدەنگبێ. ئەگەر مەسەلەی ( ئاشتی )ئەوەبێ بەرەی ڕۆژهەڵاتو بەرەی ڕۆژئاوا ئەچن بەگژیەکدا، وەك تۆ ئەڵێیت(( ئاشتی بەرامبەر بەجەنگ ))، ئەمە ئاواتی هەمووخاوەن هەستێکی خاوێنو هەموو کورد پەروەرێکی دڵسۆزە. گوایا کێبێ حەزبکات شەڕێکی جیهانی هەڵبگیرسێت؟ بەتایبەتی لەو شەڕەدا دەیان نەتەوەی بێهێزی وەك ئێمەی تیابچێ، ئەگەر دنیا بەدنیایی خۆی بمێنێتەوە. خۆ ئەگەر ئەم چەکە تازانە بەکارهێنران، ئەوا دیارە مرۆڤایەتی بەرەو نەمان ئەڕواو تەڕو وشك

پێکەوە نەسووتێن. خۆنەگەر هاتوو شەڕیش هەلگیرسا، ئەوا بەسەری کاکە (مەلا!)یەکوردێکی بێدەسەلاتی بچوك بەربەست ناکریٚو ناکوژێنرێتەوە.

ئنجا ئیتر ئەبێ کێبێ ئاشتی ئەویٚ؟. واتا ئەیەویٚ دوو لەشکرگا گەورەکە، بەڕەحەتی دانیشنو دامرکێن. بەتایبەتی ئەوانەی ئاشتی پەروەری ڕاستنو سەربەهیچ لایەك نین؟. بەلاّم ئایا ئەوانەی تۆ پێیان ئەلێیت(ئاشتیخواز)و لەسەریان ئەکەیتەوە، ئەوانە ئاشتیخوازی ڕاستەقینەن؟ ئەوانە وەنەبێ هەموویان ئاشتیخوازێکی تەواوبنو بێلایەن بڕواننە گشت کارەساتەکانی جیهان. زۆرکەس هەیە بەدرۆ مۆری ئاشتیخوازی ناوە بەخۆیەوەو لەژێر پەردەوە نۆکەری لەشکرگایەکی تایبەتی یە. من پێویست ناکات ناویان بێنم، چونکە میللەت خۆی تارادەیەك هۆشیار بۆتەوەدو باشیان ئەناسیٚ.

ئەوەی ئاشتی بویٚ، قوربان، ئابیٚ پیاوی لایەکبیٚو هەر وابزانیٚ بەرەی ڕۆژئاوا شەڕ هەلئەگیرسێنیٚو بەرەی ڕووسیا هەرئاشتی ئەویٚ!. من دلنیام لەوەی هەرلایەك لەم دووبەرەیە کەدلنیابوو لەزالبوونی خۆی، ئەوا لەئیمڕۆ زوتر نیە ناوی شەیتانی لێئەهێنیو بەردو ئەستیی شەڕ لێئەدا. جا بام ئەختی ئەم قسانە ڕوونبکەینەوە، تاخوێنەری خۆشەویست بۆی دەرکەویٚ ئاشتیخواز کێیەو شەڕخوازکێیە، هەرکەسێکیش ڕیشی سووربوو وەنەبیٚ هەمزاغابیٚ:

بەپێی بیروباوەڕی مارکسێتی، قۆناغی شیوعیەتی قۆناغێکی(حتمی)یە. واتا هەرئەبیٚ ڕۆژیٚ لەڕۆژان هەموو کۆمەلگایەکی ئەم جیهانە بەرەو ئەو قۆناغە هەنگاو هەلبنیٚ. کەواتە(بەپێی باوەڕی شیوعیەکان)ئیتر پێویست بەوەناکات بەشەڕو هەلاّ هەموو ولاّتانی جیهان داگیربکرێنو بکرێنە شیوعی. نەء، چاکتر وایە شەڕ بوەستێنریٚ، بۆ ئەوەی لەولاّتە سەرمایەدارەکاندا وردە وردەو یەك لەدوای یەك شۆڕشی پرۆلیتاریا بەرپا ببیٚو ئەریتی شیوعیەتی بێجەنگێکی جیهانی بێتەکایەوە. بۆیە هەتا شەڕ دوا بخریٚ گوایە بەرەی شیوعیەتی بەهێزترئەبیٚ.. ئانەمە ڕای شیوعیەکان بوو تاچەند سالێك لەمەوبەر. بەلاّم کاتیٚ زانییان وا وردە

وردە( لەشکرگای بێلایەن ) خەریکە بەهێزتر ئەبێ و بەرەبەرە خۆی چەکدارئەکات و لەدەوری بیروباوەڕی نەتەوەیی و ئەریتی سۆسیالیستی ڕاستەقینە کۆئەبێتەوەو گەلێ لەو دروشمانەی شیوعیەکان بەدرو هەڵیانگرتووە ئەمان بەڕاستی هەڵیانگرتووەو لەگەلێ لاوە پێشیان ئەگرێ و جێیان پێ لەق ئەکات، بەجورێك مەیدانیان بۆ ناهێڵێتەوە وەك جاران ئاژاوە بنێنەوەو شۆڕشی( شیوعیانە! )سازبکەن و بێنە سەرحوکم، جگە لەمانەش ئەوەبوو گەلێ شۆڕش بەرپاکرا لەو وڵاتانەی پێیان ئەڵێن ( دیموکراتی شەعبی! ) لەدژی ڕژێمی شیوعیەتی و دەسەڵاتی کرملین. کەئەمەیان دی، بەجارێ بیریان گۆڕا، ئەوەبوو لەگەلێ کاتدا سەرۆکی دەوڵەتە شیوعیەکان و بەتایبەتی خرۆشوف و شوێن لای، کەوتنە هەڕەشەو گوڕەشەو دروستکردنی چەکی قورس و قرکەر زیاتر لەجاران. ئەوەبوو ( چین ) کەلە پێشدا ئەیویست لەڕێگەی شۆڕشی ناوخۆییەوە جزیرەی فەرموزا بکاتە شیوعی، ئیتردانی بەخۆیدانەگرت، بەڵکو شەڕێکی قورسی هەڵگیرساند بەرامبەر چان کای چیك، بەرادەیەك وەخت بوو لەسەر ئەو دوو جزیرە بچووکە شەڕێکی جیهانی دابگیرسێنێ. ئەو شەڕەی ئەگەر بهاتایەو بقەومایە، مەگەر هەرخوا بزانێ سەرەنجامی مرۆڤایەتی بەچی ئەگەیاند.

خواش ئەیزانی‌میژەری ( مەلاش ) چی لێئەهات.

ئنجا ئێستە تۆ ناتوانی ئینکاری ئەم شەڕەبکەیت چونکە شتێك نیە بلێی ئێمە ئەبووین، دنیا ئەیزانێ. بەلام ئەی ئەوە بۆچی ئاشتیخوازەکانی لەمەڕ تۆ تاقە یەك پرۆتستویان ئەدا بەکاربەدەستانی چین و پێیان بلێن :- جانامەردتان ئەکەن، دەڕاوەستن شەرمەکەن، مادام خۆتان ئەڵێن جیهان هەربەرەو شیوعیەتی ئەڕوات و مەسەلە لەمەسەلەی وەخت بەولاوە هیچی ترنیە، جارێ وازبێنن و ئەم شەڕە هەڵمەگیرسێنن، باخەڵکی ئەو دووجزیرەیە خۆیان شۆڕش بەرپابکەن و ئیتر هیچ پێویست بەم قوربانی و خوێنڕشتنە زۆرەناکات؟! . بەلێ لەباتی ئەوە بەئاشکرا هەندێ لە ( ئاشتیخوازەکان! )ئەیانووت : جا چییە، چین و بەرەی ئیشتراکیەت

دەربەست نایەن لەسەر مەسەلەیەکی (هەق!) شەڕێکی عالەمی بەرپابکەن!. ئەرێ ئەوەبۆچی دووجزیرەی بچووك ئەگەر (چین) شەڕێکی عالەمی لەسەر بەرپابکات، ئەمە هەقە؟!. بەڵام ئەگەر کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەموویان بدرێنە دەست شای ئێران و دەست (قوام السلطنة) و بیانکوژن و بیانبڕن، نابێ دەنگبکرێ، چونکە نابێ شەڕی عالەمی لەسەر ئەو (شتە بچووکە!) هەڵبگیرسێنرێ، بەڵکوو ئەبێ بەرژەوەندیی کورد بکرێ بەقوربانی بەرژەوەندیی (ئوممەمیەت!). یان وەك (لنین)ی ماموستات ئەڵێ: ((دەربەستنیم ئەگەر لەسێبەش دوو بەشی جیهان لەناوبچن بەو مەرجەی شیوعیەتی سەرکەویت))!. چاوت لێیە ئەم قسەیە چۆن تك تك ئاشتی لێئەتکێ؟!.

یان بۆچی ئەو ئاشتیخوازانەی لەمەڕتۆ تاقە یەك پرۆتستو (احتجاج)یان ئەدا بەڕووسیا، کاتێ کەبەهێزی ئەرزی و ئاسمانیەوە خۆی هەڵقورتاندە مەسەلەی شۆڕشەکەی (مەجەر)!؟. ئێستا من نامەوێ بڵێم سروشتی شۆڕشەکەی مەجەڕ چۆن بووە، چونکە ئەم هەویرە زۆر ئاوئەکێشێ. بەڵام با بڵێین شۆڕشی مەجەڕ شۆڕشێکی کۆنەپەرستانە بووبێ (وەك ئێوە ئەڵێن) بەڵام دەوڵەتێکی بێگانە چ هەقی ئەوەی هەیە لووتی خۆی تێژەنێ؟ دوایی هەر ئەو (ئاشتیخوازانە!) نەبوون کەخۆیان بێدەنگ کرد لەو کوشتارو بڕییەی شیوعیەکان لە (کێرالا) کردیان؟! تەنانەت ئەوەبوو دڵی پیاوێکی وەك (نهرۆ)یان ئێشاندو وایان لێکرد کەزۆر بەتوندوتیژی لەبارەیانەوە بدوێت ئایا نهرۆ پیاوێکی خراپە؟ یان هندستان دەوڵەتێکی دیکتاتۆرییە؟. بێگومان تۆ بەدیکتاتۆری ئەزانیت و ئەهرۆش بەخراپ و کۆنەپەرست، چونکە هەرکەس وتی شیوعیەکان پێیان خواردناوە ئیتر ئەوە (کابەی کەچ کردوە!).

ئەمەش قەیناکات، ئەی خۆ شۆڕشی (تبت) هەمووی دوێنی بوو بەرپاکرا لەلایەن خەڵکی تبتەوەو ئەوەبوو (هندستان) زۆر بەلایەنی ئەو شۆڕشەی گرت و دڵی پێیان سووتاو هەتا ڕادەی پشتگیری لەگەڵیان ڕۆی. ئەی ئەوە بۆچی (کۆتربازەکان.. بڵێم،

ئاشتیخوازەکان )ی لەمەڕ ئێوە پروتستویەکیان ئەدا بە( چین )کەدەست لە( تبت )هەڵگریو بەئاگرو ئاسن ئەو شۆڕشە ئەکوژێنێتەوە؟.

ئەمانە چەند وێنەیەکی زۆر کەمن بۆ هەڵوەستەکانی( ئاشتیخوازانی! )ئێوە بەرامبەر شەڕو پشێویی جیهان. جائەگەر ئەوان دوژمنی شەڕن و پیاوی هیچ لایەك نین، پێویستە هەرلایەك شەڕی هەڵگیرسان، بەتاوانباری بژمێرن، ساهەرلایەکبێ. خۆ ئەگەر تەنیا لایەك تاوانباربکەن و نقەیان لێوەنەیە بۆلاکەیتر ئیتر چۆن من بەبێلایەنیان بزانم؟. کاکە حەمە سڵاوت لێئەکەم ئاشتیخوازی کۆتربازیو چەپلە ڕێزانی سەرشەقامەکان نییە.

ئاشتیخواز ئەوەیە لەسەر بەرەی بێلایەن بێو پشتگیری میللەتانی ژێردەستەبێ، چونکە هەتا میللەتێکی ژێردەستە بمێنێ لەم جیهانەدا، شەڕ هەرئەبێ.

دوایی من بۆیە ئەم قسانەئەکەم چونکە تۆ ئاشتیخوازان بەتاقمێکی تایبەتی دائەنێیت. بەڵام ئەبێ ئەوەبزانیت کەئاشتی ملکی باوکی کەس نییە. گەلی کوردو گەلی عەرەب و گەلی هیندو زۆربەی ئەندامانی هەموو گەلانی جیهان هەموو ئاشتیخوازن و لەچەند ناکەس بەچەیەك زیاتر کەسیان حەز لەوەناکەن بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بچن بەگژیەکدا. لەبەرئەوە کەس ڕایەی ئەوەی ناکەوێ بڵێ من ئاشتیخوازم و تۆ نەء. هەرکەسێکیش حەزی لەشیوعیەتی نەکرد، شەڕ خوازنیە، پاراستنی ئاشتی بەکردەوەی جوان و بەرزو تێکۆشانی بێوچان ئەچێتەسەر لە پێناوی بەهێزکردنی بەرەی بێلایەندا، ئاشتی پاراستن بەقسەی زل و کۆتر بەخێوکردن نابێ، بەڵکو ئەبێ ئەوە بهێنینە بەرچاومان کەهەریەکێ لەم دوو لەشکرگا گەورەیە خۆی بەڕاست ئەزانێو چەکیشی بەدەستەوەیە. لەبەرئەوە بەکۆترهەڵدان و چەپلەڕێزان و پشتگیریی لایەکیان ئاشتی ناپارێزرێ. مەترسی شەڕ کاتێك دوورئەکەوێتەوە کەبەرەیەکی بێلایەنی ئاشتیخوازی چەکداری بەهێز درووست ببێ، کەبڕوای بەبیروباوەڕی ئەتەوایەتی ببێ. ئەو حەلە ئەوبەرەیە وەك دیوار بوەستێ

لەنێوانی ئەم دوو لەشکرگا گەورەیەداو ئەیەڵێ بچن بەگژیەکدا.. تەنیا ئەوحەڵە ئاشتی ئەپارێزرێ، تەنیا ئەوبەرەیەشە کەبتوانێ بیپارێزێ.

دوای هەمووشتێك ئەتەوێ ماستاو بۆ شیوعیە عەرەبەکان ساردبکەیتەوەو بەدرۆ خۆت بەدۆستی عەرەب پیشان بدەیت؟. لەکاتێکدا کەعەرەبە ڕاستەقینەکان دۆستو دوژمنی خۆیان باش ئەناسن. ئەڵێیت:

(( گەلی عەرەب ئەو گەلەیە کەبەهەزارانی هاتەسەر جادەکان بۆ پێشوازیکردن لەتێکۆشەری کورد مصطفی بارزانی، ئەوگەلەیە کەبەهەزارانی لەبەسرە هاتنە پێشوازی ئەوخێزانە کوردانەی کەلەیەکێتی سۆڤیەت گەڕانەوە... گەلی عەرەب لەعێراقا هەمیشە داوای مافەکانی گەلی کوردی کردووەو پشتی خواستەکانی گرتووە ))

نەتەوەی عەرەب( وەك نەتەوە )نەك هەر ڕێزم هەیە بۆیانو بەس بەڵکو لەهەمووکانی دڵمەوە ئاواتەخوازم هەمیشە سەرکەوتووبنو بگەنە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیان. بەڵام عەرەبە ڕەگەزپەرستەکان کەهیچ مافێك بەکورد ڕەوانابیننو هەموو کوردێك بەناوی شیوعیەتەوە قەلاچۆ ئەکەن یان ئەو عەرەبانەی جنێو بەعەرەبایەتی خۆیان ئەدەنو گاڵتەیان بەهەمووجۆرە( نەتەوایەتی )یەك دێ – ئەمانە دوژمنی نەتەوەی کوردو هی عەرەبیشن – چونکە تاقمی یەکەمیان دوژمنو نەیار بۆ عەرەب پەیدائەکەن، تاقمی دووەمیشیان نەتەوەی عەرەب بەرەو هەزار بەهەزاری ئەهامەتی ئەبەن. لەبەرئەوە ئەم دوو تاقمە هەرچی ڕووپاماڵییەکم بۆبکەن بەهیچییان نازانم.

بەڵام تۆ کەئەڵێیت( گەلی عەرەب )ئەزانم تەنیا مەبەستت لە( شیوعیەکانە ) کەسەرەڕای ئەوەی باوەڕیان بەعەرەبایەتی خۆیان نیە( ئەگەر شیوعی ڕاستەقینەبن )، زۆریشیان لەبنەچەو ڕەچەڵەکدا عەرەب نینو بۆ قینەکێشان لەعەرەب بوونەتە شیوعی. جادیارە کەتۆ ئەوە ئەدەیتەوە بەچاوماندا کەشیوعیە عەرەبەکان چوون بەپیر مستەفا بارزانیو برا بارزانییەکانی ترەوە کاتێ لەڕووسیا

گەڕاونەتەوە. با پێت بڵێم ئەوان لەبەر ئەوەنەچوون بە پیریانەوە کەتاقمێ کوردی تێکۆشەری دەربەدەربوون و هاتبوونەوە نیشتمانەکەی خۆیان. نەخێر، تەنها لەبەرئەوە چوون بە پیریانەوە چونکە لەڕووسیاوە، واتا لەڕووگە (قیبلە)ی شیوعیەتەوە هاتبوونەوە. خۆ ئەگەر چەند جوولەکەیەکیش لەڕووسیاوە بهاتنایەوە، ئەوانە هەرئەچوون بە پیریانەوە. ئەی باشە خۆ (میکویان)کورد نەبوو بۆچی ئەوڕۆژەی گەیشتە بەغداد، لەبەر فڕگە (مطار)دا بەردار بەری فڕێ ئەدا[18]. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکیتریشەوە ئەوان پێیان وابوو پیاوێکی وەك بارزانی کە(١٣) ساڵێك لەڕووسیا ژیابێ دیارە بۆتە شیوعی یان هیچ نەبێ ئەتوانن (استغلالی)بکەن. دوایی ئەگەر ئەوان مەبەستیان استغلالکردنی بەرزانی نەبوو بۆچی پاش ئەوەی زانیان شیوعی نییەو لەگەڵیان ناچێتە جەواڵێکەوە، ڕوویان لێوەرگێڕاو دەستیانکرد بەهێرش بردنە سەری و قسەی ناشیرین کردن لەخزمەتیا. ئەگەر ئەڵێی وانیە، ئەوا یان ئەبێ من درۆبکەم یان تۆ، بەلام من تەنیا بەرەو ڕووی ئەو کوردانەت ئەکەمەوە کەلەبەرچاویاندا هەموو شتێکتان کردووەو لێیان ون نابێت.

[18] )سەیر ئەوەیە ئەوڕۆژە( وشکە مارکسیە کوردەکانیش! ) بەجلی کوردی و بەدروشمی کوردییەوە چووبوون بە پیریەوەو لەوناوەدا هەر ( هەڵنەقونان! )و سنگیان نەکوتاو ئەیانویست زیاتر لەشیوعیەکان کوورنووش بۆ ئەم( قارەمانە! )بەرن!!.

## کۆتایی

جاریَ ئەمەندە بەسە بۆ بەربەچدانەوەی ئامیلکەکەت ئەو ئامیلکەیەی پڕە لەژەهرو هێرش‌و ڕق‌و کینە، ئەو ئامیلکەیەی کەهەر لەبەرگەکەیەوە نیازی خراپ‌و ئاما نجی تۆی تیادەرئەکەویَ. بەڕاستی زۆرتر لەوە دلگرانم کەئەو ئامیلکەیە بە(ئەمر)پێیان نووسیتەوە.. چونکە پاش دەرچوونی کتێبی (کوردایەتی) کامیل ژیر، خۆت هاتیتە دووکانەکەی مامۆستا بەشیر موشیر لەبەغداد، بەڕێکەوت منیش دانیشتبووم لەویَ کەلەبەرچاوی من‌و کاك جەمال‌و کاك عەلی تۆفیق‌و یەکێکیتر پیرۆزبایت لەکامیل ژیر کردو کتێبەکەیت بەبەرهەمێکی زۆر باش دایە قەلەم. بەلام کەحیزبی شیوعی فەرمانی پێدایت، پاش ئەوەی زانی ئامیلکەی کوردایەتیَ چ شۆرشێکی بەرپاکردووە لەمێشکی لاوانی کوردا، ناچاربوویت دوومانگ دابنیشێت‌و نیخە نیخت بیَ بەدەست ئەوشەش پەڕەیەوە. بەڕاستی زۆر شورەییە پیاو دووڕوو بیَ‌و بەدستی خەلك قورمیش بکریَ.

ئەوی ڕاستیبیَ زۆرم حەزئەکرد بەڕوونکردنەوەیەکی زیاترو لەشێوەیەکی فراوانتردا ئەم بیروباوەرە چەوت‌و چەویلانەت شیبکەمەوەو زیاتر بییان زرێنم لەبەرچاوی خەلکی‌و قوولتر یەکالایان بکەمەوە.. بەلام لیم ببوورە جاریَ. چونکە ئەوپارەیەم نیە کەبتوانم ئامیلکەیەکی زۆرگەورەی پیَ چاپبکەم. من فەرمانبەرێکی بچووکم. وەك تۆ حیزبێکی گەورەم لە پشتەوەنیە کەهەر بەبار پارە ببەخشێتەوەو لیَی چاونەیەت. یان سیَ وچوار لاینوتایپی زلی لەبەردەستابیَ‌و ئەگەر مەسرەفی سەدان کتێب بکات لەمانگێکدا بەخەیالیانەیەت. جاوەك ئەوەم نیە وەختێکی ئەوتۆشم نیە کەبەم شتانەوە بیبەمەسەر لەبەر ئیشوکاری تر. چونکە وەنەبیَ وەك ئەوانەبم کەحیزب مووچەی بۆ بڕیونەتەوەو هەموو وەختیَ خۆیان تەرخانکردووە بۆ هێرش بردنەسەر خەلکی. هەروەها ناشتوانم کاروباری دائیرە بەجێبێلم‌و هەموو کاتی خۆم بەنووسینەوە بەرمە سەر. وەك ئەوانەی بەناو چوار پێنج ئیشیان گرتۆتە دەست لەحکومەتدا، کەچی هیچیشی بەباشی بەجیَ ناهێنن‌و

ئەشلێن خزمەتی گەل ئەکەین. لەبەرئەوە پێم ناکرێ لەهەموو سووچ و گۆشەیەکی فەلسەفەی کوردایەتی بدوێم و لەهەموولایەکەوە دوژمنەکانی ئەم بیروباوەڕ بەرزە بیگەردە پیرۆزە بۆگەل ڕۆشن بکەمەوە. بەڵام جارێ ئەمەندە بەسە بۆئەوەی بزانیت کەکوردی ئەمڕۆ کوردی دوێنێ نیە بچن ئەرزی بەگوریس بۆ بپێون و باوەڕبکات و پارەی لێبکێشنەوەو مل دا بخات و جنێو بەخاك و نەتەوەی بدەن و دەم کوت بێ. کوردی ئەمڕۆ لەڕێی کوردایەتیدا خۆی بەخت ئەکات و بەچاوێکی سووکەوە سەیری هەموو دوژمنێکی نەتەوەو نیشتمانەکەی ئەکات، ئیتر لەوباوەڕەدا مەبە کەڕووی ڕۆژ بەبێژنگ بگیرێت، ئەوەی ماڵیشی لەشووشەبێ ئەگەر تۆزێ هۆشی ببێ نابێ بەردەفڕکێ بکات و بەرد بگرێتە ماڵی خەڵکی، چونکە بەتاقەبەردێك ماڵەکەی خۆی دێتە خوارێ و ئەڕمێ و مایەی ئەبێتە مایەی پیازفرۆش.

ئیتر سەرکەوتن و بەختیاری بۆ نەتەوەی کوردی قارەمانی تێکۆشەری کۆڵنەدەری مەزن و مردنیش بۆ دوژمنەکانی بیروباوەڕی بەرزو پیرۆزو بێهاوتای کوردایەتی.

((تەواو))

**سەرنج:**

لەمانگی ٥/١٩٦٠دا، کامیل ژیر، نامیلکەی(( کوردایەتی: بیروباوەڕمانە. ئامانجی نزیك و دوورمانە ))ی خستە بازاڕەوە. جەمال نەبەز پێشەکییەکەی بۆ نووسیبوو ئەوی ڕاستیبێ ئەم نامیلکەیە شۆڕشێکی تازەی بەرپاکرد لەمێشکی خوێنەرەوە کورد پەروەرە خۆشەویستەکانداو، زۆر( بەرە )ی دوژمن بەنەتەوەی کوردو دوژمن بەبیروباوەڕی کوردایەتیشی پەست کردو کەوتنە هەڕەشەو گوڕەشەو لێوە کرۆژێ لەهەڵگرانی بیروباوەڕی کوردایەتی.

ماوەیەکی زۆر پیشیان خواردەوەو دەمارەکانی خۆیان گرژکرد.. تانامیلکەیەکیان لەسەر نامیلکەی ناوبراو دەرکرد لەم بەرگەدا.

**لێکۆڵینەوە**

**((کوردایەتی))ی کامل ژیر**

**لەژێر سێبەری یەکالاکردنەوەدا**

**نووسینی:**

**محمدی مەلا کریم**

**کورد ئەڵێ: ((شەڕەو یەخەت نەگرێ، ئەگەر نەیکەیت خوا نەتگرێ)). جا وامنیش هەستی کوردایەتی پاڵی پێوەنام و بە پێی توانای خۆم ئەم چەند لاپەڕەیەم نووسی لەوەڵامی نامیلکەکەی محمدی مەلا کریمدا هیواموایە کەڵکێکی ببێت**

**زەردەشت**

**مانگی٧/١٩٦٠**

برای خۆشەویست و ئازیزم کاک فوئاد

ڕۆژتان باش

دەستەکانت ئەگوشم، ئارەزوومەندی کامەرانی و

خۆشبەختیتم،

داوای لێبووردن ئەکەم کە درەنگ وەخت

بابەتەکەی گفتن داواتی بۆ سەرەتای کتێبە

نوێیەکەت بەشێوەی کورت و پوختەکەتانی بنووسم،

بۆم ناکرێت بینووسم و بۆتانی بنێرم،

هیوادارم وایە بە ئاگادارکردنی ئەم ڕۆژە کاتمانا بکا،

هیواشم وایە باشی دەرچووی کتێبەکە

بەدەستی دابێم بەهۆی کاک عومەرەوە

بۆ بنێری، بەڵام لەبەر ڕێگا هیچیان

لێ نەدەکەی. زیاتر سڵاوو ڕێزم بۆ کاک

کامیل و برادەرانی دیکەش هەیە و بە هیوای

گەڕانەوەی لایەنەکەی خۆت لە ژیانی گشتیمانا.

برات: [illegible]

٢٠١٣/١٤/٢٥

# پاش پتر له چل ساڵ..

## محمدی مەلاکەریم

ساڵی ١٩٦٠ کاك "کامیل ژیر" کۆمەڵە شیعرێکی خۆی لەژێر ناونیشانی "کوردایەتی" دا بڵاو کردەوە , لەهەندێ پارچەی ئەو کۆمەڵە شیعرەیا هەوڵی ئەوەی دابوو کوردایەتی بخاتە چوارچێوەی فەلسەفەیەکی لەبارەی بیر و ئابووری و سیاسەتەوە تەواوو , لەشێوەی بنەمای رژێمێکی حکومڕانیدا بۆ کوردستان, بیخاتە روو .

من , لەو سەردەمەدا – وەك ئێستاش – ( کوردایەتی ) م بە تێکۆشان و بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لێك ئەدایەوە کە مافی دیاری کردنی ئازادی چارەنووس , بە جیا بوونەوەیشەوە , لای سەرووی ئەو مافانە ئەگرێتەوە .بە تێگەیشتنی ئەم رۆژەم وای بۆ ئەچووم کاك کامیل ئەم فەلسەفە دارشتنەی بۆ کوردایەتی لەشوێن پێ هەڵگرتنی ئەو قسانەوە وەرگرتووە ئەو رۆژانە باو بوون کە ئەوە بوو نەتەوەچیەکانی عەرەب , بۆ بەرهەڵستی کردنی بیری چەپ و بەدناو کردنی بەبێ ئاینی , وایان لەقەڵەم ئەدا ( عورووبە و ئیسلام ) دووشتن لێك جوێ ناکرێنەوە .

لەبەر رووناکیی ئەم بیر و بۆچونەی خۆما وەڵامێکی نامیلکە شیعرەکەی کاك کامیلدا لەژێر ناونیشانی ( " کوردایەتی " ی کامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا ) نووسی ویستم لەگۆڤاری "هیوا" ی "یانەی سەرکەوتنی کوردان" دان, وەك وتارێك بڵاوی بکەمەوە . یانە ئەو سەردەمە , بەهاوبەشی لەلایەن هەردوو لایەن سیاسی گەورەی ئەو رۆژانەی کوردستان : حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پشگیری لێ ئەکرا و , دەستەی بەڕێوەبەری لەکەسانێکی سەر بە یەکێ لەم دوو لایەنە یا دۆستیان یا پەسەند کراویان پێکهاتبوو . هاوڕێی شەهید ( نافع یوونس ), کە سەر بنووسی بەرپرس و خاوەنی

ئیمتیازی ڕۆژنامەی (ئازادی) بوو منیش یەکێ بووم لە بنووسانی ئەو ڕۆژنامەیە، قایل نەبوو ئەو وتارەم بڵاو بکەمەوە و پێی وابوو هیچ پێویست ناکا ئێمە بچینە دەمەقاڵەیەکەوە لەگەڵ ئەو برادەرانەی وە ك کاك کامیل بیریان ئەکردەوە و، قسە ڕۆیشتویی خۆی لای برادەرانی بەرپرسی گۆڤاری " هیوا " بۆ ڕێ لێ گرتنی بڵاو کردنەوەی وتارەکەم لە گۆڤاری ناوبراودا, بەکارهێنا. بەلاَم من بۆ خۆم ئەمویست بەهەر جۆرێ بووە بلاَوی بکەمەوە . دۆستی ئازیزم کاك حافز مستەفا قازی پێی وتم : تۆ بڕۆ لەچاپی بدە و, ئەرکی چاپی لەسەر من. وتارم لەشێوەی نامیلکەیەکدا بە دائیرەی سانسۆر لە وەزارەتی ئیرشاد (ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ) . بەرپرسی ئەو ڕۆژەی سانسۆری کوردی , خوا لێخۆشبوو عەزیز خانەقا بوو , بۆی مۆر کردم, منیش وتارم لە نامیلکەیەکی یەك فۆڕمیدا لەچاپ دا . زۆری نەبرد بەرپەرچدانەوەیەکی نامیلکەکەم لەژێر ناونیشانی (ئەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم لەژێر زەبری چەکوشی کوردایەتی) دا بەناوی "زەردەشت" ناوێکەوە بڵاو کرایەوە کە ئەوکاتە من لام وابوو ڕەحمەتی ڕەفیق چالاکە و , تاپاش پتر لە دەساڵ کە لەلاپەڕەیەکی یەکێ لەکتێبەکانی مامۆستا جەمال نەبەزدا ناوی کتێبەکەی زەردەشتم , وەك یەکێك لە دانراوەکانی ئەو خوێندەوە و , ئەمزانی ئەم "زەردەشت"ە ئەوە .(*) لەو ڕۆژەوە تا ئێستا پتر لە چل ساڵ تێپەڕیوە . نازانم قسەی ئەستەقی کام گەلە ئەڵێ : "لەوکاتەوە تا ئێستا ئاوێکی زۆر بەژێر پردەکانا ڕۆیشتووە " .منیش ئێستا ئەم قسە ئەستەقە دووبارە دەکەمەوە و ئەڵێم : ئێستا و چل ساڵ لەمەوبەر لەزۆر شتا , کورد واتەنی ,مەگەر هەر خوایان یەکێ بێ . ئێستا من نازانم کاك کامیل و دکتۆر نەبەز , لە هەموو وردە بابەتەکانی ناو ئەو دوو کتێبەیانا هەروەك ئەوسا بیر ئەکەنەوە یا ئەگەر ئێستا بییان نووسیبان هەندێ

---

* ڕاستە نوسەری ڕەشنوسی نامیلکەکە , مامۆستا جەمال نەبەز بوو. دوایی سەرکردایەتی کاژێك تاووتوێی کرد و مامۆستا کامیل ژیربەشێوازی خۆی پاکنووسی کردەوەو بە چاپی گەیاند. بەوجۆرە بووە کارێکی بەکۆمەڵ , بۆیە بەناوی خوازراوی زەردەشتەوە چاپکرا – فوئاد سەڕاج

شتیان لێ ئەگۆڕین ؟ بەلاّم من ، کە ئامیلکەکەی خۆمم بەمەبەستی چاو پیاگێڕانەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ نووسینی ئەم چەند دێڕە بەدەستەوە گرت تەماشام کردەوە ، دیم لەبابەتە شەخسیەکانیا ئەبێ هەروەك ئەو سەردەمە بیر ئەکەمەوە و ، بەتاییەتی بەتەواوی لەگەڵ ئەو بنەمایەدا هاودەنگم کە ئامیلکەکەمی لەسەر دامەزرێنراوە کەئەوەتە ئەڵێ : " کوردایەتی لەسەر [ڕاستەکەی، وەك زەردەشتیش لەبەرپەرچنامەکەیا نووسیویە.. لەبەر] ڕووناکی زانست [دا] بریتییە لە تێکۆشان بۆ چارەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی [نەتەوەیی] ، بۆ ئەوە کە میللەتی کورد هەمو مافە نەتەوەییەکانی خۆی دەسگیر ببێ وە بە ئارەزووی خۆی سەرەنجامی خۆی دیاری بکا ، هەتاوەکو ، ئەگەر ویستیشی ، جوێ ببێتەوە لەو نەتەوانەی ئێستا لەگەڵیان ئەژی ، وە بە پێی سوودی خۆی ئەریتی کۆمەلاّیەتی خۆی هەڵبژێرێ ، وە ئەم کوردایەتییە لە ڕێگای خەباتی سەخت و بێوچانەوە بەرامبەر ئیستیعمار و کۆنە پەرستی – بەکۆنە پەرستانی کوردیشەوە – دێتەدی " .

لەو سەردەمەوە کە ئەو کۆمەڵە شیعرەی کاك کامیلی تیا بلاّو کراوەتەوەو ، من بەرپەرچی هەندێ لەبیرو بۆچونەکانی ناویم بە لەسەر نوسین داوەتەوەو ، مامۆستا زەردەشتیش بەرپەرچی منی داوەتەوە ، وەك وتم ماوەیەکی زۆر بەسەر چوە تائێستا چەند وەچەی نوێ لە لاوانی کورد پێگەیشتوون زۆریان ئاگایان لەهەموو یا لەبەشێکی ئەم بابەتە نییە کە کاك کامیل ومن و مامۆستا زەردەشت نوسیومانن و ، زۆریشیان تیایە تێکڕا وەك ئەوان یا وەك من بیر ئەکەنەوەو ، بۆ هەموو ئەوانە و بۆ کەسانی تریش ، بەتاییەتی لەم سەردەمەدا کە زۆر شت گۆڕاوە و زۆر شتی تریش لەگۆڕانایە ، شتێکی باش و پەسەندە ئاگایان لە چۆنیەتی بیروبۆچونی ڕۆڵەکانی وەچە پێشینەکان بێ .

لام وایە هەر لەم دیدگایەیشەوە بێ دۆستی ئازیز کاك فوئاد حەمەئەمین پێی ڕاگەیاندم نیازی وایە ئەو سێ بابەتەی کاك کامیل و من و مامۆستا زەردەشت ، سەرلەنوێ ، لەکتێبێکی یەك بەرگیدا کۆبکاتەوە و لەچاپیان بداتەوە و ، داوای

لێکردم منیش وەك ئەو دوو برادەرە بابەتێك بۆ پێشەکی ئەم کتێبە کۆن و نوێیە بنووسم و , منیش بە پێخۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی و بەڵێم بۆ کرد و , تەنها ئەوەندەم پێشنیهاد بۆ هەبوو کە تێکستی هەر سێ نامیلکەکە وەك یەکە مجاریان بێ و , بێ هیچ جۆرە دەسکارییەکی تەنانەت لەڕووی زمان و دارشتنیشەوە بلاو بکرێنەوە .

هیوام وایە ئەم کتێبە سێ بەشییە بەم نزیکانە لەیەك بەرگدا و بەشێوەیەکی جوان و شایان و بەتەواوی ئەمانەت و دەستپاکییەوە و بێ هەڵە و کەمو کوڕی بکەوێتە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیزی کورد , تا لە لایەکی کێشەو ململانێی پێشینەکانیان , کە تێکڕا دڵسۆزانە و بۆ سوودی دواڕۆژی گەشی کورد و کوردستان تێکۆشان و , ئاگادار و شارەزا بن و , ببێ بە مایەی بەرچاو ڕوونی بۆیان لە هەڵسوڕان و چالاکیی ئێستا و لەمەوپاشیاندا.

# پێشبینییەکانمان لە ئەزمونی نیو سەدەدا

## نووسینی:کامیل ژیر

ڕەسەنایەتی هەر دید و بۆچونێك و بیرو باوەڕێك , لەخستنە کارو هاتنە دیدا دەرئەکەوێ . هۆنراوەکانی دیوانی کوردایەتی و نامیلکەی ((کوردایەتی بزوتنەوە و بڕواو ڕژێمە ) لە ساڵی ١٩٦٠ دا بە کۆمەڵێك بیردۆزەو دید و بۆچوون و بیر و باوەڕی نوێوە هاتنە ئاراوە . نامیلکەکە, لەیەکەم لاپەڕەیدا نوسراوە ( ڕۆژی ڕەخشانی بیر و باوەڕی پیرۆزی کوردایەتی بە بێژنگی کون کونی لەدەرەوە هێنراو ناگیرێ ) . ئەم وتەیە هی ڕۆژانێکە کە نەك هەر بیروباوەڕی کوردایەتی , بەڵکو بوونی نەتەوەی کوردیش تێکڕا لە مەترسیدا بوو . جگە لەوەی کوردستان پێشتر پێنج کەرت کراو و داگیر کراو بوو, باشوری کوردستان بەرەنگاری دوو بیرو باوەڕی ترسناك بوو‌بووەوە . بیروباوەڕی شۆڤینیانی عەرەب و چەپی کورد .

مەترسی شۆڤێنیانی عەرەب لەوەدابوو کەلەناستی کوردا خۆیان وەك موسوڵمانیش پیشان ئەدا و وایان ڕائەگەیاند کە (لەبەرئەوەی هەردوولا موسوڵمانین و برای ئاینین , چارەنوسمان یەکە و ئەبێ هەر پێکەوە بژین ) بەمە گەلێ موسوڵمانی ساویلکەی کوردیان لەخشتە ئەبرد . لەهەمان کاتیشدا زۆر بە پەرۆشەوە داخوازی یەکێتی عەرەب بوون و ئەشیان وت عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب . چەپی کوردیش , بەتایبەتی کومونست , ئەگەر چی بەقسە لەو کەلی شەیتانە هاتبوونە خوارێ کەکورد (نەتەوە نیە ) و دانیان بەوەدا نابوو کورد مافی چارەنووسی خۆی هەیە , بەڵام بە کردەوە , لە عەرەبە شۆڤینیەکان پەرۆشتر بەتەنگ یەکێتی خاکی عیراق و برایەتی نابەرامبەری عەرەب و کوردەوە بوون .هەر کوردێك باسی یەکێتی کورد و یەکگرتنەوەی کوردستان و سەربەخۆیی بکردایە , بە جیاخواز و کۆنە پەرست و نۆکەری ئیمپریالیزمیان پیشان ئەدا . ئەم یەکێتی خاکی عیراق و برایەتییەیان لە مێشکی مرۆڤی بەشخوراوو زۆر لێکراوی کوردا وەها چەسپاندبوو, بە ڕۆشنبیر و نا ڕۆشنبیرەوە, ئێستاش چەپ و نیوەی چەپی کورد,

بەبادەی ئەو مەیە سرکەرە سەرخۆشن ولەو خەوی ئەگبەتیە بەخەبەر نەهاتوون و وەکوو توتی هەر ئەیلێن و ئەیلێنەوە !. بەمەش شۆڤینیانی عەرەب و چەپی کورد یەکیان گرتبووەوە .

ئا لەو ڕۆژە ڕەشانەدا هاوبیرانی کوردایەتی , لەگەڵ کەمیی ژمارەیاندا , بەرەو ڕووی ئەو بیرۆکە لەدەرەوە هێنراونە وەستانەوە و ڕۆژگاریش سەلماندی , ڕۆژی بیروباوەڕی کوردایەتی , بەبێژنگی لەدەرەوە هێنراو , بەری نەگیرا . بەڵکو ئەو بیر و باوەڕە بەردەوام لە گەشەسەندندایە وەك پێشبینی کرا .

هەر لەو ڕۆژانەدا و ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرانی کورد , بەوەوە شانازیان ئەکرد , کە بوونەتە ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عێراق . بەڵام نوسەرە نەتەوەییکانی کورد ئەوەیان ڕەتکردەوە , وەك لە لاپەڕە (٩)ی نامیلکەکەدا نووسراوە :" کاتێك بە کامیل ژیریان وت : تۆ بووی بەئەندام لەو یەکێتیەدا , ئەو ڕەفزی کرد چونکە وتی من لەو باوەڕەدام کە ئەبێ ڕێخراوێکی تایبەتی بۆ ئەدیبانی کوردستان هەبێ " ئەوەبوو دوایی ئەو ڕێکخراوە , پێکهات و یەکێتی نوسەرانی کوردمان دروست کرد .

"بیروباوەڕی کوردایەتی پێی وایە (کوردایەتی) شتێکە دەستکردی پلەیەکی مێژوویی تایبەتی نیە ,بەڵکو هەر لەو ڕۆژەوە کە کورد بووە , ئەمیش پەیدا بووە و ئێستەش هەیە و تا جیهانیش جیهان بێ هەر ئەمێنێ و هاندەری هەرە بنچینەیی هەموو جۆرە بزوتنەوەو پێشکەوتنێك ئەبێ لەژیانی نەتەوەکەماندا "

ئەوە ئەو وتانەیە کە لە لاپەڕە ١٣ و ١٤ ی نامیلکەکەدا نووسراوە . ئەوانە بیردۆزەی هاوبیرانی کوردایەتی بوون کەلەو ڕۆژانەدا دەریان بڕی .لەو ڕۆژانەشدا زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد, بە چەپ و نیوە چەپەوە , هەڵخەڵەتاوی بیردۆزەی هەرێتی مێژوو (ضحية التأريخ) بوون , بەڵام ئەك هەرێتی مێژوو نەهاتە دی , بەڵکو ئەو وڵاتانەش کە دەسخەرۆو گیرۆدەی ئەو بیردۆزەیە بوون , پاشەکشەیان لە کۆمۆنستی کرد , بەیەکێتی سۆڤێتیشەوە , ئێمە لەوەڵامی ئەوانەدا کە پێیان وابوو , کوردایەتی قۆناغێکە لە مێژوودا , وتمان :

نـــــــۆتەی سروودی ئەم سازە
هــــــەوا و سۆزی ئەم ئــــاوازە
هـــــــەتــــا بلێی دڵگیرە خۆش
دەمــــــاری لــــەش دێنێتە جۆش
ئــــــەڵی ی کردەم جێی داغ نیە
کــــــــــوردایەتیم قۆنــاغ نیە
ئــــــــــامانجێکەنەمر پیرۆز
مـــــەشخەڵێکە بۆ گـــــەل و هۆز
فــــــەلسەفە و بـــــــاوەڕ و بیرە
ڕێگـــــــــەی پیاوی دانا و ژیرە [1]

ئەمڕۆ وانیو سەدەیەك بەسەر ئەم دید و بۆچونانەدا تێپەڕی . سۆز و ئاوازی سرووی کوردایەتی هەتا ئەبێ خۆشتر و دڵگیرتر دێتە گوێ . ئنجا ئەمڕۆ بەکردەوەش ئەوە دەرکەوت و ئەوە چەسپا کە کوردایەتی و هەموو نەتەوایەتیشی لەگەڵ , قۆناغ نیە بەڵکو ڕاستییەکی هەمیشە زیندوو و هەمیشە ناوەڵی مرۆڤایەتییە .چاوگێڕانەوەیەك بەمێژوودا , ڕاستی ئەم قسەیەمان بۆ دەردەخات لەڕابردوودا کە چۆن بزوێنەری زۆربەی شەڕو کێشەکانی مێژوو , بزوێنەری نەتەوەیی بووە . لە نیوە سەدەی بیستەمی ڕابردووی نزیکماندا , بەڵگەیەکی تەواو سەلمێنەر بەدەست کەوت , ئەویش هەڵوەشاندنەوەی ئەو وڵاتە فرە نەتەوەییانە بوو کەڕژێمی نەتەوەگەلی ( الأممية ) ی تێدا فەرمانڕەوا بوو , وەك یەکێتی سۆڤیەت و یوگوسلافیا و چیکوسلوچاکیا . نەبوو , بپیێ ی بیردۆزەی چەپەکان , ئەم وڵاتانە کە لە قۆناغی سۆشیالیستدا بوون , نەتەوایەتییان بەجێهێشتایە , چونکە نەتەوایەتی بەپێ ی بیردۆزەکەی ئەوان, دیاردەیەکی سەرمایەدارییە . کەچی

---

[1] - ل ٤٤ دیوانی کوردایەتی کامیل ژیر.

پاڵپێوەنەری سەرەکی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکانی ئەو وڵاتانە , پاڵپێوەنەری نەتەوەییانە بوو . ئەمڕۆش کە باسی جیهانگیری ( عولمە ) لەئارادایە , نابینین هیچ کام لە نەتەوەکانی جیهان , وازیان لەنەتەوایەتی خۆیان یا بستەخاکێکی خۆیان هێنابێ .

( موشکیلەی چینایەتی لەڕێی بیروباوەڕە نەتەوەییەکانەوە نەبێ چار ناکرێ ) . ئەمە ڕستەیەکە لە ڕستەکانی لاپەڕە ( ٤١ ) ی نامیلکەکە ( کوردایەتی بزوتنەوە و بڕوا و ڕژێمە ) . ئەوەبوو هەر لەڕۆژگارەکانی سەدەی بیستەمدا کە ڕژێمی سۆشیالیستی کومونستانە فەرمانڕەوای ژمارەیەك لە وڵاتانی جیهان بوو , کێشەی چینایەتی تیا چارە نەکرا. ڕاستە سەرمایەدارەکانی پیش ئەو ڕژێمانە لە سەرمایەکانیان داماڵران , بەلاّم جۆرە سەرمایەدارێکی تر پەیدا بوو . سەرمایەداری پارتایەتی و سەرمایەداری دەوڵەت , چینە هەژار و چەوساوەکانیش هەر بە هەژاری و چەوساوەیی مانەوە . بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەگەر لەولاّتە سەرمایەدارەکاندا , هەلی ڕەخساو هەبێ بۆ ئەوەی خەڵکی لە هەژاری و نەبوونی و چەوساوەیەتی ڕزگار بن و هەڵگرێن , لە ولاّتە سۆشیالیستەکاندا ئەو هەلەش نەبوو. کەچی ئەبینین لەو ولاّتانەدا کە ڕژێمی سۆشیال – دیموکراتیان تیا فەرمانڕەوایە , تا ڕادەیەك کێشەی چینایەتییان تێدا چارەسەرکراوە . یا بە واتایەکی ڕوونتر بڵێن : بۆشای نێوان چینەکانیان تیێدا کەم کراوەتەوە و سەرمایەداری پارتایەتی و هی دەوڵەت لەو ولاّتانەدا , زۆر کەمترە لەوەی لەولاّتە سوشیالیستە کۆمۆنستەکان هەبوو . بەلای ئێمەشەوە , وەك لە لاپەڕە ( ٣٨ ) ی دیوانی کوردایەتییەکەماندا وتوومە : " خۆشەویستی کوردستان و کوردایەتی , تەنیا عاتیفەی ڕووت نیە , بەڵکو بەرەنجامی فەلسەفەی گۆڕان و پێویستی ژیانی کوردەواریشە , کوردستان خۆشەویستی نەتەوەی کوردە , چونکە نیشتمانیەتی و سەرچاوەی ژیانیەتی . کوردایەتیش بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانە و خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی . جا کوردێکی خاوەن بیر و باوەڕی کوردایەتی کە ئامادەبێ گیانی

خۆی لەم پێناوەدا بەخت بکات , واتا هۆگری هەموو کونجێکی کوردستانە و دڵسۆزی هەموو ئەندامێکی کوردە . بۆیە لای وایە هەموو کوردێك چوونیەك مافی ژیانی هەیە و نابێ کوردێك کوردێکی تر بچەوسێنێتەوە "(٢)

جێی خۆیەتی لێرەدا هێما بۆ ئەوە بکەم کە هێشتا لەهیچ وڵاتێکی جیهاندا ڕژێمێکی نەتەوەییانەی ڕاستەقینە , فەرمانڕەوا نەبووە , بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, بەکوردستانیشەوە, ئەگەرچی هەندێ لەو ڕژێمانە بۆیەی نەتەوایەتییان لەخۆیان داوە . ئەو پارت و تاك و کۆمەڵانەی فەرمانڕەوایەتییان گرتووەتە دەست و بەناوی نەتەوایەتییەوە فەرمانڕەوایەتی ئەکەن و نەتەوە , یاکەمینەکانی ژێر دەستیان , ئەچەوسێننەوە, یا نەتەوەکانیان توشی نوشستی ئەکەن , یا سامانی نەتەوەکانیان تاڵان ئەکەن , یا دادی کۆمەڵایەتی بەرپا ناکەن , یا ڕێز لە یاسا و مافی مرۆڤ ناگرن , یا هەوڵی ئەوە ئەدەن ڕەوڕەوەی مێژوو بگێڕنە دواوە ... ئەوانە نەتەوەیی نین .

ئێمە ئێستا بەشێکی لەم وتارەدا قسەمان لەسەر نامیلکەی ( کوردایەتی بزوتنەوە و بڕواو ڕژێمە ) بۆیە بە هەلی ئەزانم ڕونکردنەوەیەك بە خوێنەرەوەی بەڕێز ڕابگەیەنم : لە لاپەڕە (٥٣) ی نامیلکەکەدا هاتووە ئەڵێ " کامیل ژیر کە بەینێك شیوعی بوو و باوەڕی بە شیوعیەتی هەبوو ....هتد " . مەبەست لەم قسەیە ئەوەیە کە من بەینێك لە حیزبی شیوعیدا بووم و باوەڕم بەو حیزبە شیوعییە هەبووە , ئەگینا , وەك بیر و باوڕ , من هەرگیز شیوعی نەبووم . ئەمە ڕاستییەکە , نەك هەر بۆ من , بەڵکو بۆ ژمارەیەکی زۆرلەوانەی شوێن حیزبی شیوعی عیراقی کەوتبوون .من بەش بەخۆم , هێشتا تەمەنم ١٤ ساڵ بوو کە دووی ئەو حیزبە کەوتم , واتا ساڵی ١٩٤٨ . ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە مامەکانی زڕبرای باوکم , شیوعی بوون , بەتایبەتی سەی تەها , کە وتاربێژی شیوعیەکان

---

[2]- بڕوانە ك کوردایەتی بیرو باوەڕمانە , ناما نجی نزیك و دورمانە . چاپی ١٩٦٠ چاپخانەی بەجاح لە بەغدد .

بوو لە سلێمانی . منیش وەك چاولێکەری شوێن ئەوان کەوتبووم , بێ ئەوەی لەبارەی بیر و باوەڕەکەیانەوە شتێکی ئەوتۆ بزانم. ئەوان خەڵکیان بەوە چەواشە ئەکرد کە کێشەی نەتەوایەتی هەر لەڕێگەی ئەوان و بیردۆزەکەی ئەوانەوە چارەسەر ئەکرێ . ئەوکاتە سەرچاوەی ڕۆشنبیری ئێمە و مانان , بەزۆری هەر نووسراوەکانی ئەو حیزبە بوو . لەساڵی (١٩٥٢) ش بەدواوە تاساڵی ١٩٥٨ من بەزۆری بەڕێی بەندیخانەوە بووم و هەر چەپڵەیەك لە سلێمانی لێ بدرایە , من ئەگیرام . ماوەیەکیش لەزیندانی شوعەبیە گیرام . دوای ئەوەش نەفی کرام بۆ ئەبو غرێب . بەڵام ساڵی ١٩٥٨ کە چاپەمەنیەکی زۆر ڕژایە عیراقەوەو لە بیرو باوەڕەکە گەیشتم لەلایەکەوە , لەلایەکی تریشەوە کە کردەوەی شیوعیەکانم بە ئاشکرا بینی , ئیتر دەستبەجێ وازم لە حیزبی شیوعی هێنا . بەمەرجێك لەو کاتەدا هەر خەڵك بوو , خۆیان ئەکوتا بۆ ئەو حیزبە !!! .

یەکێکی تر لە پێشبینیەکانمان لەو نامیلکەیەدا , کاریگەرێتی ڕەخساندنی هەلی چونیەکە لەبەردەم هەموو ئەندامێکی کۆمەڵدا , ئەوەش بە ئازادی و بە ئابووری ئازاد ئەبێ دوور لە چەوساندنەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەی پارتایەتی و هی حکومەتی . ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کەئێمە ئەوسا لەو نامیلکەیەدا هێمامان بۆ کردووە و هەندێك خاڵمان خستۆتە سەر پیتەکان بۆی . دەئەم مەسەلەیە یان بڵێین ئەم دیدوبۆچونە , ڕۆژ لەدوای ڕۆژ , پەیڕەوکەرانی زیاتر ئەبێ و سەرکەوتنی دیار و بەرچاو بەدەست ئەخات . شیکردنەوە و لەسەر ڕۆیشتنی ئەم دیدووبۆچونە , زۆری ئەوێت لێرەدا ئەو ماوەیەمان نیە و تەنیا جارێ لەوبارەیەوە هەر ئەمەندە ئەڵێین .

ئەشێ لەلای ئەوەی ئەمڕۆ, ئەوە ئەزانراوبێ کەهۆنراوەکانی دیوانی (کوردایەتی) و نوسینەکانی ناو نامیلکەکەی زەردەشت, بانگێکی ئاشکرابوون بۆ سەرهەڵدانی بیرۆکەیەکی نوێ لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا. پێش ئەوە بە نزیکەی ساڵێك, سەرەتای ئەو بانگە, تەنیا لە نوسینە نهێنییەکانی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردیدا ئەدرا کە لە ڕێکخراوی کاژێك – کۆمەڵەی

ئازادی و ژیانەوەو یەکێتی کورد – داخۆی ئەنواند. کاژێك ئەگەرچی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی پارتیانە, هەموو تواناکانی لە پێناوی سەرکەوتنی شۆڕشی ئەیلولدا بەختکرد و دواجاریش هەر لەوپێناوەدا لەهاوینی ساڵی ١٩٧٤ دا چالاکیەکانی خۆی هەڵپسارد, بەڵام وەك قوتابخانەیەکی بیری نەتەوەیی, تائێستاش بەردەوامە و ژمارەیەك لە بیرۆکەکانی ئەو قوتابخانەیە لە چەندین ڕێکخراوی سیاسی و لەقسەی چەندین سیاسەتکاری کورد و لە نوسینی چەندین کوردا ڕەنگیانداوەتەوە. جگە لەوە, نە کاك محەمەدی مەلا کەریم و نە ئەو ڕێکخراوە سیاسیەی لە پشتی ئەوەوە بوو, نەیانتوانی بەبەڵگەی زانستییەوە بەرپەرچی دیدوبۆچونەکانی ئەو قوتابخانەیە بدەنەوە. زیاتر هەڵوێستی بێدەنگیان وەرگرت. کەئەشێ لەناخیاندا, ئەوانیش باوەڕیان بەو دیدوبۆچونانە هێنابێ. یا وەك بنەما یاساییە گشتیەکە دەڵێ : بێدەنگی لە ئاستی پێویستی ڕا پیشاندانەدا, قبوڵکردن ئەگەیەنێت (السكوت في معرض حاجة البيان, قبول)

دیدوبۆچونەکانمان لەماوەی نیوسەدەی ڕابوردوودا, گەلێ بابەت و لایەنیان گرتبووە خۆ. لەوانە بۆنموونە : ناوەڕۆکی هۆنراوەکان, وەڵامەکان بۆ نامیلکەکەی کاك محەمەد, وتەکانمان لەناو وتاری (مەحوی هەستیارێکی نەتەوەیی بوو) بەتایبەتی دەربارەی ئەوەی کە سوشیالیستی مادیانە سوشیالیستییەکی زانستیانەنیە.[٣]

ئەوەبوو بینیمان چۆن ئەم قسەیەمان هاتەدی بەوەی بلۆکەکانی ئەو سۆشالیستییە, یەك لەدوای یەك, هەرەسیانهێنا, چونکە بنچینەکەی بۆش و نازانستیانە بوو. دیارە هەرچیش لەسەر بۆش دروستکردی ئەویش هەر بۆشە.

---

[3] - بڕوانە وتاری ناوبراو. ل١٣٤-١٦٥ لە کتێبی (لەبارەی مەحوی لوتکەوە) چاپی ١٩٦٨.

ئەوەش دەرکەوت کە کۆمۆنستی نەك هەرێتی مێژوو بەخۆیەوە نابینێ, بەڵکو بۆ دواوە دەگەڕێتەوە بەرەو نەمان.[٤]

چاوگێڕانەوەیەك بە ئەدەبیاتەکانی کاژێك و نووسینەکانی نووسەرە کوردە نەتەوەییەکان, بەتایبەتی نووسینەکانی هاوبیری هێژا د.جەمال نەبەز, گەلێ پێشبینییان تێدا بەدی ئەکرێ کە زوربەیان هاتونەتەدی. بەتایبەتی وەستانمان دژی چەمکی برایەتی داگیرکەر و داگیر کراو. ڕووداوەکانی ئەنفال و هەڵوێستەکانی هەموو حکومەتە عێراقیەکان و هەڵوێستەکانی ئێستای سوننە و شیعە دژ بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان, بەڵگەی ڕاستی دید و بۆچوونەکانمان بوون لە بارەی ئەو برایەتییە درۆزنەیەوە کەکاژێك بەمجۆرە لێی ئەدوێ : (کاژێك باوەڕی بەو برایەتییە درۆزنەیە نیە کە لەڕێگەیەوە سامانەکانی کوردستان دەدزێت.. بۆیە هەموو دەسەلاتێکی ناکوردی بەسەر کوردستاندا, بە دەسەلاتێکی ناڕەوا دەزانین)[٥]

بەرامبەر قەوارە سیاسییەکەی عیراق, وتمان : نیشتمانپەروەرێتی ڕاستەقینە ئەوەیە ئەم عیراقە دەسکردە هەڵوەشێتەوە. عەرەب بۆ یەکخستنەوەی وڵاتە عەرەبیەکان و کورد بۆ یەکخستنەوەی پارچەکانی کوردستان تێبکۆشێ. بەپێچەوانەی ئەمەوە, ئایندەی سیاسی عیراق, لە خراپەوە بۆ خراپتر ئەچێ و دیموکراتی و فرەیەتی(التعددیە ) کێشە نەتەوەییەکان چارە ناکات. بەتایبەتی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا.

وتمان عیراقی دیموکراتی و فرەیەتی دوای سەدام, ئەبێتە گەرەلاوژەی عەرەب و کورد, شیعە و سوننە, نۆکەرانی ئێران و تورکیا و سوریا و سعودیە و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات و ملی سەدان و هەزاران نیشتمانپەروەر, ئەکەوێتە بەر شمشێری نۆکەران.

---

4 - بڕوانە وتاری (کێلگەی ڕەسەنی کوردایەتی کوردستانە} لەناو کتێبی (کوردایەتی بیر و بزاڤە - کامیل ژیر چاپی ٢٠٠٦ )

5 - بڕوانە نامیلکەی (کاژێکا نمە - پوختەی بیری کاژێك - بەندی ٤ )هەروەها بڕوانە نامیلکەی ( حقیقە کاژێك - ل٧ )

پێشەکیش هێمامان بۆ چارەسەرییەکان کردبوو[٦]. ئەوە تائێستا ئەوەی ئەوسا وەك شریتێکی سینەمایی وێنامان کردبوو, ئێستا بە زیندوێتی ئەیبینین.

وتمان کێشەی کورد و کێشەی کەرکوك بەهیچ جۆرە دەستورێکی عیراقی چارەسەر ناکرێ[٧]. ئەوەش هەڵەیە کەرکوك بە شاری برایەتی (التآخی) ناوبرێ[٨]. ئەوەش ئێستا کەرکوکی دەسەلآتی ئۆپۆزسیون و کەرکوکی سەرکۆمار و وەزیرانی کورد!!!.

وتمان ئەوە هەڵەیە ناوی کورد بهێنرێ بەوەی گەلی داگیرکەرەکەیەتی(التسمیة الکرد بشعب محتلیه) و وتمان (تصنیع کوردستان فی ظل أنظمة محتلیه) هەڵەیە. هەروەها (تسمیة الفدرالیة بحق تقریر المصیر)هەڵەیە. دیسان(الربط بین الحقوق القومیة والدیمقراطیة) هەڵەیەکی ترە[9]

وتمان : بەرامبەر شەڕی ناوخۆ و دزی و تەزویرو گەندەڵیەکان و ... هتد بەرەنگاری غەزەبی جەماوەرو ڕاپەڕینی تر ئەبنەوە[١٠].ئەوەبوو ڕاپەڕینەکانی گەرمیان و ئاکرێ و هەڵەبجە ڕوویاندا.

وتمان سەرکردایەتی کوردی لە ئاستی هەلی سەربەخۆییدا نیەو ئۆپۆزسیونی عیراقی حوکمیش بگرنە دەست, مافەکانی کورد پێشێل دەکەن[١١].ئەوەبوو چەند جار ئەو هەلە لەدەسدرا. ئۆپۆزسیونیش دەسەلآتی گرتە دەست. سەرکۆمار و هەندێ وەزیریش کوردن. کەچی مافەکا نمان هەر پێشێلن.

---

6 - بڕوانە: کامیل ژیر– ولی کلمە حول الکیان العراقی و تقریر مصیر امتنا - صحیفە الأتحاد. ژمارە ٢١٤ فی ١٩٩٧/٤/٢٦. وکتاب(أفکار)٢٠٠٢ ص ٦.

7 - بڕوانە : کامیل ژیر – مؤخرات قومیة و قانونیة فی دستور غسان العطیة – کتاب(أفکار) ٢٠٠٢ ص ٣٠. و صحیفة الأتحاد ژمارە : ٣٢٧ بەرواری ١٩٩٩/٩/٢٤.

8 - بڕوانە : کامیل ژیر – مفاهیم خاطئة. صحیفة رایة الحریة العدد ٢٣ فی ٢٠٠٢/٤/١٠ وکتاب (أفکار) ٢٠٠٤ ص ١١٠.

9 - بڕوانە (افکار) ص ٩٠ .

10 - بڕوانە کامیل ژیر و ئەندامەکانی لیژنەی تری کۆششی نەتەوەیی – ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە ٢٦٩٤ بەرواری ١٩٩٥/١/٢٢ ل٤ و کتێبی پەرلەمانی شەهید ل ٢٨٣

11 - بڕوانە کامیل ژیر – کتێبی کوردایەتی و دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ – چاپی سوید ١٩٩٤ .

ئەوانە مشتێك بوون لە خەروارێك كە زۆر بەكورتی و بە خێرای هێمامان بۆ كردن, جێی خۆیەتی لێرەدا هێمایەكیش بۆ ئەوە بكەین كە ئەو نەتەوایەتییەی ئێمە بانگمان بۆ داوە, ئەو جۆرە نەتەوایەتییە نیە كە ئێستا هەندێ حیزبی كوردی خۆیانی پێ ئاوزەد دەكەن, یا دەلكێنرێ پێیانەوە. نەتەوایەتی ڕاستەقینە كە كورد بە كوردایەتی ناوی ئەبا, باوەڕەو و ئامانجێكە كە دوورە لە سازش (مساومة) و بەرژەوەندی تایبەت و گەندەڵی و نۆكەرایەتی.

لە كۆتایدا ڕێزو سوپاسم بۆ مامۆستا فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج – خاوەنی بیرۆكەی بەرهەمهێنانی ئەم پرۆژەیە, ڕێز و سوپاسم بۆ كاك محەمەدی مەلا كەریم بەڕێز بیرمەندی كورد مامۆستا د.جەمال نەبەز كەبەدەنگ پرۆژەكەوە هاتووە و ڕێگای داوە بۆ چاپكردنەوەی ئەم بەرهەمە كەلەژێر ناوی( زەردەشت ) دا بلاوكرابۆوە بۆئەمرۆش تیشكێكی نوێ دەخاتەوە سەر خەرمانەی بیری نەتەوایەتیمان داواكارم لەلایەرپەكی نوێ لەژیانی گشتمان.....

**كامیل ژیر**

**٢٠٠٦**

## تێبینی:

بەدوای بەدیهێنانی خەونی ئەم پرۆژەیە بەدەنگ هاتنی ئەم نووسەرە بەڕێزانە بۆ ئامادەبوون و بەشدارییان لەم پرۆژەیەدا گەورەیی و سەروەرییان پێ بەخشیم، یەکێ لەئاواتەکانیشم ئەوەبوو مامۆستای بیرمەندی نەتەوەیی ( د. جەمال نەبەز ) بەم کارەم رازی ببێت ڕێگای لەچاپ دانەوەی بەرهەمەکەیم پێبدات، ئەوەش لەڕێگای هاوبیری هێژا ( ماموستا کامیل ژیرە )وە کە پەیوەندی پێوەکرابوو یان بەهۆی یەکتری بینینیانەوە لە لەندەن لەکۆنگرەی نیشتمانی لەهاوینی ساڵی پاردا بەمەش یەکێ لەهەرە خواستەکانم هاتەدی کەبۆ خزمەتی بزوتنەوەو بزافی نەتەوەییمانە کەتیشکێکی نوێ و ڕەوشێکی باش لەمێژووی کۆن و نوێمان لەبیری نەتەوەیی و گۆڕەپانی کوردایەتی بۆنەوەی نوێمان دەخاتەڕوو دەبێتە قوتابخانەی هزرو داهێنان بەسودو بەکەڵك وەرگرتن لەکەژی ئازادی و دیموکراتیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەبازنەی ئەو جیهانگیرییەی ئەمڕۆدا بەمەرگ و کۆتابوونی هێزە تۆتالیتارەکان و فاشیەکانی سەر رووی زەمین. شانازییە بۆ هەموو نەتەوەییەکان کەلەروانگەی پێشبینینیەکانیانەوە راستیەکانیان بەهەقیقەت دا تائێمەش بەووشیاری و وورياییەوە لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا بجولێینەوە نەك لەخەوی خەیاڵ و غەفڵەتدا بخەڵەتێین بەودروشمانە باوەڕنەکەین کەزیاتر لەسۆزمان ئەدات و دیدو بۆچوونەکانمان لێ زەوت دەکات.

بۆیە هەر لەم ئاستە نیگایەمەوە جارێکیکە سوپاس و ڕێزم بۆ هەر سێ نووسەرو ڕێزدار هەیە کەبوونە سەرخستنی ئەم هیوایەم لەم پرۆژەیەدا بۆ بەرژەوەندی بزافی نەتەوەییمان.

هەربژین بۆ کورد

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

# ناوەڕۆك


| ل | بابەتەکان |
| --- | --- |
| ٤ | کوردایەتی لەنێوان دوێنیو ئەمڕۆدا * فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج. |
| ٧ | پڕۆژەیەك بۆ گفتوگۆ * فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج. |
| ١٥ | کوردایەتی ـ کامیل ژیر ـ ١٩٦٠. |
| ١٦ | کوردایەتی بیروباوەڕمانە، ئامانجی نزیكو دوورمانە. |
| ١٨ | چەند وشەیەك * جەمال نەبەز. |
| ٣٢ | زەنگ. |
| ٣٥ | کاروانو نەورۆز. |
| ٣٧ | لەجەژنا. |
| ٣٨ | نەورۆزو کورد. |
| ٤٠ | گۆرانی جەژن. |
| ٤٢ | ئاسۆی هیوا. |
| ٤٣ | کوردستانی من. |
| ٤٥ | ئامانجی من. |
| ٤٦ | کوردایەتی. |
| ٥٠ | سروودی لاوان. |
| ٥٣ | عەولەسیی قارەمان. |
| ٥٧ | چەپکێ گوڵ. |
| ٦٥ | تۆ ئازادیت ئەی برای کورد. |
| ٦٩ | ئاشتی پەروەرین. |
| ٧١ | ((کوردایەتی)) کامیل ژیر لەژێر ئەشتەری یەکالاکردنەوەدا/ نووسینی محەمەدی مەلا کەریم ١٩٦٠. |

| | |
|---|---|
| ٧٢ | ((كوردايەتی)) كامیل ژیر لەژێر نەشتەری یەكالاكردنەوەدا/ نووسینی محەمەدی مەلا كەریم (كوردایەتی كۆمەڵە هەڵبەستێكی نوێی كامیل ژیرە لە (٧٤) لاپەڕەی بچووكدا) (جەمال نەبەز پێشەكی بۆ نووسیوە). |
| ٨٣ | كوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمەمە/ نەشتەرە كولەكەی حەمەی مەلا كەریم لەژێر زەبری فەلسەفەی كوردایەتیدا/ نووسینی زەردەشت ١٩٦٠. |
| ٨٤ | كوردایەتی بزوتنەوەو بڕواو رژێمە/ نووسینی زەردەشت ١٩٦٠. |
| ٨٥ | رۆژی رەخشانی بیروباوەڕی پیرۆزی كوردایەتی بەبێژەنگی كون كونی لەدەرەوە هێنراو بەری ناگیرێ/ نووسەر. |
| ٨٦ | كوردایەتی/ نووسینی د. جەمال نەبەز ( زەردەشت ) |
| ٩٠ | كوردایەتی بڕوامانە. |
| ٩٩ | كوردایەتی لەجەرگەی كوردستانەوە هەڵقوڵاوە. |
| ١٠٢ | خواپەرستی كۆنە پەرستی نییە. |
| ١٠٦ | كوردایەتی تەنیا زمان و رەگەز نییە. |
| ١٠٩ | كوردایەتی بووەو هەیەو هەرنەمێنێ. |
| ١١٢ | زانست لاریی لەبوونی خوانییە. |
| ١١٨ | كۆماری كوردستان بەگورگان خواردوو درا. |
| ١٢١ | كوردایەتی رژێمی چونیەكییە. |
| ١٣٠ | كوردایەتی رێزی كەمە نەتەوەییەكان ئەگرێ. |
| ١٣٢ | كوردایەتی قۆناغ نییە. |
| ١٣٦ | كوردایەتی بێهاوتایە. |
| ١٣٨ | كوردایەتی ئاشتی خوازییە. |
| ١٤٩ | كۆتایی. |
| ١٥١ | سەرنج. |

| | |
|---|---|
| ١٥٢ | لێکۆڵینــــەوە ((کوردایــــەتی)) ی کامیـــل ژیـــر لــــەژێر سـێبەری یەکالاکردنەوەدا/ نووسینی حەمەی مەلا کەریم ١٩٦٠. |
| ١٥٣ | نامەکەی حەمەی مەلا کەریم بۆ فوئاد سەڕاج ٢٠٠٣. |
| ١٥٤ | پاش پتر لەچل ساڵ/ نووسینی حەمەی مەلا کەریم. |
| ١٥٨ | پێشبینیەکانمان لەئەزموونی نیو سەدەدا/ نووسینی کامیل ژیر |
| ١٦٨ | تێبینی/ نووسینی فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج |
| ١٦٩ | ناوەڕۆك |


٢٧٠٦ك -٢٠٠٦ ز

لە(چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ئامادەکار فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج)

## بەشداربووانی پرۆژەکە :

- أ - کوردایەتی لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا
ب - پرۆژەیەك بۆ گفتوگۆ
نووسینی/فوئاد محەمەد ئەمین سەڕاج

- پاش پتر لە چل ساڵ
نووسینی/ محەمەدی مەلا کەریم

- پێشبینیەکانمان لە ئەزموونی نیو سەدەدا
نووسینی / کامیل ژیر

- کوردایەتی... نووسینی/کامیل ژیر ١٩٦٠ز

- کوردایەتی... لەژێر نەشتەری یەکالاکردنەوەدا
نووسینی/ محەمەدی مەلا کەریم ١٩٦٠ز

- کوردایەتی... بزوتنەوە و بڕوا و ڕژێمە
نەشتەرە کولەکەی حەمەی مەلا کەریم
لـــەژێر زەبری فەلسەفەی کوردایەتیدا
نووسینی/ زەردەشت ١٩٦٠ز

لە چاپەمەنیەکانی بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی